
خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5729) یەک شەممە 14ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



بارزان.. بە سەدان کەس لە چین و تویژە جیاجیاکانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد



سەردانی چین و تویژەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە، لە درێژەی ئەو سەردانانەی چین و تویژەکان، بە سەدان کەس بۆ نوێکردنەوەی سۆز و پەیمان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانی سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد.
(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل6-7 بخوێنەوە)

پەیامی نێچیرڤان بارزانی لە یادی ئەنفالدا:

نابێت قوربانیانی ئەنفال و کەسوکاریان لەبیر بکەین

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە یادی ئەنفالدا پەیامێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: وا جارێکی تر دوای زیاتر لە 30ساڵ یادی قوربانیان و کەسوکاری شالاوی دڕندەی ئەنفال دەکەینەوە. ئەو شالاوەی هیچ سنوورێکی نەدەناسی، ئافرەت، پیاو، منداڵ و بەسالاچوو، گرنگ لەناوبردنی ژیان بوو لە گوند و شارۆچکە و شارەکانی ئەم بەشەی کوردستان. **(دەقەکەی لە ل2 بخوێنەوە)**

بە ئامادەبوونی وەفدی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەند و کونسوڵگەریی چەند وڵاتێک

ئەمڕۆ مەراسیمی ساڵیادی تاوانی ئەنفال بەڕێوەدەچێت

خەبات- سەبریە یوسف: بڕیارە ئەمڕۆ مەراسیمی سەرەکی ساڵیادی تاوانی تاوانی ئەنفال، لەمەزاری ئەنفالکراوان لە گوندی دێبەنەی نەزاری ئەنفالکراوان لە سنووری شارەدێی ڕزگاریی سەر بە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بەڕێوەبچێت.

لەوبارەوە، بێستون ژاڵەیی، وتەبێژی مەراسیمی 31 ساڵەی تاوانی نەگریسی ئەنفال، بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: مەراسیمی سەرەکی یادی 31 ساڵەی تاوانی ئەنفال لەگوندی دێبەنەی مەزاری ئەنفالکراوان لە سنوری شارەدێی ڕزگاری سەر بە شارۆچکەی کەلار بەڕێوەدەچێ. وتیشی: وەفدی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند و کۆنسوڵگەری چەند وڵاتێک بەشداردەبن. وتەبێژی مەراسیمی تاوانی ئەنفال، ئەوەشی خستەروو: وابڕیارە چالاکییەکانی ئەمساڵ هەفتەیەک بخایەنێت.

ڕووفاتی زیندەبەچاڵکراوانی سەماوە بۆ کوردستان دەگەڕێنێنەوە

بەڕێڤان حەمدی، بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕایگەیاند: پارێزگاری موسەننا لەسەر ڕاسپاردە و داواکاری سەرۆک بارزانی کاری لەسەر دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوانی کورد لە بیابانەکانی ئەو پارێزگایە کردووە. ڕاشیگەیاند: دوای تەواوبوونی ڕێکارە یاساییەکان ڕووفاتی ئەنفالکراوان دەگەڕێندرێتەوە خاکی کوردستان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

کارکردن لە 90 لە سەدی پڕۆژە وەستاوەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووەتەوە

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

واشنتۆن پاڵپشتی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدایە لەسەر کەرکووک

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



مەراسیمی یادکردنەوەی 28 ساڵەی داستانی کۆڕێ بەڕێوەچوو

لە کۆڕێ مەراسیمی یادکردنەوەی 28 ساڵەی داستانی مەزنی کۆڕێ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی حکومی و حزبی و هێزەکانی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدانی داستانی کۆڕێ، هەروەها نوێنەرانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، هەروەها بەشێک لە بەشداربووانی داستانەکە بەشداربوون، بەڕێوەچوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەفین دزەیی: حکوومەتی داهاتوو تەواوکەری حکوومەتی ئێستا دەبێت

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ مالپەڕی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی، باسی لە چۆنیەتی ئیدارەکردنی ئەو تەحەددا سیاسی و ئابووریی سەختانە کرد کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی حکوومەت و گەلی هەرێمی کوردستان ببوونەوە. **(بەشێکی دیمانەکە لە ل4-5 بخوێنەوە)**

یەکەی 70 و 80ی پێشمەرگە دەبنە هێزی یەکگرتووی کوردستان

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند: لە پڕۆژەی چاکسازیدا پێنج خاڵ جێبەجێکراون و 13 خاڵی دیکەش لە جێبەجێکردندان. دەشڵێت، هێزی پێشمەرگە دەکرێتە هێزێکی نیشتمانی بە سیستەمی نێودەوڵەتی و ئەوکات پێشمەرگە دەبێتە یەک هێزی یەکگرتووی کوردستان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

گۆڕی بە کۆمەڵ و ئەنفال و بەغدا

سەلام عەبدوڵلا

ئەمڕۆ 14/4کە یادی کارەساتی بەدناوی ئەنفالە جارێکی تر ڕووی دەمان دەکەینەوە حکوومەت و پەرلەمانی بەغدا.
هەموو بە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس چاوەڕێی ئەوە بووین کە دامەزراندنی حکوومەتی نوێی عێراق، هەموو ئەو بڕیارە چەوت و شۆڤێنیانەی ڕژێمی پێشوو کە دەرهەق گەلی کورد بە ناوی (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش) دەرکرابوون و بەو پێیەش سەدان هەزار کورد لە شوێنی باو و باپیرانی خۆیان بەزەبری هێز دەرکرابوون هەڵبوەشێنێتەوە و هاوکات قەرەبووی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال بکاتەوە و بە فەرمی داوای لێبوردن و پەشیمانی لەو تاوانە گەورەیە بکات.
کەچی وا شانزە ساڵ تێدەپەڕێت و حکوومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی لەو بارەیەوە نەناوە.
ئەوەتا هەر لەم هەفتەیەدا گۆڕێکی تری بە کۆمەڵ لە پارێزگای (میسان) دۆزراوەتەوە کە سەرجەمیان کوردن و ژۆربەشیان ژن و منداڵ و جلی کوردیان شاهیدحاڵی ئەو تاوانە گەورەیەیە، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەت و پەرلەمانی بەغدا کڕوکپ بەرامبەر ئەو تاوانە حاشاهەڵنەگرە دانیشتوون و هیچ هەڵوێستێک بەرامبەری وەرناگرن کە مایەی پرسیار و سەرسوڕمانی هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە.
گەر حکوومەت و پەرلەمانەکەی بەغدا پاساوی ئەوە بهێننەوە کە ڕژێمی ئێستای عێراق، بەو تاوانە هەڵنەستاوە، ئەوە پاساوێکی زۆری بێ بایەخ و نامرۆڤانە و بێ ویژدانانەیە.
ئەڵمانیا کە لە ئەنجامی تاوانەکانی (هیتلەر) دەرهەق بە جووەکان کرابوو، هەر بە دەستبەکاربوونی یەکسەر داوای لێبوردن و قەرەبووی قوربانیانی ئەو تاوانە قێزەونەی دایەوە و سەدان ملیۆن دۆلاری سالانە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد و بە هەزاران کتێب و بەڵگەی لەسەر ئەو تاوانە بڵاوکردەوە و پاساوی ئەوەیان نەهێنایەوە کە ئەوان ئەو تاوانە ئەنجامنەداوە، وەک ئەوەی ئەمڕۆ کار بە دەستانی عێراق و پەرلەمانەکەی بانگەشەی بە ناهەق بۆ دەکەن.
ئێستاکاتی ئەوە هاتووە کە حکوومەتەکەی (عادل عەبدولمەهدی) کە خۆی وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی ئەو سەردەمە، ئاگاداری ئەو تاوانە گەورەیەیە، پێویستە لەوە زیاتر ئەم مەسەلەیە دوا نەخات و هەنگاوی گورج و خێرا لە ڕێی حکوومەت و پەرلەمانەوە بنێت بۆ قەرەبووی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و ئەنفال بکاتەوە و بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، بەمەش لاپەڕەیەکی نوێ بەرامبەر گەلەکەمان هەڵدەداتەوە.
لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە حکوومەتی عێراق دەبێ قەرەبووی برا ئێزیدییەکانمان بکاتەوە، چونکە ئەو تاوانە داعش لەنێو خاکی عێراقدا ئەنجامی داوە.

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی شارەوانیی پاریس دەکات

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان شانازی بە کولتووری پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن دەکات

ئان هیدالگۆ: دەخوازین پەیوەندیی باشمان لەگەڵ هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان هەبێت



دوێنێ شەمە 2019/4/13 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو ئان هیدالگۆ سەرۆکی شارەوانیی پاریس و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا خاتوو هیدالگۆ جیا لە دەربڕینی خۆشحاڵیی بە سەردانی هەرێمی کوردستان، باسی لە بەرنامەی سەردانەکەی کرد کە دەخوازن پەیوەندیی باشیان لەگەڵ پارێزگای هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا هەبێت و لە بوارەکانی وزەی پاک، کولتوور، گواستنەوە و گەیاندن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکاندا هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن، هەروەها سوپاسی حکوومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پێشوازییان لە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران و بەرگریی پێشمەرگە لە ئاسایشی هەموو جیهان و بەها جیهانییە هاوبەشەکانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتی و تەبایی و هیوای پێشکەوتنی زیاتری بۆ هەرێمی کوردستان خواست.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وێڕای بەگەرمی بەخێرهێنانی خاتوو هیدالگۆ، سوپاسی فەرەنسا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە لە شەڕی داعشدا هاوکاریی هەرێمی کوردستانیان کرد، چونکە بێ ئەو هاوکارییە سەرکەوتن بەدەست نەدەهات و لەناوبردنی فکری داعشی بە پێویستیی ئەم قۆناغە زانی، هەروەها سوپاسی سەرۆک ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسای کرد کە دوای ڕووداو و کێشەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 لە ڕووی سیاسییەوە پشتگیریی هەرێمی کوردستانی کرد و دەرگا سیاسییەکانی بەسەر هەرێمدا کردەوە و ئەمەش بووە هۆی چارەسەرکردنی بەشێکی کێشەکان لەگەڵ عێراق و هەروەها سوپاسی فەرەنسا و پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

هەروەها سوپاسی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کرد بۆ ئەو هاوکارییەی لە شەڕی داعش پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگەی کرد.

بەڕێزیان جەختی لەوەش کردەوە کە هەرێمی کوردستان شانازی بە کولتووری پێکەوەژیان، ئاشتی، یەکترقبووڵکردن و لێبووردەیی دەکات و خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک ئەم کولتوورە دەپارێزن و لەمبارەیەشەوە ئاماژەی بە کردنەوەی کەنیسەیەکی ئەرمەنەکان کرد کە هەفتەی ڕابردوو لە هەولێر کرایەوە.

بەڕێزیان ڕوونی کردەوە کە دوای سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا و باشبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و باشتربوونی دۆخی ژیان و ئابووری لە هەرێمی کوردستان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەسەر بابەتی وەک وزەی پاک و پاراستنی ژینگە و فراوانکردنی زیاتری کولتووری پێکەوەژیان کار بکەین و سوپاسی فەرەنسای کرد کە لەم بوارانەدا هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەک سوپاسی کردن بۆ گرنگیدانیان بە قوتابخانە و ئاوارە و پەنابەران.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە و چەند بابەتێکی دیکە، بەشێکی دیکەی دیدارەکە بوون.

پەیامی نێچیرڤان بارزانی لە یادی ئەنفالدا:

نابێت قوربانیانی ئەنفال و کەسوکاریان لەبیر بکەین

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە یادی ئەنفالدا پەیامێکی بڵاوکردەوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

وا جارێکی تر دوای زیاتر لە 30ساڵ یادی قوربانیان و کەسوکاری شالاوی دڕندەی ئەنفال دەکەینەوە. ئەو شالاوەی هیچ سنوورێکی نەدەناسی، ئافرەت، پیاو، منداڵ و بەساڵاچوو، گرنگ لەناوبردنی ژیان بوو لە گوند و شارۆچکە و شارەکانی ئەم بەشەی کوردستان.

سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس بەرامبەر میللەتەکەمان جگە لە وێرانکاری و تۆقاندن و سەپاندنی دەسەلاتی دیکتاتۆرییەتی دەوڵەتی عێراق، ژیانی زیاتر لە 180هەزار کەسی بە چەکی قورس و گازی کوشندە و کیمیابارانی ئاسمانیی کوردستان، بەکۆتا هێنا.

ئێمە وەک میللەتێک دەبێت بە ئەرکی خۆمان بزانین کە نەک تەنها یادی قوربانیانی ئەنفالکراو بکەینەوە، بەڵکو هاوکاریی تەواوی کەسوکاریان و ئاوەدانکردنەوەی زێد و باشترکردنی هەلومەرجی ژیانیشیان، لە ئەستۆی ئێمەدایە.

سەرباری هەموو ئالۆزی و سەختییەکی سیاسیی ولات، سارێژکردنی بریندی ئەنفال و قەرەبووکردنەویان، دەبێت کاری سەرەکیی دەوڵەت و حکوومەتی عێراق بێت، ئەمە بەرپرسییەکی ئەخلاقی و میژوویییە.

بۆ ڕێگری لە هەر هێرشێکی هاوشێوەی ئەنفال لە داهاتوودا دژی گەلەکەمان جا لەژێر دروشمی نەژادپەرستی، نەتەوایەتی، ئایینی یان ئایدیۆلۆژیی سیاسیدا بێت، ئێمە نابێت قوربانیانی ئەنفال و کەسوکاریان لەبیر بکەین. با ئەمڕۆ، سبەینێ و هەموو ڕۆژێک یادیان بکەینەوە.

نێچیرڤان بارزانی
14/4/2019

بەرپرسێکی ئەمەریکی: واشنتۆن پاڵپشتی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدایە لەسەر کەرکووک

خەبات- بڕیار کۆیی:

بەرپرسێکی باڵێۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا دەڵێ: واشنتۆن پاڵپشتیی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدایە، هەروەها ئاماژەش بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات. لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا جۆی هوود هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی باڵێۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕایگەیاند: واشنتۆن پاڵپشتی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدایە لەسەر کەرکووک، هەروەها بۆ پاراستنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئامادەین چەکیشیان پێببەدین.

هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی باڵێۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق ڕووی قسەکانی لە هەندێک لە هێزە عێراقییەکان کرد و گوتی: پێویستە لەنێوان ئەمەریکا و سوپای پاسداران یەکیان هەڵبژێرن، چونکە ناکرێت هاوڕێی هەردووکمان بن. گوتیشی: ئەوەی کە لە چەند مانگی ڕابردوو لە نێوان هەولێر و بەغدا بەدەستهاتووە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوو بەدەست نەهاتووە.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان کرد

دەمانەوێت پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرەنسا زیاتر بەرەوپێش بچن

کونسوڵی فەرەنسا: پەیوەندیی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە گرنگە و پەرەی پێدەدەین



ڕۆژی پێنجشەمە 11ی نیسانی 2019 د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی کرد لە دۆمنیک ماس، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری.

لە دیدارێکدا دۆمنیک ماس، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لە سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، خۆشحاڵیی خۆشی دەربڕی بە بوونی ئافرەتێک لە لووتکەی دەسەلاتی یاساداتان لە هەرێمی کوردستان و ئەو هەنگاوەشی بە هەنگاوێکی دڵخۆشکەر زانی بۆ ئەوەی ڕێژەی ئافرەت زیاتر بکرێت لە نێو کایەکانی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

لای خۆیەوە د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی کونسوڵی گشتیی فەرەنسا و شاندی یاوەری، باسی لە پەیوەندیی لەمێژینەی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی فەرەنسا کرد و ڕایگەیاند: خۆمان بەخۆشحاڵ دەزانین بە بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی فەرەنسا و دەمانەوێت ئەم پەیوەندییانە زیاتر بەرەوپێش بچن، بەتایبەتی لەڕووی دیپلۆماسی و کاری پەرلەمانی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی فەرەنسا بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کاری پەرلەمانیی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک فەرەنسا .

هەروەها باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کرد و ڕایگەیاند: لەئێستادا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئاستێکی باشدایە و هەنگاوەکانی وڵاتی فەرەنسای بۆ ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە گرنگ دەزانین و جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکەینەوە لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانمان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا بەتایبەت جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور کەتایبەتە بە کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان .

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا، سەرۆکی پەرلەمان پوختەیەکی سەبارەت بەکار و چالاکییەکانی پەرلەمان و ئەو ڕێکارە یاساییانە بەپێی پەیڕەوی ناوخوی پەرلەمان بۆ کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم خستەڕوو و ڕایگەیاند: دوای خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، ئێستا تەنیا دەنگدان ماوە بۆ پرۆژە یاساکە کە بڕیاربوو ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام دانیشتنەکەمان بەپێی ماددەی 18 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دواخست بۆئەوەی دەرفەتی زیاتر بدەینە لایەنەکان تا ڕێکدەکەون، لەوڕووەوەش پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەنزیککردنەوەی لایەنەکان و لای ئێمە لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، سەقامگیریی وڵات و ئاشتیی کۆمەڵایەتی جێگەی بایەخە و دوای پەسندکردنی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم ڕێکارە یاساییەکانی تر بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرینەبەر .

لای خۆشیەوە دۆمنیک ماس، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، خۆشحاڵیی خۆی بەم هەنگاوە یاساییانەی پەرلەمانی کوردستان دەربڕی و ڕایگەیاند: بە هەنگاوە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان خۆشحاڵین، بۆ فەرەنسا گرنگە پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی دیموکراسی و یاسادانان بایەخی زۆری هەیە بۆ چەسپاندنی زیاتری دیموکراسی و بۆ ئەم مەبەستەش هاوکار و پشتیوانتان دەبین بۆ زیاتر گەشەکردنی ئەم وڵاتە و ئەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە گرنگە و زیاتر پەرەی پێدەدەین.

هەر لەدیدارەکەدا کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، نیگەرانیی خۆی لە دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوای خواست کە لایەنەکان پەلە بکەن لە پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرینەبەر .

دووەم کۆڕبەندی ئابووریی تورکیا لە هەولێر بەڕێوەدەچێت



بڕیارە کۆڕبەندێکی ئابووریی کۆمپانیاکانی تورکیا لە شاری هەولێر بەڕێوە بچێت، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و هەناردەکارانی کوردستانیش دەڵێ، بەڕێوەچوونی کۆڕبەندەکە کاریگەری لەسەر پەیوەندیی بازرگانیی نێوان هەرێم و تورکیا دەبێت. گەیلان حاجی سەعید، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و هەناردەکارانی کوردستان ڕایگەیاند، لە ڕۆژانی داهاتوودا دووەم کۆڕبەندی تورکیا لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت، کە لەلایەن ژمارەیەک کۆمپانیای تورکییەوە ئەنجام دەدرێت و مەبەست لە بەڕێوەچوونی کۆڕبەندەش بۆ زیاتر پەرەپێدانی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبێت، هەروەها گەڕانەوەی بازرگانانی تورکیا بۆ بازاڕی عێراق وەک ساڵانی پێشوو.سەرۆکی یەکێتیی هاوردە و هەناردەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی کوردستانی گوت، کۆمپانیا و بازرگانانی هەرێمی کوردستانیش لەو کۆڕبەندەدا بەشدار دەبن، ئەنجامدانی کۆڕبەندەکەش کاریگەری لەسەر پەیوەندیی بازرگانیی نێوان هەرێم و تورکیا دەبێت، چونکە پەیوەندی بازرگانی لەو جۆرە چالاکییانە دروست دەبێت.

لەبارەی ڕەوشی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان، گەیلان حاجی سەعید ڕوونی کردەوە، ڕەوشی بازرگانیی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو گەشەکردن دەچوو، بەڵام ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان چەند ڕۆژێکە کاریگەری لەسەر جوواڵەی بازرگانی دروست کردووە، چونکە بازاڕ و کەرتی ئابووری وابەستەن بە ڕەوشی سیاسییەوە.

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/4/14 ژمارە (5729)
خەبات





مەراسیمی یادکردنەوەی 28 ساڵەی داستانی کۆڕێ بەڕێوەچوو

نەجات عەلی: پێویستە هێزە سەربازییەکان بە شێوەیەکی سەردەمیانە ڕێکبخرێنەوە

خەبات: ساسان دەروێش- زانیار سەردار:

دوێنێ شەممە 2019/4/13 لە کۆڕێ مەراسیمی یادکردنەوەی 28 ساڵەی داستانی مەزنی کۆڕێ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی حوکمی و حیزبی و هێزەکانی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدانی داستانی کۆڕێ، هەروەها نوێنەرانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ژمارەیەکی دیکەش لە کەسایەتی کە لە ئەوروپاوە بۆ یادەکە گەڕابوونەوە، هەروەها بەشێک لە بەشداربووانی داستانەکە بەشداربوون، بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای مەراسیمەکەدا لیوا حەسەن نووری، بەرپرسی هەیئەی گشتیی ڕێکخستنی پێشمەرگە، وتارێکی پێشکەشکرد و تێیدا باسی لە گرنگی داستانەکە و ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە کرد لە تێکشاندنی سوپای بەعس، دواتر نەجات عەلی، فەرماندەی یەکەی 80ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وتارێکی پێشکەشکرد و وێڕای بەرزڕاگرتنی یادەکە و قارەمانێتی پێشمەرگە، هاوکات باسی لە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی کرد کە ڕۆڵێکی یەکجار مەزنی بینی لە لە تۆمارکردنی داستانەکە و تێکشکاندنی سوپای بەعس و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک و پێشمەرگەی کوردستان لە پێناو بەرگریکردن لە خاکی کوردستان، فەرماندەی یەکەی هەشتای پێشمەرگە ڕاشیگەیاند: پێویستە هێزە سەربازییەکان بە شێوەیەکی سەردەمیانە ڕێکبخرێنەوە و مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت، پێویستە ڕووبەرووی مەترسی گرووپە تیرۆریستییەکان ببینەوە کە جارێکی دیکە بوونەتەوە هەڕەشە.

دواتر هەر بەم بۆنەیەوە کۆمەڵێک چالاکی هونەری و پێشکەشکردنی گۆرانی و سرووتی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلایەن هونەرمەندانی بەشداربوو لە مەراسیمەکە پێشکەش کران و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئامادەبووانی یادکردنەوەکە زیاتر بە گڕوتینەوە یادەکە بەرز ڕابگرن.

داستانی کۆڕێ لە ساڵی 1991 لە سەروبەندی کۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کوردستان، بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی و بەشداری هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمارکرا، کاتێک سوپای عێراق دەیویست تەواوی خاکی کوردستان داگیر بکات، بەڵام لەو داستانەدا سنوور بۆ سوپای سەددام داندراو و ژمارەیەکی زۆری نۆتۆمبێل و تانکی سەربازی سوپا لەلایەن پێشمەرگەی کوردستان تێکشکێندران و سووتێنران، ئەمەش بووە وەرچەرخانێکی دیکە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان لە پێناو بەرگریکردن لە خاک و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، ئەم داستانە سەلماندی کە هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەرگیز سازش لەسەر دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان ناکەن و ئامادەن لە پێناویدا بە خوێن بەرگری بکەن. شایەنی باسە مەراسیمەکە لەلایەن کامەران خەفاف و نەرمین سندی بەڕێوەبرا.

-لە ژمارەی داهاتوو لە ڕاپۆرتێکدا زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە دەخرێتەڕوو.

هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەستپێکردووە

وەزارەتی پێشمەرگە: یەکەی 70 و 80ی پێشمەرگە دەبنە هێزی یەکگرتووی کوردستان



بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند: لە پڕۆژەی چاکسازیدا پێنج خاڵ جێبەجێکراون و 13 خاڵی دیکەش لە جێبەجێکردندان. دەشڵێت، هێزی پێشمەرگە دەکرێتە هێزێکی نیشتمانی بە سیستەمی نێودەوڵەتی و ئەوکات پێشمەرگە دەبێتە یەک هێزی یەکگرتووی کوردستان.

لیوا بابەکر فەقێ ئەحمەد پشدەری، بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: لە پڕۆژە 35 خاڵییەکەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێنج خاڵیان بە تەواوی جێبەجێکراون و 13 خاڵی دیکەش لە جێبەجێکردندان، کە هەشتیان نزیکە تەواو بۆن و پێنجەکەی دیکەش نیوەی زیاتر تەواو بوون، بۆیە هەنگاوی گرنگ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە نراوە.

لیوا بەکر گوتیشی: ئەو خاڵانەی لە پڕۆژەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەدا جێبەجێکراون، هەموو بوارەکانی وەزارەت دەگرێتەوە. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی وەزارەتی پێشمەرگە باسی لەوەشکرد، هەوڵ دەدرێت هێزی پێشمەرگە بکرێتە هێزێکی نیشتمانی لەسەر سیستەمی هێزی نێودەوڵەتی و کاری باش بۆ ئەمەش کراوە، ئەگەر حکوومەتیش پێکهات ئەو هێزە دروست دەکرێت و ڕاستەوخۆش یەکەی 70 و 80 نامێنن و هەموویان یەک دەخرێن، چونکە سیستەمێکی زۆر باش و ڕێکخراوە. دەشڵێت، کاری بەردەوام لە پڕۆژەکەدا دەکرێت و بەردەوامیش دەبێت تاوەکو تەواوی خاڵەکان جێبەجێ دەکرێن.

کارکردن لە 90 لە سەدی پڕۆژە وەستاوەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووەتەوە

ئەحمەد ڕێکانی: وەبەرهێنەرانی ئێرانی و تورکی و بیانی بە گشتی ڕوو لە کوردستان دەکەنەوە

بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش 800 مۆڵەتی وەبەرهێنان وەستابوون

یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت زیاتر لە 90 لە سەدی پڕۆژە وەستاوەکان بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش دەستکراوەتەوە بە ئیشکردن تێیاندا، سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئەحمەد ڕێکانی، ڕایگەیاند وەبەرهێنەرانی ئێرانی و تورکی و بیانیش بەگشتی ڕوو لە کوردستان دەکەنەوە. ئەحمەد ڕێکانی دەشڵێت زۆرینەی ئەو مۆڵەتانەی وەبەرهێنان کە 800 مۆڵەت بوون بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە وەستابوون. سەرۆکی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕاشیدەگەیەنێت: ڕەوشی وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستان بەرەو باشی دەڕوات و زۆرینەی هەرە زۆری پڕۆژە وەستاوەکان بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش دەستکراوەتەوە بەکارکردن تێیاندا، بە تایبەت پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.



لەمبارەیەوە ئەحمەد ڕێکانی، ڕایدەگەیەنێت: ئەوەی ڕاستی بێت هیوا و ئومێدێک بۆ وەبەرهێنەرانی کوردستان دروستبووە پاش ئەوەی شەڕی داعش نەما و کۆتایی قەیرانی ئابووریی هاتووە، لە پاڵ نەمانی پاشەکەوتی مووچە و ئێستا وەبەرهێنان بووژانەوە بەخۆوە دەبینێتەوە، ئومێدەوارین وەبەرهێنانی بیانیش بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان لە پاش ئەو بارە ئابووریە قورسەی پێشتر، بەڵام ئەمجارە دەبێت بە وردی و بە لێکۆڵینەوەی باشەوە وەبەرهێنان بکرێت، بە تایبەت ئێستا بواری باش لەبەردەم وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریی هەیە، بوونی قەیرانیش لە ولاتانی دەوروبەر یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کە چاوەڕوانی لێ دەکەین وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان گەشە بکاتەوە. هەروەها گوتیشی ئێستا هیوایەک بۆ وەبەرهێنەران دروستبووە بەوەی دەست بە کارەکانیان بکەنەوە.

سەبارەت بە وەبەرهێنەرانی بیانی و گەڕانەوەی وەبەرهێنەرانی بیانیش بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە پاش ڕیفراندۆمی ساڵی 2018 سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان گوتی بە دڵنیاییەوە وەبەرهێنەری بیانی بەتایبەت ئێرانی و تورکیش ڕوو لە هەرێمی کوردستان، چونکە شوێنێکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان و یاسای وەبەرهێنان یاسایەکی گونجاوە و مافی وەبەرهێنەر دەپارێزێت، ئیدی وەبەرهێنەرێکی زۆری بیانی و تورکی و ئێرانیش ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

دەربارەی پڕۆژە وەستاوەکانی ڕابردوو و دەستکردنەوە بەکارەکانییان، سەرۆکی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕایگەیاند: پێشتر نزیکەی 80 بۆ 85لەسەدی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ڕاوەستابوون، ئێستا زۆرینەی پڕۆژەکان کەوتونەتە کار و زۆر کەمن ئەوانەی کاریان تێدا ناکرێت، دووبارە وەبەرهێنەران دەستییان بە تەواوکردنی پڕۆژەکانییان کردووە و پێم وایە 90 لەسەدی ئەو پڕۆژانەی وەستابوون دەستکراوەتەوە بەکارکردن تێیاندا، پێشتر پڕۆژەکان بەگشتی کە زیاتر لە 800 پڕۆژە بوون و مۆڵەتی وەبەرهێنانییان هەبوو، زۆرینەی ئەو ژمارەیە ڕاوەستابوون بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و ئەو هۆکارانە، بەڵام ئێستا دەستکراوەتەوە بە کارەکان.



فراکسیۆنی پارتی:

هەوڵدەدەین لە دادگای فیدراڵی ئەندامێکی دیکە بۆ کورد زیاد بکەین

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی ڕایگەیاند: پەرلەمان تاوتوێی یاسای دادگای فیدراڵی دەکات، چونکە ئەندامەکان تەمەنیان زۆر گەورە بووە و پێویستیان بە خانەنشینکردن هەیە، دەشڵێت، هەوڵدەدەین لەو دادگایەدا ئەندامێکی دیکە بۆ کورد زیاد بکەین. شێروان دووبەردانی، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: سەبارەت بە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵی گوتی: لەمێژە کۆمەڵێک کەس ئەندامن و تەمەنیان گەورە بووە و پێویستە بگۆڕدرێن، ئەندام هەیە تەمەنی 94 ساڵە کە بە هیچ شێوەیەک توانای خزمەتکردنی وڵاتی نەماوە، بۆیە پێویستە دەستەیەکی نوێ هەڵبژێرن، بەڵام ئەمەش پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی هەیە. دووبەردانی گوتیشی: کورد لەو دادگایەدا یەک ئەندامی هەیە، بۆیە هەوڵ دەدەین ئەندامێکی دیکەش بۆ کورد زیاد بکەین.

سەفین دزەیی: حکوومەتی داهاتوو تەواوکەری حکوومەتی ئێستا دەبێت

حکوومەتی هەرێم و شەخسی سەرۆکوەزیران لە بەرێوەبردنی قەیرانەکاندا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا

سیاسەتمەدارانی عێراق بۆ ریکلام سەردانی کەمپی ئاوارەکانیان دەکرد

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ مالپەڕی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی، باسی لە چۆنیەتی ئیدارەکردنی ئەو تەحەددا سیاسی و ئابووریی سەختانە کرد کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی حکوومەت و گەلی هەرێمی کوردستان ببوونەوە، ئەمەش بەشێکی دیانەکەیە.

-بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و ئەو شۆکە سیاسی و ئابووریانەی کە حکوومەتی هەرێمی گرتەوە بوونە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی یا دۆخی سەختی ئابووری. ئەو واقیعە چۆن سەری هەڵدا؟

×سەفین دزەیی: بڕیاری یەکلایەنەی نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان شۆکێکی هەرە گەورە بوو، چونکە ئەو پەیوەندییە سیاسی و فەرمییەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق هەیبووە لە سەر بنەمای دەستوور، یاسا و لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتنی نێوان هەوڵێر و بەغدا بووە. بە داخەوە دەستوور پێشلکرا و ڕێککەوتن و یاساکانی تایبەت بە بودجە جێبەجێ نەکران. ئەوەش دەستپێشخەرییەکی خراپ بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان هەوڵێر و بەغدا، بەتایبەتی کە بڕیارەکە لە لایەن بەغداوە دراببو.

شۆکی دووم، شەڕی داعش بوو، کە توانیان لە ماوەی چەند سەعاتێک دووەمین شاری گەورەی عێراق داگیربکەن و دوای ئەویش شەڕەکەیان ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان کردەوە، کە ئێمە بە توانایەکی کەم و پانتاییەکی یەکجار زۆر نزیکەی 1000 کیلۆمەتر بەرەی شەڕمان لەگەڵ دڕندەترین هێزی تیرۆریستی جیهان (داعش) هەبوو.

لە ئەنجامی داگیرکردنی مووسڵ و شوێنەکانی دیکە، شۆکی سێیەم ئەوە بوو کە لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سەدا 30 بەرز بووەوە، واتە ملیۆنێک و 600 هەزار ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد کە پێشتریش نزیکەی 250 هەزار پەنابەر لە سووریاوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان ببوون. هەموو ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ناچاری هەوڵی بەدەستهێنانی داهاتێکی دیکە بدات و لە مانگی پێنجی 2014 دەستی بە فرۆشتنی نەوت کرد، کە سێ مانگ دوای بڕینی بەشە بودجەی هەرێم بوو. واتە بڕینی بودجە هیچ بیانوویەکی نەبوو کە دەیانگوت هەرێمی کوردستان نەوتەکەی فرۆشتووە و داهاتەکەی ڕادەستی بەغدا نەکردووە. بەغدا لە شوباتی 2014 بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و حکوومەتی هەرێم لە مانگی پێنجی هەمان ساڵ بۆ یەکەمجار نەوتی خۆی بۆ دەردەوە هەناردە کرد.

-لە سەرەتادا کە بەشە بودجەی هەرێم بڕدرا، سەرچاوەکانی داهات کەمبوون، چۆن پارەی پێویست بۆ مووچە وخەرجییە گشتییەکان و وەبەرهێنان دابین دەکرا؟

*** سەفین دزەیی:** حکوومەتی هەرێم لە ساڵی 2014 کە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی ئاوارەکان و بەرپابوونی شەڕی داعش، بۆ دابینکردنی داهات ناچار بوو هەموو نەختینەکانی لە بانکەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بەکاربێنێت، پاشان لە مانگی پێنج داهاتی نەوتیش یارمەتیدەرێکی سەرەکی بوو، بەڵام دابەزینی نرخی نەوت لە نزیکەی 100 دۆلار بۆ 25 دۆلار چوارەمین شۆک بوو کە هەرێمی کوردستانی گرتەوە.

ئەو کۆمپانیانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مامەڵەیانی لەگەڵ دەکرد ئامادەی خۆیان بۆ پێدانی قەرز بە حکوومەتی هەرێم دەربڕی، چونکە باوەڕی تەواویان بە حکوومەتی هەرێم هەبوو کە لە داهاتوودا دەتوانێت قەرزەکانی بداتەوە. هەربۆیە لە فرۆشتنی بەشێک لە نەوت، پارەی پێشوەختیان دایە حکوومەت. بە هۆیەوە توانیمان بەشێک لە گرفتەکان چارەسەر بکەین.

بە بەردەوامبوونی شەڕ، هاتنی ئاوارەکان و دابەزینی نرخی نەوت، حکوومەتی هەرێم بە داخەوە ناچار بوو هەندێ هەنگاوی دیکە بنێت و کابینەی هەشتەم بڕیارێکی زۆر زەحمەتیدا کە ئەویش ڕێژەیەک لە موچەی فەرمانبەران پاشەکەوت بکرێت. دوای هاتنی داعش، بەغدا پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی گشتی وڵات بڕیبوو و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە دوای ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بوو و نرخی نەوتیش دابەزیبوو. دۆخی ئابووری هەرێم بەرەو خراپییەکی کەم وێنە هەنگاوی هاوێشتبوو، سەرۆکایەتی حکوومەت لەو کاتەدا چ پلانێکی هەبوو بۆ دەرباز بوون لەم ڕەوشە سەپاوە؟

×سەفین دزەیی: نزیکەی لە سەدا 95 داهاتی عێراق لە نەوت و پێکهاتەکانییەتی و هەرێمی کوردستانیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە. ژێرخان و پیشەسازی عێراق لە ساڵەکانی هەشتا لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێران وێران ببوون و لە ساڵی 1990یش کە کوەیتی داگیرکرد 13 ساڵ ئابلۆقەی نێودەوڵەتی خرایە سەر عێراق و نەیتوانی هیچ ژێرخانێک دروست بکات کە بەرهەمی هەبێت و ببێتە وڵاتێکی بەرهەمهێنەر، بەڵکو بەکارهێنەر بووە. بەشی هەرە زۆری کالا و کەلوپەلی پێویست لە دەرەوە دەیهێنا. هەرێمی کوردستان بەشێک بووە لە عێراق و بەدەر نەبووە لەو ڕەوشە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان هەوڵیدا کەبە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر تا ڕادەیەک بە داهاتی ناوخۆیی بتوانێت هاوکار بێت بۆ دڕێژەپێدانی کارەکانی حکوومەت وەک ئاسایش، پاک ڕاگرتنی شارەکان و دابینکردنی کارەبا تا ڕادەیەکی باش. هەروەها، بەکارهێنانی ئەو بڕە نەختینەی کە لە بانکەکاندا هەبوو یارییدەدەر بوو. کۆمپانیا ناوخۆییەکان و بەڵێندەران بە ڕاستی جێگەی تەقدیرن کە بەرگەیان گرت و بەشێک لە نەختینەییەکانی خۆیان بەکارهێنا و بەشێکیان تا ئێستا پارەیان لای حکوومەتە، ئێستاش هەنگاو بە هەنگاو پارەکانیان دەدرێتەوە و بانکە ئەهلییە ناوخۆیی و بیانییەکانیش بە هەمان شێوە هاوکار بوونە و نەختینەییەکانی خۆیان خستە خزمەتی حکوومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بەکاری بێنێت. کۆمپانیا بیانییەکانیش کە نەوتی هەرێمی کوردستانیان دەکرێ، پارەی پێشوەختیان دەدا، کە ئێمە بتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین، هەر چەندە زۆر زەحمەت بوو و بڕیاری زۆر زەحمەتیش درا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی هەرێم توانی ئەو چوار ساڵە بە باشترین شێوە قەیرانەکە بەڕێوە ببات.

دەتوانم بڵێم کاری سەرەکی حکوومەت لەلایەک شەڕی داعش و دووڕخستنەی بەڵاو و مەترسییەکان لە هاوڵاتیانی کوردستان بوو، لە هەمان کاتیش دڕێژەپیدان بە کارەکانی خۆی بوو.



-پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێم لە ماوەی شەڕی داعشەوە پێشوەچوونێکی بەرفراوان و بێ وێنەی بەخۆیەوە بینی. ئایا حکوومەت هەوڵیدا ئەو هەلە بۆ پێشخستنی دۆزی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بقۆزێتەوە؟

*** سەفین دزەیی:** بە هۆی شەڕی داعشەوە واقعێکی ناخۆش هاتە کایەوە. بەڵام هەر وەک لە کوردەواری دەگوترێت هەر شەڕێک خێری جوامێرێک تێدایە. نزیکەی 1750 شەهید و 10 هەزار بریندارمان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دۆزی کورد و بەرگری خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە خاک و نیشتمان و لەو پرنسیپانە کە باوەری پێیەتی، کە دیموکراسییەت و مافی تاک و هەموو بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتییە، هەروەها بوونی هەرێمی کوردستان لە هێڵی پێشەوەی بەرگریی لە مرۆڤایەتی، بوونە جێگەی ڕێز و تەقدیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ناوی پێشمەرگە بووە ناوێکی پیرۆز، بۆ ئێمە هەمیشە پیرۆز بووە، بەڵام جیهانیش بە ناوی پێشمەرگە ئاشنا بوو و هەروەها پایەی سیاسی و سەربازی خودی جەنابی سەرۆک بارزانیش، کە بێ وێنەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا سەرۆکێک بچێت بە هەفتە و بە مانگ لە بەرەکانی جەنگ لەناو چادر و ئۆتۆمبێل بخەوێت و لەگەڵ پێشمەرگەکان بەرگری لە خاک و نیشتیمان و بەها مرۆییەکان بکات. ئەوە هەمووی وایکرد سۆز و ڕێز و پشتگیری خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە زیاتر بێت.

سەرۆکی فەرەنسا لە ناخۆشترین ئانوساتدا لە مانگی ئەیلولی 2014 سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. چەندین سەرۆک وەزیران و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و جێگرانی سەرۆک وەزیرانی وڵاتانی جیاجیا، ئەوروپا لە پلەی یەکەمدا و وڵاتانی دراوسێ سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. بەداخەوە لەو کاتەدا هەموو ئەو وڵاتانەی سەردانی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، تەنها بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستانی نەدەکرد، کە دوژمنێکی هاوبەشمان هەبوو و خەڵکێکی زۆریش لە بەشەکانی دیکەی عێراق کە ئاوارە بوون و لەو ناوچانە دەهاتن کە حکوومەتی فیدرالی نەیتوانی بیانپارێزێت، بە ناچاری ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، کە حکوومەت وخەڵک دڵ ودەرگایانیان بۆ کردنەوە. لە باوەش گرتن وحەوانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەش بوو بە خاڵێکی گرنگ بۆ پاڵپشتیکردنی مەعنەوی و مرۆیی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها، کولتووری دێرینەی پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکان و ڕێزگرتن لە ئازادی دەربڕینی ئایینی لە کوردستان و پاراستنی پێکهاتە ئایینییەکان کە لە دەست هەڕەشەی داعش پەنایان هێنا بۆ هەرێم، جێگەی ڕێز بوو لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوبانگێکی ئەرێنی بۆ هەرێم دروستکرد. ئەو هەموو شتانە بە ڕاستی جێگەی ڕێز و تەقدیری هەموو ئەو شانده بیانییانەن کە دێنە هەرێمی کوردستان، لە ڤاتیکانەوە بگرە تا دەگاتە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کورد کە لە شاهێدحاڵ و کارمەندانی پێشووی دەزگا ئەمنییەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس پێکهاتبوو، گۆڕێکی بەکۆمەڵی هاوواڵاتیانی کورد لە ناوچەی شێخییەی سەربە شاری سەماوە دۆزرایەوە. لەگەڵ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکە، پارێزگاری موسەننا، ئەحمەد مەنفی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاند، بەڵێنم بە سەرۆک بارزانی و حکومەتی هەرێم دابوو، کە کار بکەم بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان. گوتیشی: لەو ناوچەیەدا بە گشتیی، چەندین گۆڕی بە کۆمەڵ هەیە. ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەی هەڵدراوەتەوە، گەورەترینیانە. ڕەنگە 300 ڕووفاتی تێدا بێت. پارێزگاری موسەننا، داواشی لە سەرۆک بارزانی کرد، تیمێک ڕەوانەی سەماوە بکات بۆ ئاگادارکردنەوەی لە ناوچەی شێخییەی سەربە شاری سەماوە دۆزرایەوە. لەگەڵ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکە، پارێزگاری موسەننا، ئەحمەد مەنفی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاند، بەڵێنم بە سەرۆک بارزانی و حکومەتی هەرێم دابوو، کە کار بکەم بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان. گوتیشی: لەو ناوچەیەدا بە گشتیی، چەندین گۆڕی بە کۆمەڵ هەیە. ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەی هەڵدراوەتەوە، گەورەترینیانە. ڕەنگە 300 ڕووفاتی تێدا بێت. پارێزگاری موسەننا، داواشی لە سەرۆک بارزانی کرد، تیمێک ڕەوانەی سەماوە بکات بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشەکە و هاوکاری کردنی تیمەکان.

ئەنفال، یان پرۆسەی جینۆساید و قڕکردنی کورد، یەکێک لە پرۆسەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو 1963-2003 بوو، کە بە هەشت قۆناغ دژی کورد جێبەجێکرد.

-خەرجی ئاوارە و پەنابەران تا چەند لە ئەستۆی بەغدا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی خومالی و نێودەوڵەتیدا بوو، تا چ ڕادەیەک خەرجییەکانیان دابین دەکرد؟

*** سەفین دزەیی:** هاتن و ئیدارەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە لە ساڵی 2014 ڕووبان لە هەرێمی کوردستان کرد، کە ئێستاش زیاتر لە ملیۆنێک و 400 هەزار کەس هێشتا لە هەرێمی کوردستان ماون، تەحەددایەکی گەورەبوو. بەشێکیان بۆ ناوچەکانیان گەڕانەوە، بارودۆخی ناوچە ئازادکراوەکان هێشتا نائارامە، خزمەتگوزارییان نییە، ئەمن وئاسایش نییە، بەشێکیان دووبارە بۆ هەرێمی کوردستان لە کەمپەکان گەڕانەوە، بەشێکیان توانای مادییان هەیە خانوو بە کرێ دەگرن یان دەکڕن.

تێچووی ساڵانەی حەوانەوەی ئاوارەکان کە لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە وەک خەرجییە شاراوەکان ناوی دێت، نزیکەی ملیارێک و 400ملیۆن دۆلارە.

لە کاتێکدا کە حکوومەتی هەرێم بۆ خۆی لە قەیرانێکی دارایی دایە. مانگانە 100 تا 130 ملیۆن دۆلار تێچووی بەڕێوەبردنی کەمپی ئاوارەکانە لە خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، ئەمن و ئاسایش، قوتابخانە و تەندروستی و هتد... بەبێ ئەوەی کە بەغدا خۆی بە بەرپرس بزانێت و یەک دینار هاوکاری بکات یان یەک پاکەت دەرمان بنێرێت. لەکاتی ئازادکردنی مووسڵ کە هێزی سوپای عێراق بە پاریس و لەندەن، ڕۆما و ستۆکهۆڵم، بەرلین و واشینتون و مۆسکۆ و شوێنەکانی دیکە بە وڵاتانی دەوروبەریشەوە.

کولتوورەکمان هەیە کە کورد، عەرەب، تورکمان، سریان و کلدان و ئاشووری، مەسیحی موسڵمان، شیعە و سوننە، ئێزیدی، کاکەیی، بەهایی و زەردەشتی و شەبەک و هەموو تایفەکان پێکەوە دەژین. ئەو خەڵکەش کە لە بەشەکانی دیکەی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، دەیانزانی کە سەروماڵ و شەرەف و کەرامەتیان پارێزراوە. بەشێک لەوانە دەیانتوانی بچنە وڵاتانی دراوسێ، بەشێکیان چوون و دواتر گەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە زانیان مەعیشەت لەوێ زۆر زەحمەتە.

-خەرجی ئاوارە و پەنابەران تا چەند لە ئەستۆی بەغدا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی خومالی و نێودەوڵەتیدا بوو، تا چ ڕادەیەک خەرجییەکانیان دابین دەکرد؟

*** سەفین دزەیی:** هاتن و ئیدارەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە لە ساڵی 2014 ڕووبان لە هەرێمی کوردستان کرد، کە ئێستاش زیاتر لە ملیۆنێک و 400 هەزار کەس هێشتا لە هەرێمی کوردستان ماون، تەحەددایەکی گەورەبوو. بەشێکیان بۆ ناوچەکانیان گەڕانەوە، بارودۆخی ناوچە ئازادکراوەکان هێشتا نائارامە، خزمەتگوزارییان نییە، ئەمن وئاسایش نییە، بەشێکیان دووبارە بۆ هەرێمی کوردستان لە کەمپەکان گەڕانەوە، بەشێکیان توانای مادییان هەیە خانوو بە کرێ دەگرن یان دەکڕن.

تێچووی ساڵانەی حەوانەوەی ئاوارەکان کە لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە وەک خەرجییە شاراوەکان ناوی دێت، نزیکەی ملیارێک و 400ملیۆن دۆلارە.

لە کاتێکدا کە حکوومەتی هەرێم بۆ خۆی لە قەیرانێکی دارایی دایە. مانگانە 100 تا 130 ملیۆن دۆلار تێچووی بەڕێوەبردنی کەمپی ئاوارەکانە لە خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، ئەمن و ئاسایش، قوتابخانە و تەندروستی و هتد... بەبێ ئەوەی کە بەغدا خۆی بە بەرپرس بزانێت و یەک دینار هاوکاری بکات یان یەک پاکەت دەرمان بنێرێت. لەکاتی ئازادکردنی مووسڵ کە هێزی سوپای عێراق بە

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی پەیمانگەی کەنەدی بۆ حکومڕانی کرد

پەرلەمان هەنگاوەکانی یاساییەکانی دەستپێکردووە بۆ کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان



ڕۆژی پێنجشەمە 11ی نیسانی 2019 د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی کرد لە شاندێکی پەیمانگەی کەنەدی بۆ حکومڕانی، کە پێکهاتبوو لە مادلین میور، یاریدەدەری پێشکەوتوو لە پەیمانگەکە و شاندی یاوەری. لە دیداریکدا مادلین میور، یاریدەدەری پێشکەوتوو لە پەیمانگەی کەنەدی بۆ حکومڕانی، پیرۆزبایی لە سەرۆکی پەرلەمان کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و خۆشحالیی خۆی دەربڕی بە بوونی ئافرەتێک لەو پۆستە بالایە لە هەرێمی کوردستان، کە یەکەمجارە لە میژووی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا دەبینرێت و هیوای خواست لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق دەرفەت و ڕۆڵی زیاتر بۆ ئافرەتان فەراهەم بدرێت.

لای خۆیەوە د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان بۆ پەرلەمانی کوردستان، ستایشی هەوڵ و کارەکانی ڕێکخراوی کەنەدی بۆ حکومڕانیی ئافرەتی سەرکردە کرد کە بەردەوام کۆڕ و سیمینار و خول بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە لە هەرێمی کوردستان ساز دەکەن و هیوای خواست بەردەوام بن لەم کارانە بۆ ئەوەی ئافرەتانی کوردستان بە بڕوابوونێکی زۆر بەخۆیانەوە ڕۆڵی زیاتری خۆیان ببینن و بەشداریێکی کارا بن لەنێو کایەکانی حکومڕانی بۆئەوەی ڕووبەکی گەش و جوان پێشکەشی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بکەن.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا وای دەبینین کە کەشوهەوایەکی گونجاو هەیە کە هەرێم دەتوانێت ئەو دۆسیانە لەگەڵ بەغدا باس بکات. بەڵام نەهێشتنی پاشەکەوت و کۆتاییهاتنی شەڕی داعش و نەمانی خەلافەت، کە هەڕەشەکانی هێشتا هەر ماون، هەروەها چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ دەرفەتێکە بۆ بووژانەوەی بازاری هەرێمی کوردستان. ئێستاش بەپێی هەندێ ڕاپۆرت و ئامار دەبینین کە سالی ڕابردوو بەتایبەتی پاش ئەوەی کە لە مانگی سێی 2018 ڕێژەیەک لە پاشەکەوتی مووچە دەستکاری کرا و لە مانگی ئاداری 2019بە تەواوەتی پاشەکەوت هەڵگیرا، کاریگەری هەبووە لەسەر بازار و جولەیەک لە ڕووی بیناسازی، مۆلک و ماڵ، هاتنەوەی هەندێ لەو کۆمپانیانە کە کوردستانیان بەجێهێشتبوو دروستبووە. هەروەها هاتنی شاندە بازرگانییەگان لەوانە شاندە بازرگانییەکانی ئەمەریکا، ئێران و تورکیا و هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ شاندەکەیان، هەمووی ئەوانە ئاماژەن کە هەرێمی کوردستان قەیرانەکانی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.

ڕاستە لە سەداسەد چارەسەر نەبووە، کۆمەڵێک گرفتی دیکە ماون، بەڵام وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی لە تونێلێکی دوور و درێژ و تاریک بووین، ئێستا ڕووناکیی کۆتایی تونێلەکە دیارە. کۆمەڵێک خەڵک و کۆمپانیا کارەکانی ڕێکخراوی کەنەدی بۆ حکومڕانیی ئافرەتی سەرکردە کرد کە بەردەوام کۆڕ و سیمینار و خول بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە لە هەرێمی کوردستان ساز دەکەن و هیوای خواست بەردەوام بن لەم کارانە بۆ ئەوەی ئافرەتانی کوردستان بە بڕوابوونێکی زۆر بەخۆیانەوە ڕۆڵی زیاتری خۆیان ببینن و بەشداریێکی کارا بن لەنێو کایەکانی حکومڕانی بۆئەوەی ڕووبەکی گەش و جوان پێشکەشی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بکەن.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا وای دەبینین کە کەشوهەوایەکی گونجاو هەیە کە هەرێم دەتوانێت ئەو دۆسیانە لەگەڵ بەغدا باس بکات. بەڵام نەهێشتنی پاشەکەوت و کۆتاییهاتنی شەڕی داعش و نەمانی خەلافەت، کە هەڕەشەکانی هێشتا هەر ماون، هەروەها چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ دەرفەتێکە بۆ بووژانەوەی بازاری هەرێمی کوردستان. ئێستاش بەپێی هەندێ ڕاپۆرت و ئامار دەبینین کە سالی ڕابردوو بەتایبەتی پاش ئەوەی کە لە مانگی سێی 2018 ڕێژەیەک لە پاشەکەوتی مووچە دەستکاری کرا و لە مانگی ئاداری 2019بە تەواوەتی پاشەکەوت هەڵگیرا، کاریگەری هەبووە لەسەر بازار و جولەیەک لە ڕووی بیناسازی، مۆلک و ماڵ، هاتنەوەی هەندێ لەو کۆمپانیانە کە کوردستانیان بەجێهێشتبوو دروستبووە. هەروەها هاتنی شاندە بازرگانییەگان لەوانە شاندە بازرگانییەکانی ئەمەریکا، ئێران و تورکیا و هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ شاندەکەیان، هەمووی ئەوانە ئاماژەن کە هەرێمی کوردستان قەیرانەکانی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.

ڕاستە لە سەداسەد چارەسەر نەبووە، کۆمەڵێک گرفتی دیکە ماون، بەڵام وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی لە تونێلێکی دوور و درێژ و تاریک بووین، ئێستا ڕووناکیی کۆتایی تونێلەکە دیارە. کۆمەڵێک خەڵک و کۆمپانیا

سەرۆکی پەرلەمان پوختەیەکی لە ڕێکارە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ شاندی میوان باسکرد و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان هەنگاوە یاساییەکانی خۆی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەستپێکردووە بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەنگدان لەسەر پرۆژە پێشنیازکراوەکە دەکات.

شایەنی باسە پەیمانگەی کەنەدی بۆ حکومڕانی کار لەسەر حکومڕانیی لامەرکەزی و فیدڕالیی ئابووری لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات.

-چی بوون لێکەوتە سیاسی و ئابورییەکانی ڕیفراندۆم و هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ؟

* **سەفین دزەیی:** پیلانێکی زۆر مەترسیدار لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ تێکشکاندنی قەوارە سیاسییەکەی هەبوو. بەداخەوە ئەو پیلانە تا ڕادەیەک لە هەندێ شوێن سەری گرت. لە کەرکووک و هەندێ ناوچەی دیکە پێشمەرگە ناچار بوو پاشەکشە بکات. پیلان هەبوو کە شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بگرێن و قەوارەی یاسایی و دەستووری هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت. خۆڕاگری پێشمەرگە لە پلەی یەکەمدا، سیاسەتی ژیرانەی حکوومەت و سەرۆک بارزانی و پەیوەندییان کردووە و هاتوونە و دەشبینین لەو سێ و چوار مانگەی ڕابردوودا چەندین پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان سازکراون. هەوڵ و کوششەکان بۆ ئەوەیە کە کوردستان دووبارە بۆ ئەو پێشوەچوونە ئابووریەی 2005 تا 2013بگەڕێتەوە و داهاتوویەکی گەش بۆ کوردستان دەبینین. گرنگ ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکان لە کوردستان یەکڕیزی خۆیان بپارێزن و نیگەرانی خەڵک بەوە دەرەوێتەوە کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت و سەقامگیری سیاسیش هەبێت. ئەو کاتەیە کە سەرماگوزارانی خومالّی و بیانی لە کوردستان سەرمایەگوزاری دەکەن.

-چی بوون لێکەوتە سیاسی و ئابورییەکانی ڕیفراندۆم و هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ؟

* **سەفین دزەیی:** پیلانێکی زۆر مەترسیدار لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ تێکشکاندنی قەوارە سیاسییەکەی هەبوو. بەداخەوە ئەو پیلانە تا ڕادەیەک لە هەندێ شوێن سەری گرت. لە کەرکووک و هەندێ ناوچەی دیکە پێشمەرگە ناچار بوو پاشەکشە بکات. پیلان هەبوو کە شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بگرێن و قەوارەی یاسایی و دەستووری هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت. خۆڕاگری پێشمەرگە لە پلەی یەکەمدا، سیاسەتی ژیرانەی حکوومەت و سەرۆک بارزانی و

ئاوارەکانی مووسڵ داوای هاوکاری لە عادل عەبدولمەهدی دەکەن

شێروان دووبەردانی: زیاتر لە 200 چادری ئاوارەکان بە هۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە

خەبات: کەنعان بەهائەدین

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا داوای لە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کرد، ئەو پارە دابینکراوانە سەرف بکات کە بۆ ڕووداو و زیانەکانی ئاوارەکانی مووسڵ دابینکراوە، وەک زەرەر و زیانەکانی خێمەی ئاوارەکان لە هەولێر و دهۆک.

شێروان دووبەردانی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا داوای لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق کرد کە ئەو بڕە پارەیە سەرف بکات کە بۆ زیانلێکەوتووانی لافاو و باوبۆران دابینکراوە، تایبەت بە کەمپی ئاوارەکان لە هەولێر و دهۆک. دووبەردانی داوای لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقیش کرد هەموو هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە و لەلایەن کادیرەکانیان هەموو پێداویستییەک بخەنە بەردەستی ئاوارەکانی مووسڵ لە کەمپەکانی هەولێر و دهۆک، بە تایبەتی ئەوانەی کە زیانلێکەوتووی ئەو لافاوانەی کە بەمدواییە ڕووی لە ناوچەکە کرد و مالوحاڵی زۆرێک لە ئاوارەکانی شێواند. دووبەردانی ڕاشیگەیاند: زیاتر لە 200 چادری ئاوارەکان بە هۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە و بەرانبەر ئەو باران و لافاوە خۆیان نەگرتووە و زۆربەیان کۆن بوون. جەختیشی کردەوە کە کەمی داوودەرمان بەشێکی تری کێشە و گرفتی ئاوارەکانی ئاوارەکانی مووسڵە لە هەولێر و دهۆک.

جێی باسە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پارێزگاکان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان کۆمەکی باش بە ئاوارەکانی هەموو کەمپەکانی هەولێر و دهۆک دەکات، بەڵام حکوومەتی عێراق بەردەوام هاوکار نەبووە بۆ دابین کردنی پیداویستی تایبەت بۆیان، بەتایبەت لە ماوەی چوار ساڵی قەیرانی ئابووری.

کێشەمان لەگەڵ بەغدا ماوە بەڵام دەتواندرێت کار و قسە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی بکرێت

ئێستاش زیاتر لە ملیۆنێک و 400 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستاندا ماون

مانگانە 100 تا 130 ملیۆن دۆلار تێچووی بەڕێوەبردنی کەمپی ئاوارەکانە



هاوکاری پێشمەرگە هاتن مووسڵیان ئازادکرد، هەموو نەخۆشخانەکانی هەرێم دەرگایان والا بوو بۆ تیمارکردنی بریندارانی شەڕی ئازادکردنی مووسڵ و لەشکری عێراق، بەبێ ئەوەی بەغدا یەک بڕینپێچ بنێرێت، هەموو کەوتە سەر نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو داو دەرمانانەی کە بۆ بەکارهێنانی هاوولاتییانی هەرێم خەزن کرابوون، بۆ بریندارانی شەڕی داعش و ئاوارەکان بەکارهێنران. بەداخەوە بەغدا خۆی بەخاوەنی ئەو خەڵکە نەزانی کە ئاوارە ببوون و ئەو بریندارانەشی کە لە بەرەی جەنگ ڕوویان لە هەرێم کرد. هەندێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاریان کردین. بەڵام کێشە و داخوازییەکان ئەوەندە لە ئاستێکی بەرزدا بوون، کە نە هەرێمی کوردستان ئەم تواناییەی هەبوو و نە ڕێکخراوەکان لەو ئاستەدا بوون، بەڵام سەربەرزانە ئەو ئەزموونەشمان تێپەڕاند و پێویستە سوپاسی دکتۆر و کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی بکەین، بە هەمان شێوە وەزارەتی پەروەردە وپارێزگاران و دامودەزگاکانی دیکەی حکوومەت کە لە ڕاستیدا لە ڕۆژی یەکەمەوە بەدەنگ ئەو خەڵکەوە چوون و بە خەڵکی خۆیان زانی وئەوەش بووە پێناسەیەکی جوانتری هەرێمی کوردستان بۆ دونیای دەرەوە.

سیاسەتمەدارانی عێراق بۆ ڕیکلام سەردانی کەمپەکانیان دەکرد و بەڵام هیچ ئامارێک سەبارەت بە یارمەتییەکانی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە لای ئێمە نییە. ڕێکخراوەکانی دیکەی نێودەوڵەتی وەک ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی 'یونێن ئێچ سی ئار' پێناسەیەکی تایبەتی بۆ ئاوارەکان هەیە کە ئەوانەی ئاوارەکانی ناوخۆن و لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دەهاتن، بە پەنابەر پێناسە ناکەن، تەنها پەناهەندەکانی کە لە ڕۆژئاوا هاتبوون ئەوان سودمەند بوون لە هاوکارییەکانی یونێن ئێچ سی ئار، ئەگینا باری سەرەکی و هەرە زۆری کەوتبووە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئەوەی کە بە باشترین شێوە بتوانێت ئەو ئاوارانە بحەوێنێتەوە، بە لایەنی کەمەوە ئەمن و ئاسایشیان بۆ دابین بکات. خەڵکی کوردستان لە دەمی خۆی پێداویستییە سەرەکییەکانی دەگرتەوە، وەک بینیمان خەڵکی کوردستان کۆمەک و هاوکاری کۆ دەکردەوە بۆ کەمپەکانی دەبرد.

-حکوومەتی هەرێم چەند خۆی لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە ماوەی کابینەی هەشتەم بە سەرکەوتوو دەزانێت؟

×سەفین دزەیی: بە ڕای من حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرکەوتنێکی مەزنی لە ڕووی بەڕێوەبردنی ئەو قەیرانە بە هەموو شێوەیەک بەدەستهێنا. بەداخەوە هاوبەشەکان لەناو حکوومەت کە وا تێگەیشتبوون پاپۆرەکە بەرەو نقوومبوون دەچێت، زوو خۆیان تێهەڵدا و خۆیان لێ دەرباز کرد. بەڵام پارتی و یەکێتی مانەوە، سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و وەزیرە بەڕێزەکانی دیکە بە کردار سەڵماندیان کە حکوومەت حکوومەتێکی شایستەی ئەوەیە کە جێی دەستخۆشی بێت و ئەم ڕەوشە تێپەڕێنێت و پاپۆرەکە بە ژیرانە و لێزانینی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران توانی بگەیەنێتە کەناری ئارام.

پێویستە لێرە بگوترێ کە قوربانیدانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و دان بەخۆدا گرتنی فەرمانبەران، بەڵێندەران و چین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردستان لە کاتە سەختەکانی پێنج ساڵی ڕابردوودا، بوون بە پاڵپشتی مەعنەوی گرنگ بۆ کابینەی هەشتەم بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان، ئەمەش جێگای تەقدیر و ڕێزلێنانە.

-ئایا ئاسایی بوونەوەی سیستەمی مووچە و پێدانی بەشێک لە پارەی بەڵێندەران بە مانای ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی ئابووریی کوردستانە وەدێتە هۆی بەرزبوونەوەی دەرفەتی کار و جوڵاندنی بازار، پێتان وایە ئابووریی کوردستان لە ماوەی ئەمساڵدا چەند گەشە دەکات؟

×سەفین دزەیی: ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، پەیوەندییەکی باشی لە نێوان بەڕێز عادل عەبدولمەهدی و هەرێمی کوردستان دروست کردووە. پێدانی بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغداوە وایکرد کە بڕیاری پاشەکەوت لە مانگی سێی ئەمساڵ هەڵبوەشێنرێتەوە و ئەو گفتگۆیانەی کە لەگەڵ بەغدا و وەزارەتی دارایی فیدراڵی هەیە، بەردەوام دەبێت. پێویستیشە دانوستاندن لە نێوان هەولێر

وبەغدا لە سەر دۆسیەکانی نەوت و گاز و کۆمەڵێک دۆسیەی دیکە هەبێت.

ڕابردوودا چەندین پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان سازکراون. هەوڵ و کوششەکان بۆ ئەوەیە کە کوردستان دووبارە بۆ ئەو پێشوەچوونە ئابووریەی 2005 تا 2013بگەڕێتەوە و داهاتوویەکی گەش بۆ کوردستان دەبینین. گرنگ ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکان لە کوردستان یەکڕیزی خۆیان بپارێزن و نیگەرانی خەڵک بەوە دەرەوێتەوە کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت و سەقامگیری سیاسیش هەبێت. ئەو کاتەیە کە سەرماگوزارانی خومالّی و بیانی لە کوردستان سەرمایەگوزاری دەکەن.

-چی بوون لێکەوتە سیاسی و ئابورییەکانی ڕیفراندۆم و هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ؟

* **سەفین دزەیی:** پیلانێکی زۆر مەترسیدار لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ تێکشکاندنی قەوارە سیاسییەکەی هەبوو. بەداخەوە ئەو پیلانە تا ڕادەیەک لە هەندێ شوێن سەری گرت. لە کەرکووک و هەندێ ناوچەی دیکە پێشمەرگە ناچار بوو پاشەکشە بکات. پیلان هەبوو کە شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بگرێن و قەوارەی یاسایی و دەستووری هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت. خۆڕاگری پێشمەرگە لە پلەی یەکەمدا، سیاسەتی ژیرانەی حکوومەت و سەرۆک بارزانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕاستی وایکرد کە ئەو پیلانە تێک بشکێت و سەرنەگرێت. پەیوەندیی دیپلۆماسی حکوومەت، بە تایبەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەل وڵاتان وایکرد کە دوا مانگی 2017 سەرۆک کۆماری فەرەنسا بە فەرمی بانگهێشتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پاریس بکات، هەنگاو بە هەنگاو توانرا پەیوەندیی لەگەڵ بەغدا چاک بکرێت، بەتایبەتی پاش هاتنی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی. ئەوە بەشێک بوو لە چارەسەرکردنی گرفتەکان، هەر چەندە گرفتمان لەگەڵ بەغدا ماوە، بەڵام دیالۆگ هەیە و عادل عەبدولمەهدی کەسێکە کە زیاتر دەتوانێت قسە و کاری لەگەڵ بکرێت و گەشبینین بەو دیالۆگەی لەنێوان هەردوو لاهەیە.

-پێشنیارتان بۆ کابینەی داهاتوو؟

* **سەفین دزەیی:** حکوومەتی داهاتوو تەواوکاری حکوومەتی ئێستا دەبێت، چونکە کاندیدی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کابینەی داهاتوو ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان ئەو پارتەی سەرۆکی حکوومەتی ئێستایە کە لە کابینەی هەشتەم حوکمڕانی دەکات. بۆیە سیاسەتی حکوومەت بەردەوامبوونە لەسەر هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری ئەو قەیرانانەی کە هەبووە تا بڕێوی خەڵک باشتر ببێت و خزمەتگوزاریەکان باشتر بن و ئەو پرۆژانەی کە بە نیوەچڵی ماونەتەوە، هەوڵ بدرێت تەواو بکرێن بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان. سەبارەت بە پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووری، بەهێزکردنی بناغەی سیاسەتی بازاری کراوە و کەرتی تایبەت، بەشێکن لە بەرنامەی سیاسیی بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتی و تەنانەت یەکێتیش زۆر بە ئاشکرا باس لە بەرنامەکانی خۆیان کردووە. ئەوە دەبێتە بنەمایەک بۆ پێکهێنانی کارنامەی حکوومەتی داهاتوو. لەوانەیە بارودۆخی کابینەی داهاتوو لە کابینەی هەشت گونجاوتر و باشتر و ئارامتر بێت و ئەو قەیرانانەی کە کابینەی هەشتەم پێی تێپەڕی، کابینەی نۆیەم نەیبێت، بەڵام لە هەمان ڕێچکە دەبێت بۆ پەرەپێدانی ئابوورییەکی باشتر و بازاری ئازاد و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و هەروەها ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری. پەیوەندیی لەگەل بەغداش بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەو سیاسەتە دەبێت کە دیالۆگ لە نێوان هەولێر و بەغدا هەبێت، چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای دیالۆگ، لەوانە ماددەی 140 و مەسەلەی نەوت، بودجە و دۆسیەی ئەمنی بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ئێستا مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعشی لێ هەیە، پێویستە هەماهەنگی نێوان هەولێر وبەغدا هەبێت. پێویستە ئەوەی کە هەیە باشتر بکرێت. ئەوانەبابەتی سەرەکین کە کابینەی نوێ هەڵوەستە لەسەر دەکات و تەواوکار و درێژە پێدەری کارەکانی کابینەی هەشتەم دەبێت.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
یەک شەممە 2019/4/14 ژمارە (5728)
www.xebat.net





بارزان.. بە سەدان کەس لە چین و تونژە جیاجیاکانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد

سەردانی چین و تونژەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە، لە درێژەی ئەو سەردانانەی چین و تونژەکان، بە سەدان کەس بۆ نوێکردنەوەی سۆز و پەیمان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانی سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد. هەموو ئەو شاندانەی کە سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کردووە لەلایەن نوێنەری سەرۆک بارزانی، خەلات بارزانی و لیژنەی پێشوازییەوە پێشوازیان لێ کرا و دوای دانانی تاجەگوڵینە سۆز و پەیمانیان بۆ ڕێبازی بارزانی لێ نوێدەوڵەتی کرد و دوای ئەوە بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پێشابوور و شاندی کۆمپانیای (KPR)، شاندی لقی 8ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە زاخۆ سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد.

دوێنێ شەمە، لە درێژەی سەردانیکردنی مەزاری نەمران، شاندی جەماوەری کلدانی و سریانی و ئاشووری و ئەرمەن و کریستیانەکانی عەنکاوە، شاندی لق و نووسینگەکانی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی پۆلۆتەکنیکی هەولێر، فەرمانبەرانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، بەرپرس و کادیران و ئەندامانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم ڕێکخستنەکانی لق و چین و تونژەکانی دەروبەری، شاندێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، دوای پێشوازیکران لەلایەن نوێنەری سەرۆک بارزانی و دانانی تاجەگوڵینە، سۆز و پەیمانیان بۆ ئەو ڕێبازە نوێ کردەوە و بەڵێنیاندا تا ماون لەسەر ئەم ڕێبازە درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەن تا گەلی کورد بە ئاواتەکانی دەگات. ل ڕۆژا 2019/4/10 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ و شاندێ فەرمانگەهێن حکومەتا هەرێمێ ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ سەردانا مەزارێ نەمران ل بارزان کر و

کۆنگرێسمانانی ئەمەریکا: هەرێمی کوردستان نمونەیەکی جوان و درەوشاوەی پێکەوەژیانی ئایینی و پێکهاتەکانە

بەمەبەستی سازدانی چەندین دیداری گرنگ بەشداری چەند کۆنفراسێکی پەیوەندیدار بەپێکەوە ژیانی ئایینی و لەسەر بەبانگهێشتی فەرمی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت بەیاوەری خالد جمال بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان سەردانی ئەمەریکای کرد. لەمیانی سەردانەکەیان لەبارەگای کۆنگریسی ئەمریکا چاوی کەوت بە ژمارەیەک لە سیناتۆر و کۆنگریسمانانی ئەمەریکا کە شارەزایەکی جینۆسایدیش تەواویان هەیە لەسەر بارودۆخی عیراق و کوردستان.

ڕۆژی دواتر لەگەڵ ڕۆبەرت والر بەڕێوەبەری نووسینگەی عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کۆبوەوە و دواتر سەردانی بارەگای ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی



USAID کرد و لەلایەن کرستۆفەر ملجیان ڕاوێژکار و مایکڵ هارفی یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینگەی ناوەندی و تیم زیمەر پێشوازی فەرمی لێ کرا. هەر لە میانەی دیدارەکەدا باسی لە پاڵپشتی ئەمریکا بۆ پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەکان لە هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها ئاماژەیدا کە ئەمریکا دەتوانێ لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵی زێتر ببینێ و هاوکارمان بێ بۆ زیاتر پاڵپشتیکردنی پەروەردە و پرۆگرامەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها چەندین بابەتی تر بەئاراستەی بەرەودانی زێتر بەگیانی پێکەوەیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان..

دواتر کۆنگرێسمانانی ئەمەریکا ڕۆڵی هەرێمی کوردستانیان بەرز نرخاند بە تایبەتی لە شەڕی تیرۆرو بەرەنگاربوونەوەی شەڕی داعش، هەروەها ئاماژەیاندا کە هەرێمی کوردستان نمونەیەکی جوان و درەوشاوەی ناوچەکەیە، بەتایبەتی لە ڕووی پێکەوەژیانی ئایینی پێکهاتەکان، لەدیدارەکەدا کۆنگرێس مان و بەرپرسانی بالای ئەمەریکا دووپاتیان کردەوە کە هەمیشە ئەوەی لەتوانادایێ پشتیوانی بەرەوپێشچوونی زێتری هەرێمی کوردستان دەکەن. ڕۆژی سێیەمی سەردانی وەزیری ئەوقاف بەئامادەبوونی بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە بەشداری دیدارێکی گرنگی کرد، دیدارەکە لەلایەن سام بروان باک سەرپەرشتی دەکرا، بابەتی بەڕێزیان بووە جێگەی خۆشحاڵی ئامادەبووان، ئامادەبووان لەبەشداریەکانیاندا ئاماژەیاندا بە جیاوازی بەرچاوی ڕەوشی ژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستان، پێیان وابوو کە کوردستان بۆ هەموو جیهان جێگەی شانازییە، چونکە لانە و ماڵی هەموو ئەوانەیە کە ڕووی تێدەکەن و هەمیشە خانەخوێ بووە بۆ لێقەومان و ئاوارەی جەنگە جیاجیا کانی ناوچەکە. هەر لەمیانی دیدار و کۆبوونەوەکانی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەزیری ئەوقاف دوو دیداری گرنگی تر ئەنجام دا.

ئەمڕۆ لە یادی کارەساتی ئەنفالدا ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە کەلار کۆدەبێتەوە



ئەمڕۆ 31،4/14 ساڵ بەسەر جینۆسایدی گەرمیانییەکان لە لایەن ڕژێمی سەددام حوسێنەوە تێدەپەڕێت، کە 182 هەزار هاوواڵاتیی سڤیلی تەنیا بە تاوانی کوردبوون ڕاگواست بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق و زیندەبەچاڵی کرد. ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕۆژی 4/14 کە ڕۆژی ئەنفالە لە کەلار کۆ دەبێتەوە، کۆبوونەوەکە سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت کە تایبەتن بە گەرمیان و خزمەتگوزاری بەو ناوچەیە. زیاد کاکە ڕەزا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: سبەی لە 31 ساڵەی جینۆسایدی گەرمیانییەکاندا لە شاری کەلار ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کۆدەبێتەوە کە کۆبوونەوەکە سێ تەوەر لە خۆ دەگرێت. کاکە ڕەزا گوتیشی: لە تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکەی سبەیی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیدا میواندارییە لێپرسراوانی ئیدارییە ئیدارەی گەرمیان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ زیادکردنی تانکی گاز کە لەمانگی 10ی ساڵی پار 400 میگاوات کارەبا زیادی کرد و پلانەکانیشمان بەردەوامە بۆ پسپۆری کارەبا و گازی سروشتی. ڕوونیشیکردەوە، وەزارەتی کارەبا لەگەڵ زیادکردنی بەرهەمی کارەباش کاری کردووە بۆ ئەوەی بەر بەخواستی کارەبا بگرێت، لەڕێگای دانانی پێوەری زیرەکەوە کە دەستی بەرێوەبەری گشتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان دوایین زانیاریی لەسەر کارەبای نیشتمانی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: چاوەڕوانی زیادکردنی ڕێژەی بەرهەم هێنانی کارەباین. ئومێد ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان، بۆ باسنیوز گوتی: لەماوەی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی گرفت بۆ کارەبای کوردستان دروستبوو، وەک پلانیش لەماوەی ڕابردوو ئێمە توانیمان ژێرخانی کارەبای هەرێم لە فەوتان ڕزگاربکەین، و خۆشبەختانە توانیومانە بەپێی خۆمانەوە بوەستین، ئەوەش دەرئەنجامی ئەو چاکسازییەی کردمان. گوتیشی: ئاراستەی دووەم ئەو وێستگانەی کە بەهۆی قەیرانەوە وەستابوون و بوودجە و پارەی زۆری دەویست، پلانمان دانا لەگەڵ

ئومێد ئەحمەد: چاوەڕوانی زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمهێنانی کارەباین



سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان: پێویستە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال قەرەبوو بکرێنەوە



دوای دەربازبوونی 31ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفالدا، هێشتا بڕیاری دادگا بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان جێبەجێ نەکراوە و شارەزایەکی جینۆسایدیش دەڵێ، پێویستە پرسی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان بەنێودەوڵەتی بکرێت.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوای بەڕێوەچوونی 61دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیار بوو کەسوکاری پرۆسەی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام جگە لە هاووڵاتییانی عەرەب تا ئێستا حکوومەتی عێراق ئامادە نییە کەسوکاری قوربانیانی پرۆسەکانی ئەنفال و جینۆساید قەرەبوو بکاتەوە، کە قەبارەی ئەو قەرەبووە یەکجار زۆرە.

پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردستان لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەڕێوەچوو و زیاتر لە 200 هەزار هاووڵاتیی سڤیلی کورد بوونە قوربانی.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان دەڵێت: ئێستا کەسوکاری قوربانیان دەبێ سکاڵا لە دادگا تۆمار بکەن بۆ وەرگرتنی قەرەبووەکەیان، بەڵام پێویستە ئێمە وەک هەرێمی کوردستان پرسی قەرەبووکردنەوە بکەینە کەیسێکی نێودەوڵەتی و لە دادگا نێودەوڵەتییەکان کاری لەسەر بکەین.

زەمان عەبدە ڕوونی کردەوە: بەپێی یاسا ئەگەر قەرەبووی خەڵکی کوردستان بکرێتەوە، گومانی تێدا نییە هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووریەوە دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، چونکە هەموو خێزانێکی خاوەن شەهید گوزمەیەکی یەکجار زۆر پارە وەردەگرێت و ئەوانەیشی زیانی ماددییان هەبووە بۆیان دەخەملێندرێت.

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: لە لێدوانێکدا ڕائیدی مافپەروەر هۆگر عەزیز گەلاڵی گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕونیکردەوە: لە هەڵمەتێکی پشکنیندا لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوان توانرا 4 کەس دەستگیر بکەن، کە سەرقاڵی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەربوون و پەراوێزی لێکۆڵینەوەیان بۆ کرایەوەو لەلایەن دادوەرەوە بڕیاری بەندکردنیان بۆ دەرچوو بەپێی مادەی 14ی ماددە هۆشبەرەکان.

چوار کەس بە تاوانی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەستگیرکران

گۆڤاری یادما دەردەچێت

گۆڤاری یادما کە خاوەنی ئیمتیازەکەی مەحمود ساحب نەجمەدینەو سەرنووسەرەکەی ئاوات مەحمود ساحبەو بارەگای سەرەکی لە شارەزوور- سلێمانیە، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەشێوەی وەرزی دەردەچێت، هەرکەسێک لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات. **07504934377**

پارتی پیرۆزبایی چلەمین ساڵیادی دامەزراندن لە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری دەکات





پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیشتمان تەواوی خەڵکی کوردستان بەرز هەڵسەنگاند، هەروەها ئاماژەی بە مێژووی پەیوەندییەکانی پارتی و بزووتنەوەی ئاشوری و گەلی کوردو پێکهاتەی مەسیحی و تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کراو تەکیدیش لە نەهجی پارتی بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان کرایەوە، هەرلەم دیدارەدا تیشک خرایە سەر ئەو هەنگاو و گۆڕانکارییانەی پێکهێنانی حکومەت و بەشداری لایەنە بەشداربووەکان و پاراستنی بەرژەوەندی و پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکان بۆ قۆناغی ئایندەی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە. هەرلەو دیدارەدا تەئکید لەپاڵپشتی پێشکەش کردنی خزمەتی زیاتر بەتەواوی چین و تۆێژەکان کرایەوە.

بۆ پیرۆزبایی 40 مین ساڵیادی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری، ڕۆژی هەینی 12/4بە نوێنەرایەتی بەرپرسی مەکتەب، شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی و بزووتنەوەی ئاشوری و عێراقی پارتی کە پێکهاتبوون لە بەرپرسی دیسکی پارتە کریستیانەکان و بەرپرسی ناوچەی عەنکاوە و ئەندامانی دیسک لە مەکتەب، سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوریان لە عەنکاوە کردو لەلایەن شەمعون شلێمۆن ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی هەولێری بزووتنەوەکەو ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازی کران. لە دیدارێکدا شاندی مەکتەب بەناوی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی 40مین ساڵیادی دامەزراندنی ئاراستەی سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی و تەواوی کادیرانی بزووتنەوەکە کردو هاوکات هەوڵ و تێکۆشانیان لە



بەرپرسی لقی 16: لەقۆناغی داهاتوودا خزمەتکردنی نیشتمان و نەتەوەکەمان دەکەوێتە ئەستۆی نەوەی ئێستامان

پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیشتمان تەواوی خەڵکی کوردستان بەرز هەڵسەنگاند، هەروەها ئاماژەی بە مێژووی پەیوەندییەکانی پارتی و بزووتنەوەی ئاشوری و گەلی کوردو پێکهاتەی مەسیحی و تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کراو تەکیدیش لە نەهجی پارتی بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان کرایەوە، هەرلەم دیدارەدا تیشک خرایە سەر ئەو هەنگاو و گۆڕانکارییانەی پێکهێنانی حکومەت و بەشداری لایەنە بەشداربووەکان و پاراستنی بەرژەوەندی و پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکان بۆ قۆناغی ئایندەی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە. هەرلەو دیدارەدا تەئکید لەپاڵپشتی پێشکەش کردنی خزمەتی زیاتر بەتەواوی چین و تۆێژەکان کرایەوە.

بۆ پیرۆزبایی 40 مین ساڵیادی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری، ڕۆژی هەینی 12/4بە نوێنەرایەنی بەرپرسی مەکتەب، شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی کە پێکهاتبوون لە بەرپرسی دیسکی پارتە کریستیانەکان و بەرپرسی ناوچەی عەنکاوە و ئەندامانی دیسک لە مەکتەب، سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوریان لە عەنکاوە کردو لەلایەن شەمعون شلێمۆن ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی هەولێری بزووتنەوەکەو ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازی کران. لە دیدارێکدا شاندی مەکتەب بەناوی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی 40مین ساڵیادی دامەزراندنی ئاراستەی سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی و تەواوی کادیرانی بزووتنەوەکە کردو هاوکات هەوڵ و تێکۆشانیان لە

دکتۆر فارس بریفکانی: ڕێژەیا دەرمانێن هەرێما کوردستانێ دێهێتە زێدەکرن





بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر: چەند مانگێکی دیکە پڕۆژەی دانانی پێنج هەزار کامێرای چاودێری تەواو دەبێت

کەلار... کۆنفرانسی گەشەپێدانی گەرمیان بەڕێوەچوو

خەبات- سەبریە یوسف: بە ئامانجی کارکردن بۆ گەشەپێدانی ناوچەی گەرمیان، دوێنێ لە چوارچێوەی چالاکیەکانی یادی 31 ساڵەی تاوانی ئەنفالدا، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، کۆنفرانسی گەشەپێدانی گەرمیان بەڕێوەچوو. لەو بارەوە، بژار ڕەحمان، ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی گەشەپێدانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند دەمانەوێت یادکردنەوەی تاوانی ئەنفال ئەمساڵ جیاواز بێ لە ساڵانی ڕابردوو، ئەویش بەوەدەبێ بەخستنە ڕووی پڕۆژەو سەرنج بۆگەشەپێدانی ناوچەکە کۆنفرانسی تایبەت بەگەشەپێدان ناوچەکە ئەنجام بدەین. وتیشی: لەپلانماندایە ساڵانە کاری لەم شێوەبکەین لەڕێگەی ئەنجامدانی کۆنفرانسەوە ناوچەکەمان گە شەپێ بدەین. ئەوەشی خستەروو کۆی سەرنج و پێشنیارەکان لەگۆڤارێکدا کۆدەکەینەوەو پاشتر لەگەڵ لایەنەپەیوەندی دارەکان هەوڵی جێ بەجێکردنیان دەدەین.

د. فارس بریفکانی، ئەندامێ لیژنا ساخلەمیێ ل جڤاتا نوونەرێن عیراقێ بۆ باسنیوز دیار کر، مە وەکو لیژنا ساخلەمیێ بەردەوام کومبوون ل گەل وەزیرێ تەندروستیا عیراقێ هەنە و بریار هاتیە دان ئەندامەکێ لیژنا ساخلەمیێ ل جڤاتا نوونەرێن عیراقێ بۆ هەرێما کوردستانێ دیار کر، ل دووڤ بۆدجەیا نوو یا 2019 یا عیراقێ ڕێژەیەکا باش یا دەرمانان بۆ هەرێما کوردستانێ هاتیە تەرخانکرن و دێ ژ سالێن بۆری زێدەتر بیت.

جێبەجێکردنی پلانی ئەمنی لە شاری هەولێر کراوە کە دانانی پێنج هەزار کامێرای چاودێری لەخۆدە دەگرێت. ڕوونیشی کردەوەکە لە چەند مانگێکی دیکە پڕۆژەکە کۆتایی دێت و کامێراکان بە مانگی دەستکردەوە دەبەسترێنەوە، بەو هۆیەوە پێشبینی کرد کە کۆتاییهاتنی تەواوەتیی پڕۆژەکە کەمێک کاتی پێویست بێت. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر پێیوایە کە لەگەڵ دانانی کامێراکانی چاودێری، دۆخی ئەمنیی شاری هەولێر بەهێزتر دەبێت و کامێراکانیش هاوکارێکی باشی دەزگا ئەمنییەکان دەبن.

بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاشکرای کرد کە پڕۆژەی دانانی پێنج هەزار کامێرای چاودێری لە جێبەجێ کردنایە و چەند مانگێکی دیکە تەواوی پڕۆژەکە کۆتایی دێت. لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بە باسنیوزی ڕاگەیاند، دەست بە

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای مەزن و دڵۆڤان

بەڕێز کاک مەلا عەزیز عەلی جان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو گوڵباغ عەلی بابەجانی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوخەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خاوەدی عەبدولقەهار محەمەد مستەفا

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و کادیری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن عەبدولقەهار محەمەد مستەفا- مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ بەڕێز کاک جەمال مورتکە

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامی بەڕێزتان، مامە کارەسول مورتکەیی- مان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی جەنابتان و خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتانین و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

***

بۆ بەڕێز مفەوەزی یەکەم ئەنوەر کەمال

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوسەری بەڕێزتان (شەونم مەغدید محەمەد)مان پێگەیشت. کە دەکاتە ئامۆزای هەریەک لە هاوکارانمان سەنگەر حوسێن و سەرکار حوسێن و ئەحمەد جەمال.

بە ناوی سەرنووسەر و ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی جەنابتان و خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

تێبینی/ ئەمڕۆ دووەم ڕۆژی پرسەکەیەتی لەمزگەوتی محەمەد فەوزی لەگەڕەکی کۆێستان.

انا لله وانا الیه ڕاجعون

سوپاس و پێزانین

بەبۆنەی ئەو ڕووداوەی کە تووشم بوو، زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دەکەم کە بە تەلەفۆن هەواڵیان پرسیم و بەنارەزی برایان کاک دڵشاد و سیهاد و سیداد خوا تەمەنیان درێژ بکات و هیچ کۆسپێک نێتە پێشیان.

سوپاسی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم بە هاتنی بۆ نەخۆشخانە و هەواڵ پرسینمان.

سوپاسی کاک مسرور بارزانی دەکەم بە هەواڵ پرسینیان بە تەلەفۆن. زۆر سوپاسی کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەم بە هاتنیان بۆ نەخۆشخانە و هەواڵ پرسین، هەروەها سوپاسی دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق و سید عماد الحکیم دەکەم لە هەواڵ پرسینیان بە تەلەفۆن.

سوپاسی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی هەموو حزبەکان و لایەنە سیاسیەکان دەکەم لە هەواڵ پرسینیان.

سوپاسی پەرلەمانتاران و وەزیرە بەڕێزەکان و بریکارەکانیان و پاریزگاری هەولێر و قونسوڵەکان و هەموو لێپرسراوانی حزبی و حکومی و پۆلیس و زێرەڤانی و پێشمەرگە و ئاسایش و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیاوانی ئایینی و عەشیرەتە بەڕێزەکان بەتایبەتی هەموو بەرەبابەکانی عەشیرەتی دزەیی و خەڵکی بە ئەمەکی دەشتی دزەیی دەکەین. سوپاسی هەموو ئەو هەڤاڵ و خوشک و برایان کە هاتنە سەردانمان لە ماڵەوە یان لە نەخۆشخانە یان بە تەلەفۆن یان بە نامە لە هەواڵ پرسینم.

داواکارین لە خوای مەزن کە هەموو لایەک بپارێزی و دووربن لە هەموو ناخۆشییەک.

محسن دزەیی
2019/4/14

***

بەبۆنەی ئەو ڕووداوەی کە بەسەرم هات، زۆر سوپاسی دکتۆر شاخەوان دزەیی دەکەم کە شەوی ڕووداوەکە بە هانام هات، هەروەها سوپاسی دکتۆر سامان بەرزنجی و دکتۆر سالار چیچۆ و دکتۆر ئازاد ئەنوەر دەکەین.

سوپاسی دکتۆر و کارمەندان و ستافی نەخۆشخانەکانی ڕۆژئاوا و ڕزگاری دەکەم.

زۆر سوپاسی نەخۆشخانەی ژینی تایبەت و هەموو دکتۆرەکان و کارمەندانی نەخۆشخانەکە دەکەین کە ئەرکێکی زۆریان کێشا لەکاتی مانەوەمان لە نەخۆشخانە. سوپاسی تایبەتی بۆ دکتۆر نەجمەدین کەریم کە چەند جارێک هاتە سەردانم و هاوکاری لەگەڵ دکتۆرانی تر کرد بۆ چارەسەرکردنم. داوای سەرکەوتن لە هەموو ئەو بەریزانە دەکەم و هیوایی تەمەن درێژی بۆ هەموو لایەک.

محسن دزەیی
2019/4/14

گەنجێکی نەخوێندەوار تا ئێستا 20 قوتابخانەی نۆژەنکردۆتەوە
ئەگەر خوێندەواریم هەبووایە دەمتوانی زیاتر خزمەت بکەم

خەبات/ ڕۆشنا عەلی

لەوتەی قەیرانی داراییە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە ڕووبان لە خێر خوازان کردووە بۆ هاوکاریکردنییان لە نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی قوتابخانەدا ، هەرچەند ئەم بە دەنگەوە هاتنە تا ئێستا وەک پێویست نەبووە ، بەڵام ژمارەی ئەوانەشی خزمەتییان کردووە بە پرۆسەی پەروەردە لەم ڕووەوە کەم نین ، گەنجێکی شاری هەولێریش لەو ڕوانگەیەوەو لە ئاست خۆی و بەسەرمایەکەی دەستی بە کاری خۆبەخشی بە هەمان مەبەست کردووەو وەک خۆشی دەڵێت تا ئێستا 20قوتابخانەی نۆژەنکردۆتەوەو کاری تێدا کردووە لاپەڕەی پەروەردە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەشقی هەرکی ئەو گەنجە نەخوێندەواڕە ڕێککەست.



پەیامنێری خەبات لەکاتی دیمانەکە



ئامانجی من ئەوەیە گرنگی بە خوێندن بدرێت

کاری نۆژەنکردنەوە

سەرەتا دەربارەی ئەوەی کە تا ئێستا چەند قوتابخانەی لەسەر ئەرکی خۆی نۆژەنکردۆتەوە؟ ئەشقی هەرکی بۆ خەبات ئاماژەی بەوەدا کە ئەو چاوی زۆر لەوە زیاترە کە کردوویەتی ئەو وتی " تا ئێستا زیاتر لە 30 قوتابخانەمان نۆژەنکردۆتەوە و بەرنامەم ئەوەیە بگەمە 50 قوتابخانە کە ماوەی نۆمانگێکە دەستم پێکردووە لە سلێمانیش بەرنامەم هەیە 50قوتابخانە نۆژەنبکەمەوە لە دهۆکیش بە هەمان شێوە 50قوتابخانە پێشم خۆشە سلێمانی و دهۆک هاوکارین .

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بڕی چەند پارە لە هەر قوتابخانەیەک خەرج دەکات هەرکی وتی " من بۆ هەر قوتابخانەیەک تەماشای کەم و کورپییەکانی ئەکەم پێویستی بەچی هەبێت لە 60%ی نۆژەندەکەمەوە بۆنمونە پێویستی بە بۆیاغ بێت یان کێشەی بۆری و ئاوەڕۆ کاشی سەقف سانەوی و هەندێ کەم و کوڕی کە هەبووە نۆژەنکردۆتەوە هەندێ جاریش زیاترمان کردووە قوتابخانەکە پێویستی پێی هەبووە 70%مان بۆ نۆژەنکردۆتەوە.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا پێداویستی قوتابخانەیان دابینکردووەئاماژەی بەوەدا کە ئەوان تانها کار لەسەر نۆژەنکردنەوە دەکەن وەکو پێویست لەو لایەنەوە کاریان نەکردووە ئەو وتی "کەمتر ئێمە کار لەسەر ئەو پێداویستییانە دەکەین بەڵام زیاتر کاری نۆژەنکردنەوەیە.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا هیچ قوتابخانەیەکیان دروستکردووە؟ وتی " نەخێر تا ئێستا نەمانکردووە ، بەڵام بە نیازم لەبەرنامەم دا هەیە لە مانگی شەشی ئەمساڵ دا دەست بە دروستکردنی قوتابخانەیەک بکەم.

قوتابخانەی گوندەکان

بۆ قوتابخانەی گوندەکان ئایا بەرنامەتان نییە کار بۆ ئەو قوتابخانانە بکەن کە ئەوان زۆر پێویستییانە ؟ ئێمە تا ئێستا لە ناو سەنتەری شار کارمان کردووە ، بەڵام دوای ئەو بیست قوتابخانەیە بەرنامەم ئەوەیە لە گوندەکان کار بکەم.

چۆن قوتابخانەکان دەستنیشان دەکەیت بۆ نۆژەنکردنەوە خۆت دیاری دەکەیت یان لە ڕێگای پەروەردەکانەوە بۆت دەستنیشان دەکەن ؟

خۆم سەردانی دەکەم لە نزیکەوە بۆئەوەی بزانم ئەو قوتابخانەیە کێشەکەی چییە و پێویستی بە چی هەیە ؟

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئامانج لەم کارەت چییە کە تۆ قوتابخانەو قوتابخانە ئەگەڕێیت و کاری تیا دەکەیت ؟ئەو وتی " ئامانجی من ئەوەیە گرنگی بە پەروەردە بدرێت گرنگی بەو منداڵانە بدرێت کەلەو قوتابخانەیە دەخوێن وەزارەتی پەروەردە بە پلەی یەکەم و هەرکەسیش لە ئاستی خۆی مامۆستایە بەڕێوەبەرە ،چونکە ئەو منداڵانە ئایندە بونیاد ئەنێن من خۆم هیچم نەخوێندووەو براوانامەم نییە حەزناکەم کەس وەک منی لێ بێت من ئەگەر بمخوێندایە ئەمتوانی لە بواری تردا زیاتر خزمەتم بکردایە خوێندن زۆر زۆر گرنگە .

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بیرۆکەی ئەم نۆژەنکردنەوەیە لەچییەوە سەری هەڵدا ئەو وتی " لە گەلەیانەوە سەری هەڵدا کە لە زۆر شوێن گوێبیستی دەبووین کە گوایە قوتابخانەکان زۆر خراپ بوون و کۆن بوون و خوێندنی تێدا ناکرێت و کۆمەڵێک گلەی دیکە کاتێکیش پرسیارم ئەکرد لە قوتابییەکان ئەگەر قوتابخانەکەت خاوێن بێت حەزت زیاتر لە خوێندن دەبێت بێگومان دەیگوت بەڵێ بەراستی ئامانجی من سوود گەیاندنە بە قوتابی.

تۆ هیچ ڕێکخراوێک لە پشتە یان تەنها لەڕێگای دارایی خۆت ئەو کارە دەکەیت؟

تەنها لە ڕێگای دارایی خۆم و هیچ ڕێکخراو کەسێکم لە پشت نییە.

تاچەند پەروەردەکان هاوکارن یان بەڕێوەبەرەکان؟

من حەز ناکەم هیچ ڕۆژێک بە هۆی کاری من لە قوتابخانەیەکدا قوتابی دەوام نەکات یان خوێندنەکەی پەکی بکەوێت من ئەمەوێ خوێندنی ئەو بەردەوام بێت و ئیشی منیش بەردەوام بێت بەڵێ زۆر هاوکارن هەندێکییان.

بەکر کەریم حەسەن*



بنیاتنانی مرۆڤی کوردستان و پرۆگرامەکان

نوسەر و ڕۆژنامەنووسی میسری جەلال عامرەلێ" کشتوکال برسیەتی ناهێلێ، پیشەسازی پێداویستییەکان دابین دەکات، بەڵام پەروەردە و فێرکردن نیشتمانێک دەچێنێ و دروستی دەکات ". کە نیشتمانێک چاندراوە دروست کراوە بێگومان مرۆڤەکانن نیشتمانەکەیان بنیاتناوە، بەڵام پێشتر مرۆڤەکان بنیات نراون لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردن، واتە کلیل و هەنگاوی یەکەمی بنیاتنانی مرۆڤ پەروەردە و فێرکردنە. بۆیە گرنگە وە پێویستییەکی نیشتمانی و نەتەوایەتییە ئەوپەڕی گرنگی بە کۆی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بدەین لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێک سەرەتا پێویستە یەکەم لە پرۆگرامەکانی خوێندنی هەر سێ قۆناخی باخچەی منداڵان و قۆناخی بنەڕەتی و قۆناخی ئامادەیی دەست پێ بکەین، پرۆگرامێک لە هەر قۆناخێک تەواو کەر و دڕێژەپێدەری قۆناخەکانی پێش خۆی بێت، پرۆگرامێک بێت چۆن بتوانین مرۆڤی کوردستانی بنیات بنێین، بێگومان ئەوەش ئەرکی ڕاستەوخۆی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکانە، دەکرا چەند سالێک بەر لە ئێستا و ئێستاش درەنگ نییە پرۆگرامەکانمان گوزارشتیان بکردایە لە واقیعی ئەورۆی کوردستان و ڕاهێنان و پەروەردە کردن و فێرکردن و تێگەیاندنی ڕۆڵەکانمان لە سەر پرەنسیپی بەها کۆمەڵایەتییەکان و کارامەییەکانی کۆمەڵایەتی و ژیان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی تاک بە تاکی بە ڕۆڵەکانی کوردستان هەیە، جگە لەوەش ئەرکی ڕاستەوخۆی وەزارەتی پەروەردەیە کە سوود لەو جۆرە پرۆگرامانە وەربگرێ کە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێن چەندەها ساڵە. بێگومان ئامانجی ڕاستەوخۆی پێکاوە لە بنیاتنانی مرۆڤ هەر بۆ نمونە لە وڵاتانی (ژاپۆن و کۆریای باشور و سەنگاپورە و ماڵیزیا و ئیمارات و لوبنان و ئوردون و میسر و ....)دەیەها وڵاتانی تر ئەو جۆرە پرۆگرامانە دەخوێن و ئەنجامیان هەبووە. گرنگە لە هەرێمی کوردستان نەخشە ڕێگا و ستراتیژیەتێکی ڕوون و دیدگایەکی ڕۆشنی دوور مەودامان هەبێت پاڵپشت بە کۆمەڵێ پرەنسیپی ڕاست و دروست و پتەو کە ئامانجی سەرەکیمان بنیاتنانی مرۆڤی کوردستانی بێت لە سەر کۆمەڵێ بنەما و پرەنسیپ لە پرۆگرامەکان و پەرتووکی قوتابیان لە سەرجەم قۆناخەکان ڕەنگ بداتەوە و قوتابیان پەروەردەی کۆمەڵێ چەمک و ئادکاری جوان و پێویست بکات هەروەکو لە وڵاتانەی باسمان کردن پەیڕەو دەکرێن، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستییەکی زۆر و بەردەوامان هەیە بۆ بنیاتنانی مرۆڤی کوردستانی لە هەموو ڕوویەکەوە لە پێش هەموویان لەسەر خۆشەویستی بۆ خاک ونیشتمان فرچک بگرێ و متوو بێت و هەرگیز نەتوانێ دەستبەردار و سازشکاری بستێ لە خاکی نیشتمان بێت و لەگەڵ بەهێزبوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان و فێربوونی کارامەییەکانی ژیان، چونکە بنیاتنانی مرۆڤ پێویستە ئەو پرەنسیپ و بنەما نەگۆڕانە لە ناخی هەر تاکێک ڕەنگ بداتەوە و لەگەڵی گەشە بکات و گەورە بێت.

جارێکی تر جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە پێویستە وەزارەتی پەروەردە هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بێت کە پرۆگرامەکانیان ئاماژە و هێما و چەقی قورسایین بۆ بنیاتنانی مرۆڤ، بەردەوامیمان لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەبێت لەسەر زەوی لە قوتابخانەکانمان لە پرۆگرام و پەرتووکی قوتابییەکانمان ڕەنگدانەوەی پرۆگرامەکانی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە ببینن کە ئامانجیان بنیاتنانی مرۆڤە، تاوەکو ئێمەش بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆمان هەڵسین وەکو وەزارەتی پەروەردە لە بنیاتنانی مرۆڤی کوردستانە.

ئەزموونی مامۆستایەک

ئاهەنگ مەلا فەندی: خراپی ڕەوشی پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ ناچێگیربوونی سیاسەتی پەروەردە و یاساکانی

ئامادەکردنی: ڕۆشنا عەلی

ئەزموونی مامۆستایەک گۆشەیەکی هەفتانەی لاپەڕەی پەروەردەو خوێندنە ئەو مامۆستایانە بەسەردەکاتەوە کە تەمەنییان بۆ خزمەتی پیشەیی مامۆستایی و پەروەردە تەرخانکردووەو لەسەردەمێکدا خزمەتییان بە قوتابیان و منداڵانی کوردستان کردووە ، ئەزموونی ئەم هەفتەیە ئەزموونی مامۆستا (ئاهەنگ مەلا فەندیی) ە کە مامۆستاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خانەنشینە لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر لەساڵی 1947 لەشاری هەولێر لە دایک بووە لەساڵی 1971ەوە مامۆستایە و پسپۆڕی بایۆلۆجی (زیندەوەر زانییە)و یانزە ساڵیش وەک سەرپەرشتیار کاری کردووە.

ئەزموونی خۆی

مامۆستا ئاهەنگ مەلا فەندی باسی لە ئەزموونی خۆی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە هەشت ساڵ وەک سەرپەرشتیاری یەکەم وپسپۆڕی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر خزمەتی کردووە و 22و ساڵیش تەمەنی کارکردنییەتی تەنها وەک مامۆستا هەروەها خۆی ئاماژەی بەوەدا کە بەشداری هەمور ئەمانە هۆکارن .

دەربارەی ئەوەی کە ئایا مامۆستا چۆن خودی خۆی پێشبخات ئەو وتی " ئامۆژگاری من بۆ مامۆستا ئەوەیە ئەگەر بیەوێت سەرکەوتووبێت دەبێت پیشەکەی خۆی خۆشبوێت هەوڵ بدات زانیاری خۆی پەرە پێببدات ڕەچاوی لایەنی پەروەردەیی بکات نەک تەنها زانستی .

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ڕوانگەی ئێوە چییە لە نێوان مامۆستای سەردەمی ئێوەو مامۆستای ئێستا ئەو مامۆستایە ئاماژەی بەوەدا کە بە بۆچونی ئەو مامۆستای چەندین کۆنفرانس کردووە و لە لیژنەی دانانی پرۆگرام و سیستەم بووە.

پرسیارم لێکرد کە ئایا لە ئێستادا ڕەوشی پەروەردە چۆن ئەبینی مامۆستا ئاهەنگ ئاماژەی بەوەدا کە باشی نابینێت و هۆکاری ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ ناچێگیر بوونی سیاسەتی پەروەردە ئەو لەمبارەیەوە وتی : بە بۆچونی من خراپییەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ناچێگیربوونی سیاسەتی پەروەردە کەسێتی و یاساکان و بۆنمونە پرۆگرامەکان دەگۆڕێن بێ ئەوەی مامۆستای بۆ ئامادە بکەن و بەرزنەکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستا و سەرەڕای خراپی باری ئابووری مامۆستا کۆن زیاتر هەستی بەبەرپرسیارێتی ئەکرد ،ئەو وتی "مامۆستای پێشوو زیاتر هەستییان بەبەرپرسیارێتی ئەکرد و لە کۆنیشدا زیاتر گرنگی بەلایەنی پەروەردەیی ئەدرا و هاوکاری مالەوە لە گەڵ قوتابخانە زۆرتر بوو ئێستا ئەم هاوکارییە باش نییە بگرە لاوازیشە.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بۆ داهاتوو پێشنیاری کێ دەکات وەک مامۆستایەکی بە ئەزموون ئاماژەی بە هەردوو مامۆستا ئەستێر ئەحمەد ئاکۆ و مژدە هاشم کرد ، ئەزموونی مامۆستایەک لە ئایندە هەوڵ دەدات هەردوو مامۆستا بەسەربکاتەوە .



مامۆستا لەکاتی چالاکیەکانی



ئاهەنگ مەلافەندی

لە 31 هەمین ساڵیادی ئەنفالدا

تکایە هەڵوەستەیەک

ملا حاتم حمەجان*

31ساڵ لەمەوپێش و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ 14/4/1988لەبەرچاوی هەموو دەوڵەتانی بریار بەدەستی ئەم جیهانە، دڕندەترین ڕژێم کەڕژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ بوو، بەبێ شەرم کردن لەهیچ یاسایەکی خودایی و مرۆڤایەتی، کەوتە گیانی میلەتێک کە میژوویەکی دوور و درێژی وای هەیە، هیچ گەلێکی تر لەناوچەکەدا ئەو میژووەی نییە.

ئەوەی پێیدەڵێن ڕەفتار و کرداری قێزەون بەرانبەر گەلی کورد کردی کە هیچ مرۆڤ دۆستێک ناتوانێت تەنانەت گرتە قیدۆیەکانیش ببینێ کە چۆن کۆمەڵ بە کۆمەڵ لە منداڵان و ژنان و پیاوانی گەنج و پیری ئەم کوردستانەیان (قەتڵ عام) کردووە و بە زیندوویی خۆڵیان بەسەردا کردووە، یاخود ترسناکترین چەکی کۆمەڵ کوژیان لەسەر تاقی کردوونەتەوە پاشان لە بیابانە دوورەدەستەکانی سنوورەکانی عێراقدا بەتایبەتی سنوری وڵاتانی سوریا و ئەردەن و وڵاتی سعودیە لە چۆڵەوانییەکانی سەماوە و عەرعەردا زیندە بەچاڵیان کردوون. ئەم ڕاستییانە و دیکۆمێنتەکانیان لەدوای نەمانی ڕژێمی دڕندەی بەعسی سەدام لە9/4/2003بەدەرکەوتن کە لەسنووری گشت پارێزگاکانی ڕوماڵدی و سەماوە و دیوانیە و لەزیندانە وەحشی گەرییەکانیان لە نوگرەسەلمان و دوبز و تۆپزاوا و زۆر ناوچەی دیکەش گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە، بەتایبەت سنوری چیای حەمرینی سەربەپارێزگای دیالە کە سەدان گۆڕی دیکە لە شوێنە جیاجیاکانی خواروو عێراق هەیە کە تاکو ئێستا نە دۆزرانەتەوە یاخود دۆزرانەتەوە و نەتوانراوە بیانهێنێتە زێدی باووباپیریان کە خاکی کوردستانە.

هەموو ئامانجی دوژمن و داگیرکەران تواندەوە و لەناوبردنی گەلی کورد بوو کە لە هیچ ڕوویەکەوە لە گەلانی ناوچەکە کەمتر نییە بەڵکو زیاتریشە. دوژمنەکانی کورد بەتایبەتی سەرانی ڕژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ ویستیان ئەوەی لە میژووی دوور و درێژدا نەکراوە دژی کورد ئەمان بەنیازبوون بیکەن و نیازە گلاوەکانیان بهێننەدی. ئەنفال کردنی میلەتی کورد هەر لەیەک لاوە نەبوو بەڵکو بەشێوەیەکی پیلان بۆ دارێژراو لە زۆر لاوەبوو وەکو: 1- ژینۆسایدی جەستەیی 2- ژینۆسایدی میژوویی 3- ژینۆسایدی کەلەپوری 4- ژینۆسایدی کەلتووری 5- ژینۆسایدی توانەوەو ونکردن 6- ژینۆسایدی ئابووری کە هەریەکێک لەمانە مانای تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر شرۆڤە و وردەکاری یاساییانەی بۆ بکرێت؟!، ئەوا ئامانج لێیان بە تەواوی نەهێشتنی میلەتێک بووە لەسەر خاکی خۆی. بەڵام سوپاس بۆ خوا خۆیان توانەوە و خۆیان گۆڕبەگۆڕ بوون هاوهەڵوێستەکەیان هەڵوەشانەوە ، بەڵام لێرە گرنگ ئەوەیە کە ئێمەی کورد ئەم هەموو تاوانانە بەهەند وەربگرین کاری لەسەر بکەین کە چیتر دووبارە نەبێتەوە کە ئەوە بزانن کە دوژمنەکانمان دوژمندارێی کورد و کوردستان دەکەن نەک دوژمنداری گرووپێک یان لایەنێک. هەروەکو باوکم کە زیندانیی نوگرەسەلمان بوو ساڵی (1988) کە دوای دابڕاندنی لە گەنجەکان لە زیندانی تۆبزاوەی کەرکوک و بردنیان بۆ زیندانە پڕمەترسیدارەکەی نگرەسەلمان ئەیوت: " دوو ئەفسەری ئەمنی سەماوە بەناوەکانی حەجاج و کازم، هەرچی دڕندەیی هەیە لەسەر گۆی زەوی لە ئەوان بێبەزەبیتر و دڕندەتر نابێت، ئەمانە بەدار و قامچی دەکوتنە گیانی خەڵکی بێ تاوان و پەک کەوتە و پیر و بەتەمەنەکان تاهێزیان تێدا بوایە دەیان کوشتن و دارکاریان دەکردن. باوکم گێڕایەوە: "جار هەبووە لە ئەو لێدانە زیاتر لە (10)کەس کوژراوە بە بەرچاوی هەموومانەوە". هەروەها باوکم گێڕایەوە: "پێیان دەگوتین ئێمە دەزانین پێشتر هەریەکێک لە ئێوە لە گرووپ و حزبێک بووین، بەڵام ێیمە لەسەر کوردبوونتان دەتانکوژین". بۆیە ئالێرەدا ئێمەیش وەکو کەس و کاری ئەم هەموو تاوانانە بەهەند وەرگرین کە چیتر دووبارە نەبێتەوە کە ئەوە بزانن کە دوژمنەکانمان دوژمندارێی کورد و کوردستان دەکەن نەک دوژمنداری گرووپێک یان لایەنێک. بەڵام سوپاس بۆ خوا خۆیان توانەوە و خۆیان گۆڕبەگۆڕ بوون هاوهەڵوێستەکەیان هەڵوەشانەوە ، بەڵام لێرە گرنگ ئەوەیە کە ئێمەی کورد درێژدا نەکراوە دژی کورد ئەمان بەنیازبوون بیکەن و نیازە گلاوەکانیان بهێننەدی. ئەنفال کردنی میلەتی کورد هەر لەیەک لاوە نەبوو بەڵکو بەشێوەیەکی پیلان بۆ دارێژراو لە زۆر لاوەبوو وەکو: 1- ژینۆسایدی جەستەیی 2- ژینۆسایدی میژوویی 3- ژینۆسایدی کەلەپوری 4- ژینۆسایدی کەلتووری 5- ژینۆسایدی توانەوەو ونکردن 6- ژینۆسایدی ئابووری کە هەریەکێک لەمانە مانای تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر شرۆڤە و وردەکاری یاساییانەی بۆ بکرێت؟!، ئەوا ئامانج لێیان بە تەواوی نەهێشتنی میلەتێک بووە لەسەر خاکی خۆی. بەڵام سوپاس بۆ خوا خۆیان توانەوە و خۆیان گۆڕبەگۆڕ بوون هاوهەڵوێستەکەیان هەڵوەشانەوە ، بەڵام لێرە گرنگ ئەوەیە کە ئێمەی کورد



سایکۆلۆژیای سروشت سوودەکانی سروشت

د. نەسرەدین ئیبراهیم کۆڵی*

2 کۆتایی

لە پەراوێزی هاتنی بەهار، ئەو وەرزەی لە شارستانیەتی کۆنی کورددا پیرۆزی خۆی هەیە دەبێ بزانین کە کۆمەڵگەی کوردەواری خاوەن فەلسەف و چەمک و تێڕوانینێکی دەوڵەمەند و تایبەتە بۆ سروشت و ژینگەش، کە کەمتر نەتەوەیەک هەیەتی، و ئەو تێروانینە پێشینەیەکی میژینەی هەیە، و تیایدا خاک و ئاو و ئاگر و هەوا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، و لە هەمووی گرنگتر بەهای دار و درەختە. ئەو بەهایە تا ئێستاش لە نێو زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان بەدیدەکرێت وەک هەوارمان، خۆشاوەتی، بارزان، و ...هتد.

سروشت وەک ئاوێنەی خۆیت و پەزدان ناسینەوە

ئەگەر هەندێ لە فەیلەسۆفەکان لەو بڕوایەدان بۆ ناسینەوەی خۆا بیر خودی خۆت بکە ڕەوانێ، ئەوەتا دەکرێ بە هەموو جورئەتەوە بگوترێ نەک تەنیا مرۆڤ، بەڵکو سروشت گەورەترین و زیندووترین بەڵگەی بوونی خواوەندە. ئەگەر دەتەوێ خۆت بە پلەی یەکەم و خوای خۆت بە پلەی دووهەم بناسیتەوە، ئەوەتا باشترین کار ئەوەیە کە پەنا بۆ سروشت ببەی. لە سروشتدا ئەو ڕاستیانە بە ڕاشکاوانە دەدۆزییەوە. بە بوونی خۆت لەنێو سروشتدا باشترین بەڵگە بۆ ناسینەوەی خۆت و خوای خۆت دەدۆزییەوە. بە بوونت لە ناو کێو و بەرد و شاخ و دەشت و ڕووبارەکاندا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکەیت و هەست بە گەورەیی و بێ هاوتایی خوای گەورە و میهرەبان دەکەی. سروودی ڕووبارە زۆڵال و ساف و بێ مەکیاجەکانی سروشت سیمفۆنیەکانی بێتهۆڤۆن بێ واتا و بێ ڕامان دەکات. ئەگەر تەنیا چەند ساتێک بە نێو باخچەیەکدا هەنگاو بنێی و وەرز وەرزی پاییزان بێ و خش خشی پەلکە وەریوەکانی دارو درەخت و گوڵ و گیایەکان لەژێر پایەکانت چیرۆکی ژیان دەخوێنن. ژیان لەیەکەم ساتەکانییەوە تا کاتی مردن و هەڵوەرینە. لە دەستپێکی خونچە بوون و سەوزبوون و دواتر هەڵگەڕان بەرەو زەردایی و کەوتنەخوارەوبوون بە خەرمانێک چلوو دواتر خۆڵێکی بێ دەڵات. ئەگەر ماوەیەکی کەم لەنێو بەردەکانی کێوەکان بەسەر ببەیت و پیاسەیەک بە نێویاندا بکەیت ئەوان زۆر بە ڕاشکاوانە سروودی ئاشتی و تەبایی لە بن گوێچکەکانت دەچڕپێنن و پێت دەڵێن: (ئەی ئادەمیزاد ! ئەی ئەو کەسەی خۆت بەزۆر گەورە دەزانی و ئێمە بە هیچ ! ئەی ئەو کەسەی خۆت بە خاوەن میشک و عەقڵ و هۆش و بیر دەزانی و ئێمەش بەبێ میشک ! بەئاسودەیی و دڵنیاییەوە هەنگاوبنێ. ئێمە نە ئەو کەسە و شتەین کە وەک تۆ بەگژ مرۆڤەکانەوە دەچین و ئازار و ئەشکەنجەیان دەدەین و زیندانییان دەکەین یان کیمیاباران و ئەنفالیان دەکەین. ئێمە مرۆڤەکان ناچەوسێنین و هەروەهانەک تەنها دار و بەردەکانیش ئازار نادەین، بەڵکۆ ئازارمان ناگاتە بێ دەستەلاتترین بوونەوەرەکانیش. ئێمە نەوەک ئەلقاعیدە بۆکۆ حەرام و تالیبان و کەسانی تر خەڵک و گەل و نەتەوەکان لەسەر بیروباوەڕ و ڕەنگ و ئایین و نەژاد و نەتەوەیان ئەنفال دەکەین و زیندە بەچاڵ و فەرهۆت دەکەین. ئێمە بە یەک چاو سەیری ئێزیدی و جوولەکە و موسڵمان و مەسیحی و زەردەشتی و بوزی و سیخ و شینتۆ و ئەوانی تر دەکەین. پێوەری ئێمە بوونە. ئەوەی کە بوونی هەیە لای ئێمە ڕێزی لێدەگیرێتن و بڕوامان وایە پێوەری سزا یان پاداشتکردن لەبڕی ئایین و نەتەوە و نەژاد تەنها لە دەسەلاتی خوای گەورە و میهرەبانن، ئێمەی دارو بەرد و شاخ و کێوەکان تەنیا خزمەت دەکەین. سنووری لای ئێمەمانان بوون و واتا و ڕامانی نییە. ئێمە لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بین بەیەک چاو تەماشەی خۆمان و دەوروبەر دەکەین.

سیمفۆنیای سروودی ئەو بوونەوەرانە بۆ هەموو جیهانیان یەک چەشن و شێوازیان هەیە، و دەربڕی یەکسانی و ئاشتەوایی و ئاسودەیی و برایەتی و پێکەوە ژیانن. ئێمە بڕوامان وایە کە هەر کەس و مرۆڤێک لەم جیهانە و بێ جیاوازی هزری و ئایینی و نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزی مافی خۆیەتی ڕێگەی ژیان و بژێو و ئایینەی خۆی هەڵبژێرێ و هیچ کەس و لایەن و دامەزراوەیەک بۆی نییە بیروباوەڕەکانی خۆی بەسەر کەس و لایەنێکی تردا بسەپێنێ. ئێمە ئەم ڕاستییە خۆمان لەسەر خۆمان جێبەجێ دەکەین و ئەمە بەیەکەم هەنگاوی ژیان دەزانین، ئەو ژیانەی کە ئێمە لەپێناوی دانراوین و ئافرێندراوین.

زوڵم و زۆرداری و ستەم لەناخ و دەروونی ئێمە دا هیچ ماناییکی نییە. نەبووە لە هیچ قۆناغێکی مێژوویدا کە بەردێک خۆی لە کەس دابێ یان کوشتبێتی بەڵکو ئەگەر داربەک یان بەردێک ئەم کارەی کردبێ ئەوەتا ڕاستەوخۆ مرۆڤ و گیانەوەرێک دەستی تیایدا هەبووە و بووەتە ئەگەر لەناوبردن و کوشتنی کەسێک یان گیانەوەرێکی هاونەژادی خۆی.

جوانترین ساتەکانی ژیانی هەر مرۆڤێک ئەو ساتانەن کە مرۆڤ لەنێو باوەشی سروشت و لەنێو شاخ و دۆڵ و دار و بەرد و باخچەکاندا و لەبەرزایی یان لەپانتایی دەشتەکان و لێواری ڕووبار و کانیا و دەریاچەکاندا و بەرهەمی ئەم کێشمە کێشە هزاران جەنگی مالوێرانکەر بووە کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی گیانەوەران و بەتایبەت مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەوی سەری هەڵداوە. سروشت هەمیشە خۆی نوێ دەکات و هەمیشە ویستوویەتی خۆی بپارێزێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەوە هەیە کە لەلایەن بوونەوەرەکانی ترى زیندوو بەتایبەت مرۆڤەکان بپارێزرێت. مرۆڤ لەو ڕووبار یان بەرزایی شاخە بااڵ بەرزەکان یان هەر شوێنێکی سروشتی بەقەد ژیانی هەزاران ساڵی نێو کۆشک و تەاڵر و دامەزراوەکانی دەستکردی مرۆڤ بەهایان هەیە.

چی بۆ سروشت بکرێت؟

هەرچەندە کە زانایانی ئیکۆلۆژی لە بڕوایەدان کە سامانە سروشتیەکانی ئێستامان بەشی زیاتر لەحەفتا ملیار مرۆڤ دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە ئاشکرایی ملمالنێ و کێبڕکێی مرۆڤەکان لەهەموو جیهان بۆ گەیشتن بە سروشت لەئارادیە و بەرهەمی ئەم کێشمە کێشە هزاران جەنگی مالوێرانکەر بووە کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی گیانەوەران و بەتایبەت مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەوی سەری هەڵداوە. سروشت هەمیشە خۆی نوێ دەکات و هەمیشە ویستوویەتی خۆی بپارێزێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەوە هەیە کە لەلایەن بوونەوەرەکانی ترى زیندوو بەتایبەت مرۆڤەکان بپارێزرێت. مرۆڤ لەو ڕوانگەیەوە زۆرداری لەگەڵ سروشتدا بەکاردەهێنێ و لەسەردەمی ئێستاماندا گەیستووتە لوتکەی خۆی، لەوانەیە لەهەر سات و ئانێک دا کەس یان کەسان و لایەنێک بەبێتە ئەگەری لەنێوچوونی هەزاران و ملیۆنان مرۆڤ، و لەکاتێکدا کە مرۆڤایەتی لەسەدەی بیست و یەکەم لەگەڵ زۆر کێشەی وەک کەمبوونەوە سەرچاوەکانی ژیان و بەتایبەت ئاو و سووتەمەنی و ئینرژی ووزە، پیسبوونی ژینگە و .. هتد، دەنالێنێ، بیروباوەڕە کۆنە پەرستەکانی خۆی هێناوەتە سەر هەموو گرفتەکانی مرۆڤایەتی و بیر لەدامەزراندنی دەولەتی یۆتۆپیایی دەکات و دەیانەوێ بە پێوەری کلاسیکی و کۆن لەگەڵ سەدەی نوێدا سەربکات، لەکاتێکدا ئێمەی مرۆڤ پێویست بوو بیر لەشتی ترو ڕێگەی تر بکەین کە کەشتی شکێنەراوی مرۆڤایەتی بەکەمترین زیان بگەینینە کەنارەکانی ئارامی سەرکەوتن. ئەوە هەمووی بۆ مرۆڤایەتی زەنگی مەترسین، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی جارێکیتر بیر هەمیشە ئازاری مرۆڤیان داوە و لەسەردەمی ئێستاماندا گەیستووتە لوتکەی خۆی، لەوانەیە لەهەر سات و ئانێک دا کەس یان کەسان و لایەنێک بەبێتە ئەگەری لەنێوچوونی هەزاران و ملیۆنان مرۆڤ، و لەکاتێکدا کە مرۆڤایەتی لەسەدەی بیست و یەکەم لەگەڵ زۆر کێشەی وەک کەمبوونەوە سەرچاوەکانی ژیان و بەتایبەت ئاو و سووتەمەنی و ئینرژی ووزە، پیسبوونی ژینگە و .. هتد، دەنالێنێ، بیروباوەڕە کۆنە پەرستەکانی خۆی هێناوەتە سەر هەموو گرفتەکانی مرۆڤایەتی و بیر لەدامەزراندنی دەولەتی یۆتۆپیایی دەکات و دەیانەوێ بە پێوەری کلاسیکی و کۆن لەگەڵ سەدەی نوێدا سەربکات، لەکاتێکدا ئێمەی مرۆڤ پێویست بوو بیر لەشتی ترو ڕێگەی تر بکەین کە کەشتی شکێنەراوی مرۆڤایەتی بەکەمترین زیان بگەینینە کەنارەکانی ئارامی سەرکەوتن. ئەوە هەمووی بۆ مرۆڤایەتی زەنگی مەترسین، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی جارێکیتر بیر لەپێوەری نوێ بکات بۆ گۆنجاندن لەگەڵ خودی خۆی لەلایەک و لەگەڵ سروشت لەلایەکی ترەوە. چونکە دوور نیە خەونەکانی مرۆڤ وەک خۆی دەرنەچن و گەیشتن بە ئەستێرەیەکی ترکە لە پاش تێکچوونی زەمین ئامێزی خۆی بۆ مرۆڤایەتی بکاتەوە، سەرنەگرێ و ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە ژیان لەسەر گۆی زەوی بەردەو نەمان دەچێ. با مرۆڤ ئەو ڕاستییەی لەبیر نەچێ سروودەکانی سروشت دەنگخۆشترین مۆسیقایەکانی ئەم گەردوونەن کە مرۆڤ لەپەنای جوانترین ساتەکانی بەسەردەبات و نابێ ئەوەشمان لەیادبچێ زۆر لە دەستکەوت و داهێنانەکانی مرۆڤ لەنێو ئەو کەش و هەوایە سروشتیە ڕووبان داوە و دەبێ مرۆڤ بۆ هەموو ئەو داهێنان و دەستکەوت و ساتە خۆشەکان خۆی بە قەرزداری سروشت بزانێ ببێتە باشترین هەڵ بۆ گەورەترین بەرهەمەکانی ژیانی.



* مامۆستایەکی زانستەکانی بیۆلۆژی و پرۆفیسۆری هەڵسەنگاندنی ژینگە/زانکۆی سەڵاحەدین

* کەسوکاری شەهیدانی جینۆسایدکراو / گەمیان.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: شرکە ازاد عمر محمد جۆری ئۆتۆمبێل: گریدر کتر بیلر مۆدێل ١٩٩٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٦٠٤٥٧ ژمارەی شاسی: X٠١٤٨٦٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنیکی هەولێر بەشی کارەبا بەناوی رابەر رحمان حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٨ ژمارەی پسوولە ٠٩٨٣١٤٩ لە بەرواری ٢٠١٧/١٠/١٥ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی فەوزیە مەلا شێخ محمود) وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات

الرقم: ٤٩٤٣

التاريخ: ٢٠١٩/٤/١١

اعلان

قدم المواطن (صلاح الدين اسماعيل رسول) دعوى فى هذه مديريه تسجيل اللقب (ميران) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه مديرية خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

عبدالرحمن عزيز شوانى

مدير شؤون الاحوال المدنية اربيل

***

محكمة المواد الشخصية في القوش

العدد/ ٢٣/مواد/٢٠١٩

التاريخ/ ٢٠١٩/٤/١١

اعلان

الى المدعى عليه (زياد جرائيل نوح) السكن قضاء تلكيف قرية باطنايا سابقا حاليا مجهول محل الاقامة

قررت هذه المحكمة تعيين يوم ٢٠١٩/٤/١٨ الساعة التاسعة صباحا موعدا للمرافعة في دعوى التفريق المرقمة ٢٣/مواد/٢٠١٩ والمقامة من قبل المدعية (نغم نجيب مروكي) ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين وفي حالة عدم حضورك في الموعد المحدد اعلاه سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا وفق الاصول والقانون

القاضي/ حسام الدين احمد علي

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/٩٣٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١١

ئاگاداری

ئەم بەڕێوبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٩٣٤) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (موليدەی جۆری EMSA ٨٢KV) قەرزار (ئالان علی زوراب) بەبری (١٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (محمود فتح) کە برەکەی (٢٩,٣٨٧,٧٥٠) دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٥٣٤

ڕێکەوت/٢٠١٩/٤/١١

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٥٩/٣٤٥٨ کە کەوتوەتە ك ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار نقیب مصطفی احمد و شبیب مصطفی احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی سفین حاجی حمد بەبڕی/ ٤٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر – نوێ ژ ١٥٩/٣٤٥٨ ك ٤٥ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ سوپەر مارکێتی ژێنۆ لە دوو نهۆم و ژێر زەمین بڵاخانەیەك.

٥ – ڕووبەرەکەی/١٢٤٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٤٢٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ٢٣٥٠/ش/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (شیرو حسن صالح)

داواکاری خێزانت (دلخوش یاسین اسعد)

داوای ژمارە (٢٣٥٠/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە داوای قەرەبووی تەلاقی دەرەکی دەکات کە بڕیتی لە بژێوی پێنج سال کە کۆی دەکات ١٢٠٠٠٠٠٠ دینار سەرەتا داواکە چرکردبووەوە بە بری ١٦٠٠٠٠ سەدو شیست هەزار دینار وە لەدانیشتنتی ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٣ داوای بڕە پارەکەی تری کرد بەداواکەی تێهەڵکێش وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەگوێرەی ئاشکرا دەرەکی گەرەکی ٩٢ زانکۆ بۆیە پالپشت بەبرگەی ١ لە مادەی ٢١ دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوون خۆت یان بریکارێکی یاسایت لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٣ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٧٦٦/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (وای فای اف للبناء و الهندسة اللبنانية) سەرەڕای کارەکەی

داواکار (ژیان عبدالله جنید و کۆڵ نامق احمد) داوای ژمارە (٧٦٦/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووەو تیایدا داوا دەکات بەدانی بری ٣٦٠,٠٠٠$ سێ سەدو شەست هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك کرێیی سااڵنەی مولکی ژمارە ٢٨٤/١٧٦٨ کەرتی ٥ عنکاوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و ڕویال تاوەر و گوندی ایطالی یەك) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٣٠ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە: ٣٤٦٢/ب/٢٠١٨/٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سیده منا سید صلاح الدین)

ئامازە بەداواى بەرایی ژمارە (٣٤٦٢/ب٢٠١٨/٥) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (حامد محمد باقر) ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٨ بەپاشملە بڕیاریدا بەپابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٣٠٠٠) سی هەزار دۆلار امریکی بەرامبەر بە (٣٦٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دیناری عیراقی وە دانی بری ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار وەکو ماندووبونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە نێوە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوە و تان هەیە لەبڕیاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای دا ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

پەیانگای تەکنیکی شەقلاوە

بەشی کاروباری کارگێری

هۆبەی خۆیەتی

ژمارە: ١٢٣٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١

بۆ/ بەڕێز (تانیا رامز حسێن) بەناونیشانی (ی.ب.هونەری)

هۆشیارکردنەوە

دوابەدوای فەرمانی کارگێریان ژمارە (١١٢٢) لە ٢٠١٩/٣/٢٤ وە لەبەر بەردەوامی پچراندنت لەکارەکەی خۆت بەبێ هۆ بۆیە هۆشیارت دەکەینەوە دەست بەکاربیت بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بیت وە (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت لە ڕۆژی دەرچوونی نووسراومان بەپێچەوانەوە بەدەست لەکارکێشانەوە واتە (فصل من الوظيفة) دادەنرێت بەپێی برگەی ٣٧ لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) لە ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو.

د. عبدالهادی عمر قۆجە

راگری پەیانگە

***

دادگای باری عەنکاوە

ژمارە: ٤٩ / ش / ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ هشام محمد حسین شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (وسن عدنان هاشم) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردبوو بە ژمارە (٧٤ / ش / ٢٠١٧) تێدا داوای جیابوونەوە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری حی علماء بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١

ژمارە: ٥٧٦/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧

ئاگانامە

داواکار/ ڕێزان ڕووف ملا محمد

داوالەسەرکراو/ جبار محمود سلیم

ناونیشان: شوێنی نادیارە

داواکار (ڕێزان ڕووف ملا محمد) داوایەکی بەژمارە (٥٧٦/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری بڕیاریدا بە (تفریق/ جیابوونەوە)

ئەوەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە ئەگەر لە ماوەی یاسایدا هەڵنەستیت بەتانەلێدانی پیاچوونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ د. سردار علی عزیز

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٤

ژمارە: ٢٥٨٥/ب/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٤/١١

ئاگاداری

داواکار/ شوان فراس صابر

داوالەسەرکراو/ قیان احمد کریم

داواکار لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٢٥٨٥/ب/٢٠١٨) بەمەبەستی (هەڵوەشاندنەوە و لابردنی ئەو هاوبەشییە لەسەر مولکی ژمارە (١٧/١٦٣) کەرتی ٨ ابلاخ) وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی واژو مۆری موختاری گەرەکی (جانب ستی) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بەئاگادارکردنەوەتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی نێوخۆیی جیاوازەوە بە مەبەستی ئامادەبونتان بەخۆتان یاخود لە ڕێگەی بریکارێکی یاسایی بۆ ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٧ کاتژمێر ٩:٢٠ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبیت دادگا بەنائامادەیی بڕیار دەردەکات بەرامبەرت.

دادوەر/ سۆران ابراهیم عارف

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٢

ژمارە: ١٩٥٠/ب/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٤/١١

ئاگاداری

داواکار/ ب/ کۆمپانیای صدف طلایی/ سەرەڕای کارەکەی

بۆ داوالەسەرکراوان/ شڤان علی حسین و کۆسار طه خلیل

بەناوی (ب/ کۆمپانیا صدف طلایی/ سەرەڕای کارەکەی) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بەژمارە (١٩٥٠/ب/٢٠١٨) تایبەت بە (قەرز) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لەدوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٥/١٣) سەعات ٩:٤٠ یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.

دادوەر/ کمال رضا احمد

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤

ژمارە: ٣٥٥٥/ش/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٦

ئاگانامە

داواکار/ ژیلوان شورش محمد ناونیشان: سلیمانی- ڕاپەرین

داوالەسەرکراو/ خوشی سوران حسن ناونیشان: سلیمانی- ڕاپەرین- گەرەکی زانکۆ

داواکار (ژیلوان شورش محمد) داوایەکی بەژمارە ٣٥٥٥/ش/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٢٧) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بەتانەلێدانت پیاچوونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ سۆران عمر مەحوی

***

بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٨/٢١٣٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١١

ئاگاداری

بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٨/٢١٣٥) فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی و بیناسازی قەرزار (براء احمد زێدان) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (ناصر عبدالله طه) کە بڕی (١٥٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی کەلوپەلەکان بەبری (١٣,٣٧٨,٠٠٠) ملیۆن دینار قرساوە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

***

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە بەڕێوبەرایەتی تۆمارکرنا خانووبەرە ل زاخو

ئاگاداری

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێتی سەرلەنوی

پشت بە چەسپابوونی خاوەندارێتی تەواوی خانووبەرە ژمارە ١/١١٩١ کەرتێ ١٤ عباسیة بەناوی داواکار تۆمارکردن محمود عباس محمود بەپێی بڕیار چەسپاندنی خاوەندارێتی لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٨ کە لەم فەرمانگەیە دەڕچوویە لەبەر ئەوە ئێمە ئەم بڕیارە دەدەینە ئاگادارکردن ئنجا هەرکەسێ پەیوەندییەك بەم خانووبەرە یە هەبیت داوای خوی پێشکێشی دادگای پەیوەندیدار بکات لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بەلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یەوە دوای تەواوبوونی ماوەیە بەپێی و دیاربوونی هیچ ئاگادارییەك لە دادگا بەپێشکێشکردنی داواینك لەو ماوەی دیارکراو ئەم فەرمانگەیە دەست بە تومارکردنی دەکات بەپێی فەرمانی چەسپاندی خاوەندارێتی.

القاضی/ احمد حسن خلف

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندن

خاوەندارێتی لەزاخو

***

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو

ژمێریاری/بوودجە

ژمارە/١٥٧٦/٣٠١/٢/٢

ڕێکەفت/٢٠١٩/٤/٧

ئاگەهداری

لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرنیك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (جهێ شویشتنا ترومبێلا) پشکەك ژ پارچە زەڤیا ژمارە (٣٠٧٨/٢) کەرتێ ٨٨ بیدار ب ڕووبەرێ (٢٠٠٠)م٢ بو ماوێ (٣) سالا نەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرنیڤ زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) ڕۆژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕوژنامە فەرمی دا و سەرنیڤ زێدەکرن دێ دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرنیڤ زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەردەرکت.

ئەندازیار/ بشار منیب محمود

سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە/ ١/جنح/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١

ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکری (هشیار محسن) یێ نەنیاس جهێ ئاکنجیبونا تویێ هاتیە دادگەهکرن بێ ئامادەبوون ب بەندکرنا سڤك بو ماوێ ساڵەکێ (سنة واحدة) لدیف بەندێ ١/٤٥٦/أوب) یاسا سزایی و ژبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تۆ بێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بریکا دوو ڕوژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەڕازیبونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایێدا بۆ دەمێ (٣) سێ مەها و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهئینان دەرهەقێ تەدا.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ٢٠٨/ج/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٤/٨

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتباریَ ڕەڤی/ نزار محمد احمد عبدالجبار

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٠٨/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نفیسینگەها سرهلدان ب هژمار ١٠٤/٢٠١٧ ل سەر مادەد (٤٥٢ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٦/٢٧ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە:٦٣٥/ج/٢٠١٩/٢

ڕێکەفتی:٢٠١٩/٤/٤

بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (١- شڤان انور عیسی ٢- بارزان انور عیسی)

ئاگەهدارکرن

هین د بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٦٣٥/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن داسنیا ل سەر مادەێ (٦٣٥) یاسا سزای ژبەر نەیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا هەوە بریار هاتە دان هین بهێیە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا ئامادەبن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٥/١٥ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویف یاسایێ.

دادوەرێ تێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:١٤٠٨/ش/٢٠١٩/١

ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٤

جاردان

بۆ داوالێکراو (ڕێژنە کریم حمدامین) دانیشتووی هەولێر گەرەکی صلاح الدین ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئامازە بە داواى ژمارە (١٤٠٨/ش/٢٠١٩/١) کە تایبەتە بە داواکار (هەژار جادر مصطفی) وە داوالێکراو (ڕێژنە کریم حمدامین) کە جۆری داوا بریتیە لە (تفریق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/گەرەکی صلاح الدین دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٩ کە خۆت ئامادەبیت یان جێگرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٥/م/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٤/٨

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (کشی ڕشیو شیبو) جهێ ئاکینجی بوونی نەیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب پەسندکرنا تەلاقا دەرکی(تصديق الطلاق الخارجی) ناڤبەرا تەو داواکار (فارس قاسم مراد)ئەوا ڕودای دناڤبەرا تە وێدا ل ٢٠١٩/١/١٤ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ ناحیا باتیلی دیرەبون ئەف بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ

ژمارە / ٥٩/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکەراوان (١- عەار عبید ناصر ٢- حامد عبید ناصر ٣- محمد عبید ناصر) شوێنی دانیشتنا هەوە نەدیارە

ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕوژی ٢٠١٩/٣/٦ لە داوای ژمارە ٥٩/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا هەوە بو داواکاری (صباح میخائیل بنیامین) ب دانا پارەی ب کوژمێ (١٨٠٠٠٠) سەد وهەشتنی هزار دولار امریکی دبیتە (٢١٥٦٤٠٠٠٠)دووسەد وپانزە ملیون وشەش سەد وچل هزار دینار پارێ وێ ژ ئالوگوریا بازرگانی دگەل هەوە ومانديونێت پارێزەری دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکا مالطا سەری ل دهوك ل ڕوژا ٢٠١٩/٣/٣١ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخوێ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتیهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبرووبر دەکریت بەپێی یاسا

دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ١٥/ت/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبیلی ژمارە (١٥٨٨١٢/ هەولێر تایبەت) جۆری (تۆیۆتا پرادۆ) مۆدێل (٢٠١٠) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (توانا لازم شیخو) لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٤ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادە بێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت. وە ئۆتۆمبیلەکە خەملێنراوە بە نرخی (٢٢,٠٠٠,٠٠٠) بیست و دوو ملیۆن دیناری عێر اقی.

دادوەر/ دیار محمد علی

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە: ٣٧٩٩/٤/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١١

ئاگاداری کەمکردنەوەی نهێنی تەندەر

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر ئاگاداری ئەو هەموو بەلێندەر و کۆمپانیانە دەکاتەوە کە ئەو مەرجانەی لەم ئاگادارکردنەوەیان هەیە بۆ شدارکردن لە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ ئەنجام دانی پرۆژەی (چاککردنەوەی یاریگا و تراکی گۆڕەپان و مەیدانی کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان) جا هەر بەلێندەرێك و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی بکەن لە سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ کرینی ئەم تەندەرە بەرامبەر بە بری پارەی ٥٥٠٠٠ پەنجاو پێنج هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆی دواکات بۆ پێشکەش کردنی تەندەرەکان لەکاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٦ و پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری دارایی و کارگێری دەبێت.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:-

١- کۆمپانیا پۆلین کرابێت/ لەپلەی (٩) نۆ کەمتر نەبێت.

٢- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عیراقی بە شێوەی (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی چوار مانگ (بەمەرجێك لەبانکی حکومی دەرچووبێت)

٣- پشتگیری باجی دەرامەتی نوێکراوە بۆ ئەمساڵ.

٤- زانکۆ پەیوەست نیە بە پەسندکردنی کەمترین نرخی تەندەر.

٥- کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەلێندەرەی کارەکەی بۆ دەردەچێت.

پ.د.احمد انور دزەیی
سەرۆکی زانکۆ

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢١/خ/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١١
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٦٢٥٢/١) کەرتی ٤١ کری بانی) یا قەرزدار (هرمان رمضان حسن) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠)سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ تەحصیلی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١١٠٧/١) کەرتێ ٤١ کری بانی - تاخی هەلات)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
ڕووبەر :- (١٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتی ودوو مەلیون دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٣/١٥٨٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٣
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٧٣٦/٢) کەرتێ (٧٩/بروشکی الجنوبیە) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومارکریە بناڤێ قەردار (زکیة عبدالقادر طاهر) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (کومپانیا شیرین) بکوژمێ (٨٨٠٠٠٠٠٠) هەشتێ وهەشت ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٥٦٠٠٠٠٠٠)سەد وپێنجی وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامانا عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٤٠٦٥/١) کەرتێ(٦٠/شاخکێ) جور پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ چار نهومان یا ئەردی پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نقستنێ ولێنانگەه وپێکهاتێن ساخلەمیێ ویا ئێکی پێك دهێت ژ دوو شوقەیان هەر ئێك ژوان پێك دهێت ژ دوو ژورێن نقستنێ وهول وپێکهاتێن ساخلەمیێ ونهوما دووێ هەر وەکی ئا ئێکێ یە ونهوما سیێ پێك دهێت ژ دوو شوقەیان ئا ئێکێ پێك دهێت

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٧/١٣٣٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٠
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٤٠٦٥/١) کەرتێ (٦٠/شاخکی) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (سولاف خورشید صدیق) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (سعود رسول رسول) بکوژمێ (٨٦٥٠٠٠٠٠) هەشتێ وشەش ملیون وپێنج سەدهزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٢٤٦٠٠٠٠٠٠)دوو سەد وچل وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامانا عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٤٠٦٥/١) کەرتێ(٦٠/شاخکێ) جور پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ چار نهومان یا ئەردی پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نقستنێ ولێنانگەه وپێکهاتێن ساخلەمیێ ویا ئێکی پێك دهێت ژ دوو شوقەیان هەر ئێك ژوان پێك دهێت ژ دوو ژورێن نقستنێ وهول وپێکهاتێن ساخلەمیێ ونهوما دووێ هەر وەکی ئا ئێکێ یە ونهوما سیێ پێك دهێت ژ دوو شوقەیان ئا ئێکێ پێك دهێت

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٧٦/خ/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١١
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (یامە محمد حمید) دەلکێ ژمارە (١١٠٧/١) کەرتێ ٤١ کری بانی) دا بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی سۆران تێبینەرایەتی خانووبەرەی ڕواندز
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تاییەت بە مولکی ژمارە (١١٥٣) کەرتی (قەڵای ڕواندز) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/٣١ وە دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوەو بە پێ ی دەسەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو پێ ی داوم بریارم دا خاوەندارییەتی تەواوی مولکی دیاری کراو بە ناوی هاوڵاتی (نوشاد رزاق حمدامین) بچەسپێ و ئەم بریارەش بە پێ ی ماددە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارایەتی
داودەری بەرایی/ سرهد سلیمان أحمد

***

سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی / ٢
ژمارە : ٥٥٠٤ / ش / ٢٠١٨
بەروار : ١٩/ ٣/ ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : ژیر ڕوؤف رشید
داوالەسەرکراو : کەژان کاروان عزیز
(ژیر ڕوؤف رشید) داوایەکی بە ژمارە (٥٥٠٤ / ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داوای پەسەندی طلاق دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى (٢٠١٩/٥/١٤) سەعات (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی بە پێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکاری نەئیرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر / د. طه عمر رشید

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٢٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا (تاك)
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ادریس سێودی صدیق سورچی) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل و کەل و پەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل و بەکرێدانی ئۆتۆمبێل/ تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٧١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٣٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (PRINCE OIL) بۆ (گواستنەوەی بەرووبوومە نەوتیەکان و چاککردنەوەی و خزمەتگوزاریەکانی نەوت و هەلکەندنی بیرە نەوتیەکان و دابینکردنی گشت ئامێر و کەلوپەلی نەوت و گەران و دۆزینەوە نەوت/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٧١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٣٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (میللەت) بۆ (بازرگانی گشتی و کشتوکاڵ و هێنان و بردن و دابین کردنی کەلوپەلی خۆراك/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٦١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Blue Art) بۆ بازرگانی گشتی/ سنووردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ابراهیم محمود حاجی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٢١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (الواح) بۆ بازرگانی گشتی/ سنووردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین عبدالله قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٢٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا (تاك)
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ادریس سێودی صدیق سورچی) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل و کەل و پەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل و بەکرێدانی ئۆتۆمبێل/ تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Blue Art) بۆ بازرگانی گشتی/ سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ ابراهیم محمود حاجی
ناونیشان/ هەولێر- ناز ستی
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٨١٢٤٨

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الواح) بۆ بازرگانی گشتی/ سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر- شەقامی شۆرش)
پاکتاوکار/ یاسین عبدالله قادر
ناونیشان/ هەولێر- شەقامی شۆرش
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٧٥٩٥٢

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1834:
دوای مۆرکردنی میساقی پادشایەتی ، پەرلەمانی ئسپانیا (کورتیس) دامەزرا .



سالی 1849:
مەجەر لە نەمسا جیا بووەوە و سەربەخۆیی خۆی راگەیاند .



سالی 1931:
لە ئسپانیا سیستمی پادشایەتی داڕما و لەدایکبوونی کۆماری دووەم راگەیەنرا .



سالی 1986:
وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بەرامبەر بە تەقینەوەکی بەرلین ، فڕۆکەکانی ئەمەریکا لیبیایان بۆردومان کرد.



سالی 2015:
باراک ئۆباما‌ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا رایگەیاند کە کارکردن لەسەر دووڕخستنەوەی ناوی کوبا لە لیستی تیرۆر دەستی پێکردووە .



سالی 2018:
لە بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن هێزەکانی سووریا ، فڕۆکەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا چەندین پێگەی سەربازیی سوپای ئەسەدیان بۆردومان کرد .

سودان...
کە پڕبوو....!!

غازی حەسەن

عومەر بەشیر و مانەوەی لە دەسەڵاتەکەی یەکێک بوو لە کێشەکانی نێو سودان، سەرۆکی پێشووی سودان بەشیر دەیزانی زوو بێت، یان درەنگ دەبێت دەسەڵات بەجێ بهێڵێت. لەلایەک دادگای نێودەوڵەتی داوای لێچینەوەی بە تۆمەتی تاوانەکانی دارفۆر لێ دەکەن، لەلایەکی دیکەشدا خەڵکی سودان لە بەهاری عەرەبی و ئەمجارەش لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی بەشی دووەمی درامای بەهارەکەدا داوای گۆڕین و لابردنی دەسەڵاتیان کرد، هەنووکە داوای پێکهێنانی حکوومەتێکی مەدەنی دەکەن، کە چەندین ساڵە سودان لەژێر فەرمان و سیستەمی سەربازی و حکوومەتی نائاسایی بەڕێوەدەبرێت.





خۆپیشاندەران بەمە ڕازی نین، ترسیان لە کودەتا و دەسەڵاتی کاتی دوو ساڵەی سوپا و دامەزراوەی سەر بەسوپا هەیە

عومەر بەشیر دواین دەسەڵاتی ئیخوانەکانی کلاسیکیە لە ئەفریقا و نەیتوانی لەپێناو پاراستنی حوکمڕانی ئیسلامی سیاسی، دەستپێشخەری بکات و بە وازهێنان لە دەسەڵات، حوکمڕانی ئیسلامی سیاسی درێژە پێ بدات، بەپێچەوانەوە پێش ئەم ڕوودانە سەردانی سوریا و سعودیە و قەتەری کرد. سەردانێک، کە بەهیچ شێوەیەک هاوەنگی و هاوسەنگی لە کۆکردنەی پاڵپشتی بۆ مانەوەی خودی بەشیری لە دەسەڵات دروست نەدەکرد. نابێت لەبیری بکەین دوای ئەزمونی ئیخوان لە میسر و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی سعودیە و قەتەر و تورکیا، پاشاکانی سعودیە کار بۆ ڕووخانی ئیخوانەکان لە دەسەڵات دەکەن. بەشیریش لەم سەردانەیدا لەجیاتی بەدیهێنانی پاڵپشتی، بەپێچەوانەوە زەمینەی لاوازبوونی خۆی بەهێزتر کرد، بەتایبەتی ئەو کاتەی لە دۆحە داوای هاوکاری ڕزگاربوونی دژی خەڵکی ناڕازی کرد.

سەمیر عەتائوللا لە ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت دەڵێت "وەکو هەموو دیکتاتۆرەکانی دیکە، سەلماندنی گەلی سودان ناناسێت، تەنیا خودی خۆی دەناسێت، هیچ شتێکیش نابینێت تەنیا خودی خۆی نەبێت". لەکاتێکدا سودان لە ڕووی ئابووری و بێکاری و پەیوەندی ئاڵۆز لەگەڵ دراوسێکانی و داتەپینی دراوی نیشتیمانی و پەرەسەندنی گەندەڵی و پەیڕەوکردنی دانانی ئەوانەی نزیک و سەربەخۆیان بوون لە دەسەڵات و بڕیارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کێشە نێوخۆییەکان بەرەو حکوومەتێکی نائاسایی کاتیان بۆ دوو ساڵ ڕاگەیاند. کاتی خۆی بەشیر بە کودەتای سەربازی دەسەڵاتی گرتە دەست، لە جەزائیر بۆتەفلیقە دوای خۆ چیرکردنەوەی لەسەر کورسی دەسەڵات و لەسەر کورسی پەککەوتەیدا بەناچاری لەژێر گوشاری خەڵک وازی لە دەسەڵات هێنا. ئەمە خولێکی نوێی شۆڕشی عەرەبییە، بەڵام عەرەبی ڕوویدا. بەهاری عەرەبیش نمونەی تونس و میسر و لیبیا لەلایەک و لیبیا یەمەن و سوریای لەلایەکی دیکە لێکەوتەوە.

دوای چەندین ساڵ لە بەهاری عەرەبی ئەمجارە لە جەزائیر و سودان وەکو بەشێک لە ئەفریقیا گوشاری جەماوەری توانی ڕەوشی ئەم دوو وڵاتە بەرەو قۆناغێکی دیکە ببات. خەڵک نایانەوێت سیستەمی دارمان دەچوو.سوپا لە کودەتایەکی کتوپردا عومەر بەشیر و گۆپاڵە ئەفسوناویەکەیان لە ماڵەکەی دەستبەسەر کرد و بەبەشداری سوپا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و ئەو شێوازە دووبارە نەبێتەوە، کە لە سەرەتای بەهاری تاکڕەوی دیکتاتۆری درێژەی هەبێت. خەڵک لەگەڵ حکوومەتی مەدەنی و دیموکراسی و هەڵبژاردن و بەشداری ئازادانەی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەرانی خەڵکە لە دەسەڵاتدا. لە سودان هەرچەندە سوپا بەیاننامەی لابردنی بەشیری بڵاوکردەوە و داوای لە خەڵک کرد ئارامی و هێمنی بپارێزن، بەڵام خۆپیشاندەران بەمە ڕازی نین، ترسیان لە کودەتا و دەسەڵاتی کاتی دوو ساڵەی سوپا و دامەزراوەی سەر بەسوپا هەیە، داوای حکوومەتی مەدەنی و دیموکراسی و هەڵبژاردن دەکەن.ئەمەریکا و هەندێک لە هاوپەیمانەکانی پێیان وایە دەبێت لایەنگیری خواستەکانی خەڵک لە حوکمڕانی مەدەنی بکرێت و ڕووسیا و تورکیاش پێیان وایە هێشتا ڕووداوەکان و داواکارییەکانی خەڵک ڕوون نین، بۆیە نابێت پەلە لە بڕیاری گرنگی نێودەوڵەتی دەربارەی سودان بدرێت. سعودیە و هەندێکی دیکەش بێ پاڵپشتی ئاشکرا لەگەڵ بڕیاری سوپان. واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەمبارەوە جۆرێک لەدابەشبوونی پێوە دیارە وەکو چۆن لەنێو خودی سودانیشدا دابەشبوونێکی زەق دەربارەی هۆکار و ئەنجامی ڕووداوەکان لەئارایە.گرنگ سودان دوای چەندین خۆپیشاندان توانی کۆتایی بەدەسەڵاتی ئیسلامی و ئیخوانی عومەر بەشیر بهێنێت. کودەتایەکی سەربازی ئەنجام دراوە، دوور نییە وڵاتە زلهێزەکان ئەزموونی میسر و سوریا و یەمەن و لیبیا لە سودان تاقی نەکەنەوە، هەرچەندە هەر یەکێک لەم وڵاتانە دەیەوێت بەرژەوەندییەکانیان لەنێو سودان و دواڕۆژی ئەم وڵاتە بپارێزن. من پێم وایە سودان لەنێوان کودەتای سەربازی و حکوومەتی مەدەنی بەرەو هاوبەشی و هاوسەنگی دەبردرێت، ناهێلدرێت ئاژاوە و گێژەلوکەی سیاسی پەرە بستێنێت. قسەکانی ئەم دواییەی سوپاش جۆرێک لەنەرمی نواندن و ڕەچاوکردنی خواستی خۆپیشاندەرانی تێدایە، کە دەڵێن "ئێمە چاومان لەدەسەڵات نییە و حکوومەتی ئایندە مەدەنی دەبێت". بەشیریش دەکەوێتە بەر گەردەلولی دواڕۆژێکی ئاڵۆز لەنێوان دەسەڵاتی نوێی سودان و داواکارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و دادگا، ئەمەش بەشیر چارەنووسی بەشیر ئاڵۆزتر دەکات، یان دەبێت مردنێکی تراژیدی هەڵبژێرێت، یان خۆی ڕادەستی دادگای نێودەوڵەتی بکات و لەوێدا لەمردنێکی دڕێژخایەندا بژیت.

نیوەی لاوانی ڕووسیا
دەخوازن کۆچ بکەن



بە گوێرەی ڕاپرسیەک کە لەلایەن پەیمانگای گالۆپەوە ئەنجام دراوە ، 44%ی ئەو ڕووسانەی تەمەنیان لەنێوان 15تا 29ساڵ دایە ، بەهۆی نالەباریی دۆخی ئابووری وڵاتەکەیان دەخوازن وڵات بەجێ بێڵن و بەرەو وڵاتانی تر کۆچ بکەن .

بە گوێرەی لێکدانەوەی پەیمانگای ناوبراو ، ئەمە دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئایندەی باری ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی ڕووسیا . گالوپ ئاماژە بەوەش دەکات کە ژمارەی دانیشتوانی ڕووسیا بۆ یەکەم جار لە ماوەی 10ساڵی ڕابردوودا دابەزیوە و گەیشتۆتە 146.8 ملیۆن کەس .

هەر بەگوێرەی ئەم ڕاپرسیە ، 22%ی ئەو ڕووسانەی تەمەنیان لە نێوان 30تا 45 ساڵ دایە دەخوازن بە یەکجاری وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن و لە دەرەوە بژین ، زۆربەشیان ئەڵمانیا و ئەمەریکایان بە باشتر لە قەڵەم دا بۆ ژیان .

www.xebat.net
یەک شەمە2019/4/14 ژمارە (5729)



زمانی ژمارە ..

هیند ... گەورەترین پرۆسەی هەڵبژاردن لە جیهاندا

تا: هەندرێن شێرزاد

رۆژی پێنجشەمەی رابردوو (11ی نیسان) ، بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی گشتی وڵات، خەڵکی هیند رووبان کردە بنکەکانی دەنگدان . بەو پێیەی ئەم پرۆسەیە لە وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێ کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 1.3 ملیار کەسە و لە 7قۆناغ.پێکدێ و نزیکەی 900 ملیۆن دەنگدەریش بەشداری تێدا دەکەن ، بۆیە لەسەر ئاستی جیهاندا بە گەورەترین پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنرێ .

پەرلەمانی هیند

-پەرلەمانی ئەم وڵاتە لە دوو ئەنجومەن پێکدێ ، یەکەمیان لوک سبھا (ئەنجومەنی نوێنەران) و ئەوەی تر راجیا سبھا (ئەنجومەنی پیران) .
-ئەنجومەنی نوێنەران لە 545ئەندام پێکدێت ، دەنگدەران 543ئەندام هەڵدەبژێرن و سەرۆکی هیند دوو ئەندامەکەی تر دادەمەزرێنێ کە سەر بە رەوەندی ئەنگلۆ ژ هیندین .
بۆ پێکهێنانی حکومەت ، هەر پارت و ئیئتیلافێک لانی کەم پێویستی بە 272 کورسی هەیە .
یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە سالی 1951 ئەنجام دراوە و ماوەکەی 5 ساڵە .
ئەمە 17ەمین جارە دەنگدەران ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەژێرن.
ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی کەرتەکان 250ئەندامی ئەنجومەنی پیران هەڵدەبژێرن ، پێشتریش حکومەت چەند کورسیەک بۆ ژمارەیەک لەو کەسایەتیانە تەرخان دەکات کە رۆڵی بەرچاو لە کاروباری وڵات دەگێڕن .
-لە هیند 29ویلایەت هەن ، هەریەکێکیان حکومەتێکی خۆجێیی هەیە و هەر 5ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێت ، جگە لە جامۆ و کشمیر کە ماوەکەی 6ساڵە ، هەروەها 7کەرتی ئیتیحادی دیکەش هەن کە کاروباریان راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بەڕێوە دەبرێ .

هەڵبژاردنەکانی 2019

-لە تەمەنی 18ساڵیدا تاکی هیندی دەبێتە خاوەنی مافی دەنگدان .
لەم پرۆسەیەدا نزیکەی 900 ملیۆن دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەیە ، 15ملیۆن کەس تەمەنیان لە نێوان 19 بۆ 19ساڵ دایە .
دەنگدان لە رێگەی ئامێری ئەلیکترۆنیەوە ئەنجام دەدرێ .
هیند بەکارهێنانی کارتی دەنگدانی قەدەغە کردووە و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنیش رەخنە لەم سیستەمە ئەلیکترۆنیە دەگرن و پێیان وایە ساختەکاری تێدا دەکرێ.
دەنگدەران لە نزیکەی ملیۆنێک بنکەوە دەنگ دەدەن و لە سەرجەم بنکەکانیشدا زیاتر لە 11 ملیۆن کارمەند هەیە .
تەنیا لە بازنەی نیزام ئابادی سەر بە ویلایەتی تیلانجانا زیاتر لە 185بەربژێر هەن و خەرجیەکانی ئەم شارە بە تەنیا 350ملیۆن روپیەیە (نزیکەی 5ملیۆن دۆلار) .
2.293پارتی سیاسی لەلایەن لیژنەی هەڵبژاردنەکانەوە تۆمار کراون.
لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014دا ، زیاتر لە سێ چارەگی دەنگدەران دەنگیان دا بە 8.251کاندید و 464پارتی سیاسی .
بەربژێر و پارتەکان زیاتر لە 5 ملیار دۆلاریان خەرج کرد .
لە رووی خەرجییەوە ،دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ، هەڵبژاردنەکانی هیند بە پلەی دووەم دێن لەسەر ئاستی جیهاندا .

قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

پرۆسەی هەڵبژاردن لە هیند بە 7قۆناغ ئەنجام دەدرێ کە ئەمانەی خوارەوەن :
-قۆناغی یەکەم : 11ی نیسان ، لە 91بازنە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ .
-قۆناغی دووەم : 18ی نیسان ، 97بازنە دەگرێتەوە .
-قۆناغی سێیەم : 23ی نیسان ، 115بازنە دەگرێتەوە .
-قۆناغی چوارەم : 29ی ئەپریل ، 71بازنە دەگرێتەوە .
-قۆناغی پێنجەم : 6ی ئایار ، 51بازنە دەگرێتەوە .
-قۆناغی شەشەم : 12ی ئایار ، 59بازنە دەگرێتەوە .
-قۆناغی حەوتەم : 19ی ئایار ، 59بازنە دەگرێتەوە .

گەیشتن بە بنکەکانی دەنگدان

-دەنگدەرانی هیند لە پێناوی گەیشتن بە بنکەکانی دەنگدان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هەمەو شێوازە سەرەتایی و هاوچەرخەکانی هاتوچۆ و گواستنەوە ، لەوانە : فیل و حوشتر و بەلەم و پاسکیل و ماتۆرسکیل و فرۆکە و شەمەندەفەر و هی تر .
ئەو کارمەندانەش کە ئەرکی ئەنجامدانی پرۆسەکەیان پێ سپێردراوە و ژمارەیان 11 ملیۆن کەس دەبێ ، تێکەڵەیەکن لە هێزی مەدەنی و نیمچە سەربازی و چاودێر و وێنەگر و کارمەندی حکومی و مامۆستا و یەرپرسە فەرمیەکانی سەر بە لیژنەی هەڵبژاردن .

کۆنترین دەنگدەر

-لیژنەی هەڵبژاردن لە رێگەی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەرانەوە رایگەیاند کە توانراوە کۆنترین دەنگدەری هیندی ئاشکرا بکرێ . ئەو ناوی شیام ساران نیگیە و لە ساڵی 1951ەوە بەشداری سەرجەم پرۆسەکانی دەنگدانی کردووە و تەمەنی 102ساڵە، چاوەڕێش دەکرێ ئەم جارە لە ویلایەتی هیماشال برادیش دەنگ بداتەوە .

پارتە سیاسیە سەرەکیەکان

-بەهاراتیا جاناتای راستڕەوی هیندۆسی دەسەڵاتدار یەکێکە لە گەورەترین پارتە پێشبڕکێکارەکانی نێو پرۆسەکە و نارێندرا مودی سەرۆکوەزیرانی ئێستای هیند خۆی بۆ ویلایەتی دووەم ئامادە دەکات .
کۆرسی وەدەست هێنا و حکومەتێکی ئیئتیلافی لەگەڵ چەند هاوپەیمانێک پێکهێنا کە خاوەنی 45کورسی بوون .
کۆنگرەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی راهول فاندی یەکێکە لە گەورەترین پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و ساڵی 2014لە دەسەڵات دوور خرایەوە .
بە مەبەستی شکستهێنان بە پارتی دەسەڵاتدار ، ژمارەیەک پارتی هەرێمی هەوڵی پێکهێنانی گەورەترین کوتلەیان دا ، بەڵام پلانەکە سەری نەگرت .

پەیمانی پارتە سیاسیەکان

-پارتی بەهاراتیا جاناتای دەسەڵاتدار پەیمانی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک پەیمانی داوە کە پەیوەندیان بە نەتەوەی هیندۆسییەوە هەیە ، بۆ نموونە، پەیمانی لادانی مادەیەکی دەستووری داوە کە تایبەت بووە بە بەخشینی ئیمتیازی تایبەت بە گەلی جامۆ و کشمیر .
-پارتی کۆنگرەی نیشتمانیش زیاتر جەختی لەسەر بواری کشتوکاڵ و بێکاری و زامنکردنی تێپەڕاندنی یاسای پاراستنی ئافرەت و پەردان بە پرۆسەی پەروەردە کردۆتەوە .
پارتی کۆنگرە ژ کە کۆنترین پارتی سیاسی هیندە ژ پشت بە پلانی کەمترین ڕێژەی داهات دەبەستێ کە 72هەزار ڕوپیە (34هەزار دۆلار) دەگرێتەوە لە ساڵێکدا بۆ هەر خێزانێکی هەژار .

پێشبینی

-ئەگەرچی دەرفەتی سەرکەوتنی هەردووک پارتی سەرەکی لەیەک نزیکە ، بەڵام ڕاپرسیەکان باس لەوە دەکەن کە هیچ یەکێک لە دوو پارتە سەرەکیەکە زۆرینەی دەنگ وەدەست ناهێنێ ، بە جۆرێک بتوانێ بە پشتبەستن بە زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان حکومەت پێک بێنێ ، بۆیە ئەوان هەوڵی نزیککردنەوەی پارتە ئیقلیمی و بچووکەکان دەدەن .





مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی کۆریای باکور تا 2020مۆڵەتی بە سەرۆکی ئەمەریکا بەخشی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
دوای هەژمارکردنی 97%ی دەنگەکانی هەڵبژاردنی ئیسرائیل ،پارتی لیکۆدی دەسەڵاتدار کورسیەکی دیکەی لە کنیست بۆ زیاد کرا و بوو بە خاوەنی 35کورسی .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
یەکێتی ئەورووپا بڕیاری دا کە بەریتانیەکان دەتوانن بە بێ بەرامبەر سەردانی وڵاتانی euبکەن ، داواشی لە حکومەتی بەریتانیا کرد هەمان هەنگاو بنێ .



ئەی ئێف پی:
وەزیری بەرگری ئەڵمانیا بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی چارەنووسی شەرکەرانی داعش گەیشتە ئەمەریکا .



بی بی سی:
پۆلیسی بەریتانیا جولیان ئاسانجی دامەزرێنەری مالپەڕی ویکیلیکسی دەستگیر کرد.




کەنالی ئار تی :
ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی لە کاندیدانی پۆستی سەرۆکایەتی لە ئۆکرانیا کرد .

یادکردنەوەی هونەرمەندی شێوەکاری ریالیزمی سەرەتایی ئەسکەندەر عوسمان



پارێزەر د. عەبدوللا رەواندزی

ئەسکەندەر عوسمان هونەرمەندی نیگارکێشی ریالیزمی سەرەتایی،لە ساڵی 1938لە گەڕەکی سەعدوناوە لەهەولێر لە دایکبووە و لە 1994/8/8بە نەخۆشی شێرپەنجە گیانی پاکی سپارد هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵیەوە بلیمەت و توانا و ئەزمونی ئەسکەندەر عوسمان لە قوتابخانەی (اربیل الاولی) وەک قوتابییەکی بەهرەمەند لە ناو قوتابیان دەردەکەوێت و لەبنچینە سەرەکیەکانی وێنەکێشان تێدەگات و مامۆستایان لەو قوتابخانەیەدا درکیان بە بەهرەکەی کردو هانیان دەدا بۆ ئەوەی پەرە بە وێنەکێشان بدات .



ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئەو هونەرمەندە مەزنە پەیوەندیەکی دۆستانەی باش لەگەڵ وێنەکێشانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بکات لە نێوانیاندا مامۆستا منیر قەساب و دانیاڵ قەساب و محەمەد عارف و زۆری تر. وە لە سەردەمی ئەودا ئەو مامۆستایانەی کە دەرسیان بەو هونەرمەندە گووتوە لە قوتابخانەی ناوەندی (یادیان بەخێر بێت) مامۆستا جەواد رەسوڵ ناجی و فوئاد رەسوڵ ناجی و عزەدین فەیزی وە لە برادەرە هەرە نزیکەکانیشی هونەرمەندی نیگارکێشی میللی یونس خەتات بووە. هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان دوای ئەوەی لە ساڵی 1961خانەی مامۆستایان تەواو دەکات لە گوندی سیساوە لە ناحیەی هەریر وەک مامۆستای وێنە دادەمەزرێت دواتر دەگوازرێتەوە قوتابخانەی هەولێری سەرەتایی و بە دڕێژایی تەمەنی بە بەردەوامی بە کەرەستەی جۆراو جۆرو تێکەڵکردنی ڕەنگەکان بایەخ بە وێنەکێشان دەداو لە بواری پەروەردەی هونەرو چالاکیەکانیشی لەو بوارەدا بێ وچان و تا سەر ئێستاش کۆچی دوایی کرد خزمەتی هونەری شێوەکاری زۆری کردو زۆر لە قوتابیانی فێری وێنەکێشان کردو لە سەر دەستی ئەو بوونەتە مامۆستای پەروەردەی هونەر. شاعیری ناسراو، ئیسماعیل بەرزنجی لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری هەولێر لە ساڵی 2008باسی لە چالاکیەکانی ئەو هونەرمەندە مەزنە کردووە کە لە ساڵی 1965کە قوتابی ئەو بووە دەڵێ : هونەرمەند وەک مامۆستای وێنە لەو سەردەمەدا لە ناو قوتابخانە دیواری ناوەوەی قوتابخانەی بە نەخشەو وێنەی قەشەنگ بە ڕەنگ دەڕازاندەوەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ناو مامۆستایان و قوتابیان بەم کارە هونەریانەی قوتابیانی سەرسام کردبوو وە لە کاتی لاوی ئەودا لە سەرەتای پەنجاکانیش هونەرمەند سلێمان شاکر باسیان لێوە کردووە دەڵێ : هونەرمەند لە هەڕەتی لاویدا تازە گۆڵی بەهرەی هونەری دەپشکوت وە بە بۆ چوونی ئەو سەردەرای ئەوەی هونەری وێنەکێشان لە کوردستان ئەو کات لاواز بوو بە تەواوەتی لە دەستی کۆپیکردن رزگاری نەببوو بەڵام هونەرمەند زۆر بە حەماسەت و گەرم و گوڕ ئەسپی خۆی لە ناو ئەو بازنەیەدا تاو دا ڕوویکردە داهێنان بەمجۆرە توانی بە سەلیقەیەکی زۆرەوە ڕەنگەکان لە تابلۆیەکانیدا بکاتە فەزایەک بۆ خوڵقاندنی لێکدانەوەی تازە بەلای بینەرەوە . گومان لەوەدا نیە کاری هونەری شێوەکاری شانەبەکی پڕ لە هەنگوین نییە تاکو هەموو کەسێک بە ئاسانی بیگاتێ تاکو لە ماوەی کارکردنیدا چێژی لێوەرگرێ بەڵکو هەوڵدانێکی بێ وچان و بەردەوامی دەوێ لەو بوارەدا بۆ ئەوەی قەناعەتەوە ستایلێک بۆ خۆی بدۆزیتەوەو خۆی پێ نوێ بکاتەوەو لە ناو هونەرمەندانیش بناسرێ. ئەو هونەرمەندە مەزنە وەک شاعیرێکی ڕۆمانسی ، سروشت دەگرێتە باوەش و سروشتی لێوەردەگرێ یان وەک کەسێکی عاشق شەیدای سیستەمی ریالیزمی دەبێت و جۆرە عیرفانێک لە نێو خۆی و سروشتدا دەخوڵقێنێ و تێکەڵ بە سروشت دەکات و لە ناویا دەتوێتەوە بە جۆرێک واقیعەکە لەگەڵ خەیاڵی فەنتازیا تێکەڵ بەیەکتر دەبن.لێرە دەمەوێ ئاماژە بە شاکارەکانی ئەو هونەرمەندە بدەم لەوانە دێمەنی سروشت و کێڵ و ژیانی گوند و ڕەوەند و تەشی فرۆش و دێمەنەکانی قەڵاو مناره، توانیویەتی بە هەستێکی ناسک ڕەنگەکان ڕوو بکات و تێکەڵ بە یەکتر بکات و گوزارشت لە هەست و سۆز و خۆشەویستی کوردستان بکات وە لە نێو تابلۆکانیدا جۆرە هارمۆنیەت و تەباییەکی تەوتۆ بخوڵقێنێ و بە سەلیقەو ە هەوڵیداوە بەهای ڕەنگ لە دەست نەدات زۆر هێمنانەو لەسەرخۆ مامەڵە لەگەڵ سێبەرو ڕوناکی بکات و سەرنجی بینەر بۆ خۆی ڕابکێشێ و بە شەفافیەت و ڕوونی ڕەنگەکانیش جۆرە گەشبینیەک لە سروشت و کولتوری جل و بەرگی کچە شۆخی نەرم و شڵی کوردستانیش بەرجەستە بکات . ئەگەر بە وردی تەماشای تابلۆیەکانی ئەو هونەرمەندە بکەین زۆر سەرنجڕاکێشن هەر وێنەیەک بە شێوەیەک دەدوێ و هەست دەکەین ڕەنگە گەرمەکان بوونەتە گیاندارێکی زیندوو لە نێو کەشو هەوای ڕەنگە سارەکان جوانییەکی سیحراویان بەخشیوەتە پێکهاتەو ناوەڕۆکی بابەتەکان ، بەڕای من هونەرمەند تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی ئەو تابلۆیانەی کە وێنەی کێشاون و نیشانیداون لە کیمیای ڕەنگەکان قۆڵ بۆتەوە و کارامەیی خۆی دەرخستووە.بەداخەوە لە بەر نەبوونی شوێنی تایبەت بۆ هەڵگرتن وپاراستنی کارەکانی زیاتر لەپەنجا تەختیت و تابلۆی لەمانی خۆیدا لایە .

بۆ ئەوەی ژیان و مردن یەکسان نەبن چی بکەین



گوهدار ئاکرێی

هەریەک لەئێمەی مرۆڤ وێنەی بیرکردنەوەو باوەڕەکانی لەرەفتاروو بریارەکانیدا دەردەکەوێ بەتایبەتی کاتێک بۆچوون و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ لەهەمبەر کێشە ئالۆزەکان دەئاڵێن بەیەکدا هێزوو هەستی وەرگرتنی دەگۆڕێت نەتوانێت بیرکردنەوەی دروست و نادروست لەیەک جیابکاتەوە توانا و هەستەکانی بەتەواوی دەکەونە ژێر کاریگەری کێشە ئالۆزەکان وەک گەردەلولەیەک بەسەر مێشکی هەڵبکا عەقل و دەرونی وێران بکا هەرچی هەست و تام وچێژی سروشت وژیانی لەلا نەمێنێ دەرنجام بگاتە ئەو ئاست وباوەرە کێشەکانی ڕێگای چارەسەری تری بۆنیە ژیان تەواو ، بەمەش مردن وژیان لەلای یەکسان بن هەرکاتێک مرۆڤ بیرکردنەوەو بۆچوونی بگاتە ئەورادەیە ژیان ومردن یەکسان بن، بێگومان لایەنی مردن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زهنی مرۆڤەکە دەنێتەوە بەمەش هەست وسۆزە کانی کاراەبن هەرچی بیرکردنەوەو ژیریکەی لەدەستی دەدا. ڕەنگە پەنا بۆشێوەیەک لەشێوەکانی خۆکوشتن بەکردار ڕەفتار بکاو وجودی بیرکرنەوەو باوەڕەکانی بەدەردەکەوێی. پرسیار لێرەدا یە ?بۆئەوەی بیرکردنەوەو تێڕوانینمان نەگەنە ئەو ڕادەیەی ژیان و مردن یەکسان بن تاوەکوو بیرە ناتەندروستەکان کاریگەری خۆی لەسەر عەقڵ دەرووڵان نەنێتەوە توشی پەستانی ڕووحی نەبین. مرۆڤ دەبێ دروست کەربێ لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریدا مرۆڤێکی بێ گیان نەبێ بە فشاری چەند کێشەیەک زوو بتوێتەوە لەناوبچێ، زۆرگرنگە وێنەی ژیانێک کە سەرسامە پێیوە لەناخیدا گەورەی بکا بە بەردەوام تەرکیزی بخاتە سەر فاکتەرێکی بەهێزە بۆئەوەی قالبێک لەژیاندا وەرگرێت لەپێناویدا ئیرادەیەکی بەهێزی پێبدات تاوەکوو لەئایندەیدا ڕووبدات، لەهەمانکاتدا پەیوەندی وپشتگیری کەسانی بە ئەزموون فاکتەری بەهێزن بۆئەوەی توانا و هەستی بەئاسانی نەکەونە ژێر کاریگەری کێشەی ئالۆزەکان، لەهەموویان گرنگتر و پێویست تر ئەندازەی ژیری و تێگەیشتنی مرۆڤە لەهەمبەر ئەو کێشە ئالۆزانەی دەئاڵێن بەیەکدا چۆن چۆنی لەهەمبەریانەوە دەوەستێتەوە تائەوکاتەی ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێ سەرچاوەی کێشەکان بدۆزێتەوە چونکە زۆر جار زۆر لەئێمە لەکاتی کێشە ئالۆزەکان هەستمان بۆچارەسەری کێشە کە ناچێ وادەزانین تەنیا بەیەک ڕێگا چارەسەری دەکرێت بەلام زۆر لەکێشەکان یەک ڕێگا چارەسەری بۆنیە ، ئەمەش بەومانایە دێ مرۆڤ بەڕپرسی یەکەمی دەرنجامی ڕووداوەکانی خۆیەتی ،چوونکە ژیانێکی سەلامەت و پارێزراو دروستکراو زۆر ئەستەمە هیچ تاکێک لەئێمەی مرۆڤ بەئاسانی پێی بگا دەبێ مرۆڤ دروستکەربێ

خەونا ئەلهۆی لە کۆڕێکی بەدەل ڕەقۆدا

تئیسین: میخائیل چیدا ڕۆژنامەی کلاینی سایتزێک یا نەمساوی

بەدەل ڕەقۆ، کەساتیا بەرنیاس یا شتایامارک یا نەمساوی بۆ ڕۆژا 6/4/2019کەف ڕۆژنامەی نەمساوی بۆ هەر جارەکێ (کەساتیەکا نەمساوی یا بەرنیاس) بەلاقە دکەت، ڤێ جارێ ژی کورێ دهۆکێ بەدەل ڕەقۆ، هەلبژارتیە) خەونا ئەلهۆی هەلبەستڤان و وەرگێر و گەرۆکڤان بەدەل ڕەقۆ (58) سال، نیڤا ژیێ خوە بۆراند وەکو بالیۆزەکێ کورد بۆ باژارێ گراتس و نەمسا ل ڕۆژهەلاتێ !!هەر ژدەمێ کو بەدەل ڕەقۆ ل مووسل قوتابی بوو، خەون ب گەشتکرنا خیڤەتێ ڤە ددیتن و دەمێ کو ئەف خەونە هاتیە بجهێنان ل سالا 2008دەمێ بۆ جارا ئێکی گەشت بریە باژارێ شڤشاون یا مەغربی و هەر ژ وی دەمی، سالانە ب خیڤەتا خوە گەشت دکەتە ڤی باژاری بۆ چەندین حەفتیان دمینیت ل ڤی باژارێ دکەڤیتە باکۆرێ مەغربێ؟ گەلەک بەحس ژێ دکەت و دبێژیت کو خەلکێ باژاری گەلەک حەزژێ دکەن و ئەوی پەیوەندییێن چاک ل گەل هەمیان هەنە، خوە هندەک کەسان ژ وان ژێ داخوازکربوون و گۆتبوونێ کو تو بۆچی خوە کاندید ناکەی بۆ هەلبژارتنان ل باژاری. دیسا ژی پەیوەندی ل گەل هونەرمەندان و پارێزگارێ باژاری گرێدابوون و باژارێ بلندترین خەلات بۆ ڤی هەلبەستڤانی پێشکێش کربوو، ئەو ژی شەرەفا هەڤوەلاتیبوونێ بوو و گەشتێن وی بۆ شڤشاون دێ مینیت و ناهێتە ژبیرکرن. بەدەل ڕەقۆ زانستێ زمانان ل بەغدا خواندیە و کارکریە وەکو ڕۆژنامەنڤیس ل سالا 1991 هەلبەستڤان وەلاتێ خوە دهێلیت دا کو ل باژارێ گراتس جهنشین ببیت و ودسا سالۆخە دکەت، کو ئەف باژارە وەکو خۆشتڤیا وی یە و دلێ وی یە و ڤی باژاری ئازادی و ئارامی و جھ پێشکێشی وی کریە و نەها ژی نیڤ ژیێ وی بۆریە ل ڤی باژاری و فەرە ل سەر کو دەیێ وێ ل سەر خوە راکەت چەندی ئەوی شیان هەبن. وێژەڤان بەدەل ڕەقۆ بالیۆزێ کوردی یە ل باژارێ گراتش و هەرێما شتایامارک و نەمسا، خۆشیەکا مەزنە کو نەمساێ ب ڕۆژهەلاتێ ڤە گرێبەدت، ئەوی 18پرتووک هەنە و هەلبەستێن وی بۆ چەندین زمانان هەنە وەکو فرەنسی و ئیتالی و ڕۆسی ل سالا 2008 ویکیپیدیا یەکا هەلبەستڤانێن نەمسا وەرگێرایە کو 73 هەلبەستڤان ژ نێر و مێیان بخوەڤە دگریت، ژوان ژی ئەنگیبۆرک باخمان و ئاریک فرید و بیتەر تۆرینی هەتا سۆنیا هارتیر بۆ زمانێ عەرەبی. پشکداری د چەندین فیستەڤالێن جیهانی دا کریە، نەمسا هەردەم د چانتکا وی دا یا بەرهەڤ بوو و ب هێز، ب ڕێیا کارێن وی د گەشتێن وی دا بۆ ئمونە ل عیراقێ و ب تایبەت ل شواتا بۆری و سمینارێن وی ل وەلاتێ دایک کو پشتی وەغەرا دایکا وی هەست ب هاڤیبوونێ دکەت ل وەلاتێ خوە کو بەری سالەکێ دایکا وی (خودێ ژێ رازی) وەغەرا دوومایێ کربوو. هەردەم دبێژیت کوک وردان دابونەریتێن خوە و زمانێ خوە یێ تایبەت ب خوڤە هەیە. بۆ زانین ژیانا بەدەل ڕەقۆی ل سالا 2013 هاتیە تۆمارکرن 2013ل پرتووکا نەمساوی یا ڕۆمانتڤیسا نەمساوی ئەنگیبۆرک ئورتنەر ل دۆر ژیانا وی. بەدەل دبێژیت کو گەشتێن وی و ژیانا وی وەکو وی نێچیرڤانی یە یێ نەزانیت کا ڕێیا وی کیڤەیە و دێ چ نێچیر کەت و ب ڤی ڕەنگی ئەز دژیم!! ل دۆر کەسایەتیا هەرێما شتایامارک بەدەل ڕەقۆ ژدایکبوون ئێکی ئوگستس ل کوردستانا عیراقێ زانستێ زمانان ل زانکۆیا بەغدا خواندیە سالا 1991پەنابوویە نەمساێ ل باژارێ گراتس دژیت نڤیسەر و ڕۆژنامەنڤیسە.



ب خامەیێ ـ میخائیل تشیدا ، وەرگێران / شێرزاد شێخەسنی


کاتیا کەعدی

بەرگری لە سامانی مێردەکەی دەکات



هونەرمەندی ناودار کاتیا کەعدی دوای ئەو ڕۆڵە سەرکەوتوانەی لە دراماکاندا گێڕای، ئەمجارەشیان بە گوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری زەهرەتولخەلیج سەرقاڵی بینینی ڕۆڵێکی کاریگەرترە لە زنجیرە دراماى ((باشووری)) کە بریارە لە کەنالی لوبنانی ال بی سی پەخش بکرێ، سەرجەم گرتەی ئەو زنجیرە درامایە لە باشوری لوبنان و بەیروتی پایتەخت دەبێت. لەو زنجیرەیەدا کاتیا ڕۆڵی خێزانی پیاوێکی سەرمایەدار دەبینێ ومندالێکیشی هەیە، دوای ئەوەی مێردەکەی دووچاری کارەسات دەبیت و گیان لە دەست دەدات کەسو کاری شووەکەی هەوڵ دەدەن سەرمایەی کورەکەی وەرگرنەوە، بەلام دایکەکە بەهەموو شێوەیەک ڕووبەرووبان دەبێتەوە، لەم پێناوەشدا قوربانی زۆر دەدات. ڕۆڵەکەی کاتیا زیاتر دوژمن کارانەیە، بۆیە ناوبراو داوای لە بینەرانی کرد کەوا لەسەر بنەمای ڕۆڵەکەی هەڵیسەنگێنن، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە هەڵیسەنگێنن کە ئەو لە پێناو مافی منداڵەکەی ئەو ڕۆڵە دەبینێ.

کتێبی 100 ناوداری کەرکووک و گەرمیان کەوتە بەر دیدی خوێنەران



خەبات : سەربەست برزۆ " فاتمە قاسم حەبیب

100ناوداری کەرکوک و گەرمیان پەرتوکێکی قەبەی نزیک 500لاپەڕیە ، سیرەت و ژیاننامە و بەسەرهاتی 100کەسایەتی ناوداری کەرکوک و گەرمیانە کە لەژیاندا نەماون دەگرێتە خۆ . کتێبەکە خزمەتێکی گەورە بەکتێبخانەی کوردی دەکات ، خاوەنی ئەم کتێبە نوسەر و ڕۆژنامەنووس عومەر عەلی شەریفە .

پێشبڕکێی ئەسپسواری لە هەولێری پایتەخت سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو







ڕاپۆرت : سەرهەنگ نەجمەدین

پێرێ 12/4/2019لە شاری هەولێری پایتەخت لەیانەی نێو دەوڵەتی ئەسپسواری هەولێر پاڵەوانیەتی ئەسپسواری بۆ کۆمەڵێک یاریزانی ناوخۆیی و عەربی و بیانی ئەنجام درا.

لەپاڵەوانیەتیەکە ژمارەیەکی زۆر بەشداریان تێدا کردبوو کەماوەی یەک رۆژی خایاند، سەبارەت بەوەڕگرتنی زانیاری لەبارەی ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیەکە بەڕێوەبەری یانەی ئەسپسواری نێودەوڵەتی هەولێر بەڕێز خالید راشد بۆ خەبات ڕایگەیاند: ئەم پاڵەوانێتییە لەسێ گێم پێکهاتووە، بێگومان گێمی یەکەم بۆ بەشداربووانانی ناوخۆیی یە کە لەشەش ئەسپسواری پێکهاتووە، گێمی دووەم بۆ یاریزانە عەربەکانە کە لە 8ئەسپسواری پێکدێت، هەروەها گێمی سێیەم لەیاریزانە بیانیەکان پێکدێت کەتیایدا نۆ ئەسپسواری لەپێشبڕکێیەکەدا لەخۆی دەگرێت، ئەو ڕکابەرییە لەسەر ئەوەیە کەکام ئەسپ لەپێشبڕکێیەکەدا خێراتر رادەکات و پێش هەموان دەکەوێت، ئەو پاڵەوانیەتیەیش هەموو هەفتەیە واتە لەڕۆژانی هەینی بۆ بەشداربووانان ساز دەدەین.

هەر لەبارەی بەرنامەو پلانی داهاتوویان بەڕێوەبەری یانەی ئەسپسواری نێو دەوڵەتی هەولێر بەڕێز خالید راشد بۆ ئەم مەبەستە گوتی: لەکۆتایی ئەم مانگە واتە بەروارى 26/4پاڵەوانیەتی جامی نەورۆزی سالانە بۆ یاری ئەسپسواری ئەنجام دەدەین و تیایدا گرانبەهاترین خەلات لەپاڵەوانیەتیەکەدا بەپاڵەوانی پێشبڕکێیەکە پێشکەش دەکرێت، بێگومان پاڵەوانیەتی جامی نەورۆزی سالانە جیاواز دەبێت بەبارود لەگەڵ پاڵەوانیەتیەکانی دیکە، چونکە لەم پاڵەوانیەتیەدا ڕێژەیەکی زۆر لەسەر ئاستەکانی ناوخۆ و دەرەوە ولات بەشداری تێدا دەکەن، بۆیە گرینگیەکی تەواو بەپاڵەوانیەتیەکە دەدەین بەهەوڵ وکۆششی هەموولایەکیش کار بۆ پێشخستنی پاڵەوانیەتیەکە دەکەین.

لەبارەی گرینگیدان و پێشخستنی یاری ئەسپسواری لەکوردستان بەگشتی ولەهەولێری پایتەخت بەتایبەتی بەڕێز خالید راشد بۆ ئەم مەبەستەیش قسەی خۆی هەبوو ئەو بەوشێوەیە گوتی: بێگومان من لەم یانەیە وەک بەڕێوەبەری گشتی کار دەکەم، بۆ زانیاریتان ئەم یانەیە لەدوو بەش پێکهاتووە واتە لەنێو یانەکە دوو پرۆژەی جیاوازمان هەیە ، پرۆژەی یەکەم بۆ پێشبڕکێی وکردنەوەی پاڵەوانیەتی یە ، پرۆژەی دووەمیش فێرگەی یاری ئەسپسواری یە ، واتە لەیەک کاتدا دوو پرۆژە لەم یانەیە جێبەجێ دەکرێت ، یەکێک بۆ بەڕێوەچوونی پاڵەوانیەتی و ئەوەی دیکەیش بۆ فێرکردن و کردنەوەی خولی فێربوون بۆ ئەوانەی کە هیچ شارەزاییان لەپێشبڕکیی و بەکارهێنانی ئەسپسواری نییە.

دواجار ئەو بەڕێوەبەرە لەبارەی ژمارەی یانەکانی ئەسپسواری لەعێراق وکوردستاندا ناوبراو بۆ ئەم پرسەش گوتی: بێگومان یانە لەعێراقدا زۆرن ، بەڵام یانەی بەغدا لەباشترین و نایابترین یانە لەشاری بەغدا هەژمار دەکرێت، هەروەها لەکوردستاندا چوار یانەمان هەیە بەناو یانەکانی ئەسپسواری هەولێر ، کەتین ،سلێمان ، ناوەندی مەم بۆ ئەسپسواری، ئەو چوار یانەیە بەفەرمی یاری و پێشبڕکێی ئەسپسواری ئەنجام دەدەن.

هەر لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەدا سکرتێری یەکێتی ئەسپسواری کوردستان جەمال جامباز لەبارەی کردنەوەی پاڵەوانی ئەسپسواری جامی نەورۆزی سالانە بۆ خەبات گوتی: بەڵێ، بەنیازین لە 26/4پاڵەوانێتییەکی گەورە و بەشێوەی کراوە بۆ بەشداربووانانی یاریزانانی ناوەوەو دەرەوەی ولات ساز بدەین، مەبەست لەکردنەوەی پاڵەوانیەتیەکە گرینگیدانە بەپێشبڕکێی ئەسپسواری لەکوردستان، هیوادارین ڕێژەی بەشداربووانان زۆر بێت تا پێشبڕکێیەکە خۆشتر وگەرمتر و ڕکابەرتر بێت.

یاریزانی ئەسپسواری یانەی هەولێر عەلی عەدای کەپلەی یەکەمی لەپێشبڕکێیەکە دەستەبەر کردبوو ناوبراو بۆ ئەم ئەنجامە بەرزە بۆ خەبات ڕایگەیاند: خۆشخاڵبووم لەم پاڵەوانیەتیەدا بەبەشداری چەندین یاریزانی ئاست بەرزی یانەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراق پلەی یەکەمم بەدەستهێنا ، ئەو سەرکەوتنە و ئەو ئەنجامە منی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی ئامادەکاری تەواو بکەم بۆ پاڵەوانیەتی ئەسپسواری جامی نەورۆزی سالانە کەوابڕیارە لە26/4لەهەولێری پایتەخت ئەنجام بدرێت، ئەو سەرکەوتنەی ئەمڕۆ بەدەستم هێناوە پێشکەشی سەرجەم ئەندامانی یانەکەو و هاندەرانی خۆشەویست دەکەم کەلەهەمو پێشبڕکێیەکان ئامادە دەبن.

ئەنجامی پێشبڕکێیەکە بەمشێوەیە بوو:

گێمی یەکەم: بۆ ئەسپسواری ناوخۆیی بۆ ماوەی 1200مەتر عەلی عەدای 44 خاڵ لەکێشی 55؟5پلەی یەکەم

عەلی محەمەد 40خاڵ لەکێشی 58؟5 پلەی دووەم، شاهۆ جودە 46خاڵ لەکێشی 60پلەی سێیەم.

گێمی دووەم، بۆ ئەسپسواری عەربی بۆ ماوەی 1200مەتر یاریزان عەمار عەبدولعال لەیانەی کەتین 46خاڵ لەکێشی 62پلەی یەکەم ، یاریزان عەلی فەتاح 42خاڵ لەکێشی 61پلەی دووەم، شاهۆ جودە 28خاڵ لەکێشی 57؟5 پلەی سێیەم

خالید راشد: لە 26/4گەورەترین پاڵەوانێتی جامی نەورۆزی سالانە بۆ پێشبڕکێی ئەسپسواری لەهەولێر ڕێکدەخەین

تیروپشکی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا راکێشرا

هەینی رابردوو، لە ولاتی میسڕ، تیروپشکی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا راکێشرا، کە ئەمساڵ لە ولاتی میسڕ بەڕێوەدەچێت. هەڵبژاردە بەشداربووەکان، کە ژمارەیان 24هەڵبژاردەیە، بەسەر 6کۆمەڵە دابەشکراون، کۆمەڵەکانیش تا رادەیەک هاوسەنگن و هیچ کۆمەڵەیەکی ئاگرینی تێدا نییە. یەکەم و دووەمی هەر شەش کۆمەڵەکان ڕاستەوخۆ بۆ قۆناغی 16سەردەکەون، لەگەڵ 4باشترین سێیەمی هەموو کۆمەڵەکان. کۆمەڵەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوەن.

کۆمەڵەی یەکەم: میسڕ- کۆماری کۆنگۆ- ئۆگەندا- زیمبابوێ.

کۆمەڵەی دووەم: نایجیریا- غینیا- مەدغشقەر- بڕوندی.

کۆمەڵەی سێیەم: سەنیگال- جەزائیر- کینیا- تنزانیا.

کۆمەڵەی چوارەم: مەغریب- کۆتدیڤوار- باشووری ئەفریقیا- نامیبیا.

کۆمەڵەی پێنجەم: تونس- مالی- مۆریتانیا-ئەنگۆلا.

کۆمەڵەی شەشەم: کامیرۆن- غانا- بنین- غینیا بیساو.

ئەمەو وا بڕیارە وەشانی 23ئەم پاڵەوانەتییە، لە ڕێکەوتی 21 حوزەیران تاکو 19تەموزی داهاتوو یاریبەکانی لە ولاتی میسڕ بەڕێوەبچێت. شیاوی باسکردنە، ئەوە یەکەمجارە یاریبەکانی ئەم پاڵەوانەتییە لە وەرزی هاوین بەڕێوە بچێت، چونکە جاران لەسەرەتای ساڵ و لەمانگی کانونی دووەم بە ڕێوە دەچوو.

ڕەمزی میرکانی

بەرشلۆنە

چاودێری جێگرەوەی سواریز دەکات

ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی ئاشکرای کرد کە یانەی بەرشلۆنە دۆزەرەوەی ڕەوانەی یاریبەکەی نێوان بەنفیکا و فرانکفۆرت کردووە بۆ لەنزیکەوە بینینی یاریزانێکی لاوی بەنفیکای پورتوگالی.



بەرشلۆنە بیر لەوە دەکاتەوە کو شوێنگرەوەیەک بۆ سواریز بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەیەوی جواو فلیکسی تەمەن 19ساڵان، کە لەدوا یارییاندا توانی هاتریک تۆمار بکات،، جیی باسە چەندین یانە چاویان بڕیوەتە ئەو یاریزانە لاوە لەوانە یانەکانی : مانچستەر یونایتد و لیڤەرپوول، ریال مەدرید، بروسیا دۆرتمۆن، پاریس سان جێرمان.



as:

بنزیما جێگرەوەی هەیە

هاوار مورتکەیی

ڕۆژنامەی asلە ژمارەی دوێنێیدا ئاشکرای دەکات کە ریال مەدرید بەنیازە پەیوەندی بەهێرشبەرێکەوە بکات بۆ شوێنگرتنەوەی کەریم بنزیما ، کە ناونیشانی بەرگی ڕۆژنامەکەش بەمشێوەیە بلاوکراوەتەوە ، بنزیما جێگرەوەی هەیە.

ئەو ناونیشانانەی ڕۆژنامەی asکە ڕۆژی 13ی نیسانی 2019بلاوکراوەتەوە بەمشێوەیە :

زێدان داوا دەکات ریزی هێرشبەر دەوڵەمەند بکات

ئیکاردی کێشەی گرێبەستی نییە چونکە چاوەڕوانی ریال دەکات

ریال مەدرید 40ملیۆن یورۆی دا لەپێناو ڕۆدریگۆ گۆمێز لە سانتۆس

سیمیۆنی 4 یاریزانی لاو بەشداری یاریبەکەی سیلتا فیگۆ دەکات

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
SUN, 14. Apr. 2019 No: (5729)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پێشمەرگەیەک 95 بوتڵ خوێنی بەخشیوە

عەدنان عەبدولڕەحمان: ئامادەم پارچەیەک لە جەستەی خۆم ببەخشم

ئاشتی گەرمیانی – هەولێر

عەدنان عەبدولڕەحمان عەول پێشمەرگەیەکی خانەنیشینی ی زیرەڤانی یە ، لە ناوچەی شوان سەر بە شاری کەرکووک لە دایک بووە ، ٢٠ ساڵە خوێن دەبەخشێت کە جۆری خوێنەکەی +B ، تاوەکو ئێستا پتر لە ٩٥ بوتڵی بەخشیوە بەو کەسانەی کە پێویستیان بە خوێن هەیە ، لە سەردانێکی بەرێز عەدنان عەبدولڕەحمان بۆ ڕۆژنامەی خەبات چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد :

عەدنان عەبدولڕەحمان کێیە ؟

من خەڵکی شاری کەرکووکم و لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری هەولێر ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە و خاوەن ٩ سەر خێزانم ، منداڵێکم لە منداڵییەوە بە نەخۆشی شیرپەنجە کۆچی دوایی کردوە ، بۆیە من هەستی ئەوەم هەیە کە خزمەتی خەڵک بکەم .

هەستت چی یە کە خوێن دەبەخشیت ؟

کەخوێن دەبەخشم هەست بە ئارامی لەش و گیانم دەکەم ، و هەست بە ئاسودەیی دەکەم کاتێک خوێنی خۆم دەبەخشم بۆ خزمەتی خەڵک ،جگە لەوەش من خۆم خەڵک کۆ دەکەمەوە بۆ سەنتەری کۆمەڵەی خوێن بەخشانی کوردستان .



جگە لەخوێن ئامادەیت ئەندامی جەستەی خۆت ببەخشیت؟ .

من ئامادەم پارچەیەک لە جەستەی خۆم ببەخشم بەوکەسانەی کە پێویستیان بە من هەیە ، بەتایبەتی گورچیلەی خۆم .

چەند ڕۆژ جارێک خوێن دەبەخشێت ؟

هەر سێ مانگ جارێک خوێن دەبەخشم .

دوا ووتەت چی یە بۆ خەڵکی کوردستان؟

داواکارم هەرکەس پێویستی بەخوێن بوو لەڕێگای ئەم ژمارەیەوە ٠٧٥١٢٣٥٨٤٥٥ وە پەیوەندیم پێوە بکەن من دەتوانم خەڵکی تریش پەیدا بکەم بۆ خوێن بەخشین ، پێشم وایە کەئەمە کارێکی پڕ لە مرۆڤایەتییە و خزمەتی میللەتەکەم دەکەم و وویژدانم ئارامە لەم کارە پیرۆزە.

هونەرمەندێکی خانەقین بەردەکانی شار ڕەنگاوڕەنگ دەکات



سەربەست برزۆ:

زەینەب ئەرکەوازی هونەرمەندێکی دیاری شاری خانەقینە ، دەستی کردوە بەڕەنگاوڕەنگ کردنی بەردەکانی خانەقین و نیازیشی هەیە پەرە بەکارەکەی بدات ،وەک خۆی دەڵێت : ماوەیەکە دەستم کردوە بەکاری هونەری و وێنەکێشان لەسەر بەردەکان بەڕەنگی جیاواز و ئالای پیرۆزی کوردستان ، لە پیشانگایەکدا نمایشم کرد و ئەو بەردانەی بەئالای کوردستان ڕەنگاوڕەنگم کرد بو پێشکەشی برایانی پێشمەرگەم کرد ،کە لەپیشانگاکەدا بەشدار بون . ئەم کارە بەزەیتی دەیکەم لەسەر بەرد و دواتر بە غەڕە و پەنتەلایت بۆیەی دەکەم.

کتێبخانە جوانەکەی ئەرجەنتین



El Ateneo Grand Splendid کە تەلارێکی ئۆپێرایە و کراوەتە کتێبخانە لە (بوێنس ئایریس)ی پایتەختی ئەرجەنتین بە هۆی خۆگری و پتەوی تەلارەکە بووەتە جێی سەرنجی سەردانیکەران.

شایەنی باسە تەلارەکە لەلایەن تەلارسازان پێرۆ و تۆرپێس ئارمەنگۆل-ەوە نەخشەی بۆ کێشراوە و نەخشی میچەکەی لە لایەن (نازارەنۆ ئۆرلاندی)ەوە کراوە و پایەکانیشی لە لایەن ترۆیانتۆ ترۆیانی-ەوە ئامادە کراوە ە. لە ئایاری ١٩١٩ وەک تەلاری ئۆپێرا کرایەوە کە جێگای هەزار و پەنجا کەسی تیادا دەبێتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٠یشدا کرا بە کتێبخانە.

بەهۆی تویتکردن بە ئایفۆن هواوی دوو لە کارمەندەکانی سزادا

لە دوایین ڕۆژی ساڵی ڕابردوو هەژماری کۆمپانیای هواوی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بەبۆنەی ساڵی نوێی 2019 تویتێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە، بەڵام سەیرەکە ئەوە بوو ئەو تووینە بە مۆبایلی ئایفۆن کرابوو هەر بۆیە کۆمپانیای هواوی بڕیارێکی قورسی دا سەبارەت بەو تویتە کە بە مۆبایلی ئایفۆن بڵاوکرابۆوە.لە هەفتەی ڕابردوو وێبسایتی Bloomberg ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە ڕایگەیاند کە کۆمپانیای هواوی دوو لە کارمەندەکانی خۆی غەرامەکردووە بەهۆی ئەوەی تویتیان کردووە بە مۆبایلی ئایفۆن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر کە ڕۆژێک پێش ساڵی نوێی 2019 بووە، هەروەها ناوبراو ڕایگەیاندووە هواوی ئەو دووکارمەندەی غەرامەکردووە بەبڕی 5.000 یوانی چینی کە دەکاتە ($730) و کەمکردنەوەی مووچەی مانگانەیان کە یەکێک لەو کارمەندانە سەرۆکی بەشی کارگێری مارکێتینگە.هەورەها وێبسایتی Bloomberg ئەوەشی بڵاوکردووتەوە کە هواوی هەردوو کارمەندەکەی خۆی بێبەش کرد لە بەرزکردنەوەی پلەکانیان تا کۆتایی ئەمساڵ،هەروەها هۆشداری دایە تەواوی کارمەدان لە دووبارەنەکردنەوەی ئەو جۆرە هەڵانە و پێی ڕاگەیاندن کە هەڵەی وانەکەن بۆ ئەوەی بڕیاری واتان لە دژتان نەدرێت.



لەمەراسیم و پێشانگەیەکدا جوانترین وێنەکانی نەورۆزی ئاکرێ دیاریکران



بەرهەم شێخ عزەدین

لە ژێر دروشمی (بەرەو ناساندنی شاری ئاکرێ بە پایتەختی جیهانی یادکردنەوەی نەورۆز) ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ئاکرێ بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەر پرسانی حزبی و حکومی باشترین فۆتۆ ی نەورۆزی ئاکرێ لە پێشانگەیەکدا دیارکرا.شێرزاد ڕەسوڵ جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ بە "خەبات"ی، ڕاگەیاند، بەسپۆنسەری کەنالی کوورردستان 24یەکەمین پێشانگەی نەورۆزی ئاکرێ بەبەشداری فۆتۆگرافەرانی جیهانی و کوررستانی لە هۆڵی کۆنفرانسان بۆ نەورۆزی ساڵی 2019ی ئاکرێ کرایەوە، لە پێشانگەکەدا 23تابلۆ نمایشکرا و پێشانگەکە بەردەوام دەبێت تا نەورۆزی ساڵی داهاتوو وەکو دیاری پێشکەشی ئەو کونسوڵ و میوانانەی بەشداری مەشخەڵی نەورۆزی ئاکرێ دەکەن دەکرێتە دیاری، هەر لە پێشانگەکەدا باشترین فۆتۆی یەکەم و دووەم و سێیەم دەست نیشانکران و فۆتۆگرافەرەکان خەڵات کران،گوتیشی"باشترین فۆتۆی نەورۆزی ئاکرێ فۆتۆی فۆتۆگرافەر شڤان حەداد سلێڤانەی بو، کە یەکێکە لە فوتوگرافەری لێهاتوی کوردستان و پارێزگای دهۆک، لە پێشبرکێیێ یەکەدا 17فوتوگرافەری کوردستان و جیهان بەشداری تێدا کرد بو، بەڵام سێ فوتوگرافەر وەکو باشترین فوتوگرافەر دەستنیشانکران و خەڵاتی ڕێزلێنان پێ بەخشرا"نەورۆزی ئاکرێ ماوەی زیاتر لە 200ساڵە ب شێوازی جیاواز بەڕێوەدەچێت و تێدا دەیان فوتوگرافەر و کەنالی ڕاگەیاندنی نێوخو و بیانی بەشداری دەکەن.